کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## کوژرانی ٦ نیزامیی دیکەی ئێران لە سووریە

ڕێکخراوی چاوەدێری مافەکانی مرۆڤ لە سووریە ڕایگەیاند ٦ نیزامیی ئێرانیو ٨ ئەندامی گرووپی حیزبوڵڵای لوبنان لە شاری حومس بە دەستی ئەرتەشی ئازادی سووریە کوژراون.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئەم کەسانە لە پایەگایەکی پشکنین لە ناوچەی «ئۆم شەرشووح» هەڵکەوتوو لە پارێزگای حومس، کەوتوونەتە بەر پەلاماری ئەرتەشی ئازادو کوژراون.

ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە لە حاڵێک دایە کە ئەوە یەکەم جار نییە هێزە نیزامییەکانی ئێران لە سووریە دەکوژرێن، ئەوەیش لە حاڵێکدا کە کاربەدەستانی حکوومەتیی ئێران ئیدیعا دەکەن بە هیچ شێوەیەک دەستێوەردانی نیزامی لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا ناکەن، بەڵام هەر جار نا جارێک هەواڵی کوژرانی ئەندامانی هێزە نیزامییەکانی ئێران لە میدیاکاندا بڵاو دەبنەوەو جەنازەی کوژراوەکانیان بۆ ئێران بەڕێ دەکرێنەوە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا
چوارشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٣ ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤
ژمارە ٦٣٧
www.kurdistanukurd.com

### لە بەرامبەر شەڕفرۆشیی داعش بە خەڵکی کوردستاندا

# ئامادەین بە هەموو ڕێگایەکی گونجاودا یارمەتی بە خۆڕاگریی هیزی پێشمەرگە بکەین

**بەیاننامە:**

## دەربارەی شەڕفرۆشیی (داعش) بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕووداوەکانی باشووری کوردستانو بەتایبەتی پەرەگرتنی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی «دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقو شام- داعش» سەرنجی بیروڕای گشتیو میدیاکانی جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. ئەگەرچی حیزبی ئێمە پێ‌بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە لەبارەی هەر مەسەلەیەکی تازەوە هەڵوێستی ئوسوولیی خۆی ڕاگەیاندوە، بەڵام بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتری بیروڕای گشتی بەپێویست دەزانین ڕابگەیەنین:

١- هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە خەباتی ڕزگاریخوزانەی گەلی کوردو مافو ئازادییەکانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەڵوێستێکی نەگۆڕە. ئێمە داخوازە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە داخوازیگەلێکی ڕەوا دەزانینو بە هەموو ڕێگایەکی مومکیندا لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئەو داخوازانە تا گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەمان پشتیوانی دەکەین.

٢- ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان لە باشووری نیشتمان بە دەسکەوتێکی گەورەی هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەزانینو هەروەک لە ماوەی زیاتر لە بیستساڵی ڕابردوودا نیشانمان داوە لەپێناوی سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونیدا بۆ هەرجۆرە هاوکارییەک ئامادەین.

٣- دەستخۆشی لە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانو هێزی وڵاتپارێزی پێشمەرگە دەکەین کە وشیارانە دەرفەتی لەباری دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆسەر شاری مووسڵیان قۆزتەوەو زۆربەی هەرەزۆری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیان کۆنتڕۆڵ کرد.

٤- هەڵوێستمان بەرامبەر بە تێرۆرو تێرۆریزمیش بۆ هەموو شارەزایان ئاشکراو هەرلەوکاتەدا نەگۆڕە. ئێمە گەورەترین زەبرو زەرەرو زیانمان لە تێرۆرو تێرۆریزم بەر کەوتوەو هەربۆیە تێرۆر لە هەرکوێو لە هەرکاتێکداو بەدەستی هەرکەسو دژی هەرکەس بێ، بەکردەوەیەکی دژی ئینسانی دەزانینو مەحکوومی دەکەین.

٥- بەشێوەیەکی ڕوونتر شەڕفرۆشتنی تاقمی تێرۆریستیی داعشو دەستدرێژیو پەلاماریان بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکان بەتوندی مەحکووم دەکەینو خوازیاری ئەوەین کە هێزە نیشتمانییەکانی ئەو بەشەی کوردستان پێکەوەو بەپێی بەرنامەیەکی تۆکمە بەگژ نەخشەو پلانە ئاژاوەگێڕانەکانی ئەو گرووپە دژیئینسانییەدا بچنەوە.

ل ٢



**جارێکی دیکە بەربەرییەت لە ژێر ئاڵای ئایینڕدا، تاوانی گەورەی خوڵقاند**

ئەمجارەیان لە باشووری کوردستانو لەدژی نەتەوەی کورد چەکدارانی گرووپی بە ناو «دەوڵەتی ئیسلامیی عیراقو شام» (داعش)، هەر لە دوای کۆنترۆڵی ناوچە دابڕێنراوەکانی دەرەوەی هەرێم لە لایەن هیزی پێشمەرگەوە، بەردەوام خەریکی شەڕفرۆشی بە هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان بوون. لە ٢ی ئەم مانگە (ئاگۆست)یشەوە،لە پارێزگەی نەینەوا، پەلامارێکی بەرینیان کردە سەر زەممارو شەنگالو هێندێک ناوچەی دیکە کە دانیشتوانیان بە زۆری ئێزەدین. وەک عادەتیشیانە دوای داگیرکردنی ئەو ناوچانە دەستیان لە هیچ تاوانێکی دژەمرۆیی نەگێڕایەوە، لە تاڵانی سامانی گشتیو ماڵی خەڵکەوە تا وێرانکردنی مەزارگەو شوێنە پیرۆزەکان، لە گوللەبارانکردنی دیلەکانەوە تا دەگاتەوە ئێعدامی بە کۆمەڵی خەڵک، لە دەستدرێژی بۆ سەر ژنانەوە تا چەندین نموونەی دیکە لە تاوانی قێزەوەن. لە ئاکامی پەلامارو تاوانە دڕندانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعشدا سەدان هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە، زێدو ماڵی خۆیان بە جێ هێشتوەو ڕوویان کردوەتە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هەرێم. بە دەیان هەزار کەس لەو ئاوارانە کە زۆربەیان ژنو منداڵن، پەنایان بۆ چیای شەنگال بردووە بێ ئەوەی هیچ ئیمکاناتێکی ژیان بە تایبەتی ئاوو خواردەمەنیان پێ بێ. ئەو ئاوارانە کە هاوکات خەتەری هێرشی چەکدارەکانی داعشیشیان لە سەرە، مەترسیی ئەوەیان لێ‌دەکرێ لە تینوانو لە برسانو لە گەرمان تووشی مردنی بە کۆمەڵ بن. مردن بە تایبەتی مردنی منداڵان لە نێو ئاوارەکاندا دەستی پێکردوە. سەرچاوە ئاگادارەکان دەڵێن ئەگەرهەنگاوی بە پەلە بۆ یارمەتیگەیاندن بەم ئاوارانە نەهاوێژرێ، بە زوویی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی ڕوو دەدا.

لە لایەکی دیکە هێزی پێشمەرگە کە تا ئیستا بێ پشتیوانیو یارمەتیی نێودەوڵەتی، ناوچەیی وتەنانەت بێ چووکترین هاوکاریی دەوڵەتی عێراقیش، بەرەنگاری داعش ببووەوە، چاوەڕوان دەکرێ دوای ئەم ڕووداوانەی دوایی، لەڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ داعشدا لایەن ئەمریکاوە هاوکاری و پشتیوانیی بکرێ.

لە پیوەندی لە گەڵ شەڕفرۆشیو پەلامارو تاوانەکانی داعش لە دژی خەڵکی کوردستان، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاو کردوەتەوە کە سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا ڕادەکێشین.



بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند: گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا

٣



ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوقمی ئازارو بێدەنگی

٤




خەسارناسی دانوستانە ناوکییەکان کۆماری ئیسلامی

٤



شەڕی ئیسڕاییلو حەماسو کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچە

٦



حیزبی توودەی ئێرانو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا

٩

## کوژرانی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی کامیاران بە تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هاووڵاتییەکی دیکەی کوردیان لە ناوچەی کامیاران کوشت.



بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی گەلاوێژ هێزە چەکدارەکانی ئیدارەی ئاگاهیی ڕێژیم تەقەیان لە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی جەبرەییل مستەفایی، کوڕی ئیبراهیم تەمەن ٢٦ ساڵ خەڵکی « سەراوکام» کردوەو کوشتوویانە.

هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە حاڵێکدا سەرەڕۆیانەو بە بێ بیانوو تەقەیان لە جەبرەییل کردوە کە ناوبراو ویستوویەتی بە ماتۆڕسیکلەت بەرەو کامیاران بگەڕێتەوەو، لە ڕێگای نێوان ئەڵک _ سەراوکام لە شوێنێک بە ناوی ناومەلان دراوەتە بەر دەسرێژو گیانی لێ ئەستێدراوە.

شایانی باسە کوژرانی جەبرەییل مستەفایی بە دەسرێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە حاڵێک دایە کە چەند ڕۆژ پێش ناوبراو لەگەڵ مۆرەیەکی ئیدارەی ئیتلاعات بەناوی عەبدی لێی ببووە دەمەقاڵەو ناوبراو هەڕەشەی کوشتنی لە جەبرەئیل کردبوو.

## سەلاحەدین دێمیرتاش: ببمە سەرۆک کۆمار، تورکیە لە چنگ ئەم نیگەرانییانەی کە لە بابەت ڕەوتی ئاشتی هاتوونەتە ئاراوە ڕزگار دەبێ

خەڵکی کورد لە باکووری کوردستان لە حاڵێکدا خۆیان بۆ هەڵبژاردنی دوازدەیەمین سەرکۆماری تورکیە لە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی گەلاوێژدا ئامادە دەکەن کە چالاکییەکانی کەمپینی سەلاحەدین دێمیرتاش، بژێرەی کوردی ئەم هەڵبژاردنە تا ئاستێکی بەرچاو پەرەی سەندووە.

سەلاحەدین دێمیرتاش لە لایەن «حیزبی دێمۆکراتیکی گەل»ەوە پشتیوانی لێ دەکرێو ئەم حیزبە حیزبێکی خاوەن‌نفووزی کوردەکانی تورکیەیە،و دێمیرتاش دەڵێ من بە پاڵاوتنی خۆم بۆ پۆستی سەرکۆماری نەک هەر سەرکۆمارییەکی نوێ، بەڵکوو شێوازێکی نوێی ژیان پێشکەش بە خەڵکی تورکیە دەکەم.

ناوبراو دەڵێ خۆپاڵاوتنی من لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، لە هەمان کاتدا داوایەکیشە بۆ دەرخستنو یەکلابوونەوەی وتووێژەکانی ئاشتی، چونکی ئەگەر ئەمن



لەم هەڵبژاردنانەدا سەر بکەوم، ئەوا ئەگەری ئەوەی کە ئەم دانووستانانە بە هێمنیو ئاشتییەی هەمیشەیی بگەن، زۆرتر دەبێو ڕەنگ و ڕواڵەتێکی ڕاستەقینەتریش بەخۆیەوە دەبینێ.

**بەدوای ئاڵۆزییەکانی عێراقو دابەشکردنی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە لایەن هێزەکانی ناسراو بە داعش، دەسەڵاتدارانی کوردستان، دروشمی سەربەخۆیی و گشتپرسییان هێنایە گۆڕێ و هەتا ئێستاش لە هەوڵی بەڕێوەبردنی گشتپرسیدان بۆ دیاری کردنی چارەی خۆنووسین. هەر بەم بۆنەیەوە کۆمەڵێک چالاکی و خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی ئەم داوا ڕەوایە دەرەوەی کوردستان ئەنجام دران؛ کە بەشێکیان لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەی کوردستاندا ئاماژەیان پێ دەکرێ:**

**نۆروێژ:** لەسەر داوای «کۆمیتەی پشتگریی لە سەربەخۆیی کوردستان» زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کوردانی نیشتەجێی وڵاتی نۆروێژ بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان لە پێش وێستگەی شەمەندەفەری ئۆسلۆ بەناو شەقامی «کارلووهان گاتا» دەستیان بە خۆپێشاندان کرد. بەشداران بە بەرچاوی ژمارەیەکی بەرچاو لە نورویژیو گەشتیارانو، بە بڵاوکردنەوەی داخوازییەکانی کورد بە نووسراوە لەنێو خەڵکداو، بە بەرزکردنەوەی دروشمی «بژی کوردستان»، «سەربەخۆیی بۆ کوردستان»و زۆر دروشمی نیشتمانیی دیکە خۆیان گەیاندە بەردەم پارڵمانی ئەو وڵاتە.



لە بەردەم پارڵمانی نۆڕوێژ بە سرووودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»و ساتێک بێدەنگیی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان خۆپێشاندان درێژەی کێشاو، پاشان وتاری کۆمیتە بە زمانی نۆروێژی خوێندرایەوەو لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسێکی باڵای حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ پەیامی پشتیوانیی خۆیان بۆ سەرخۆیی کوردستانی خوێندەوەو خوێندنەوەی پەیامی چەند لایەنێکی دیکەی بەشداری ڕێپێوانەکەو خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێری چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

شایانی باسە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشتەجێیّ وڵاتی نۆروێژ بەشداری ئەو خۆپێشاندانە بوون.



**فەڕانسە:** کوردەکانی دانیشتووی فەرانسەو بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پرۆسەی گشتپرسی بۆ سەربەخویی کورستان خۆپیشاندانێکی بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی هەر چوار پارچە کورستان بەڕێوە برد.

خۆپیشاندان بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردو کوردستانو سرودی نەتەوی «ئەی رەقیب» لە لایەن بەشداربووانەوە دەستی پێ کرد.

پاشان سوهەیلا قادری مێژووناس لەسەر مێژووی کورد وتارێکی پێشکێش کرد،و دواتر پەیامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردانی سووریە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەدا عەزیز ماملێ، نووسەر، مافناسو چالاکی سیاسیی بە ناوی کۆڕی کوردانی دانشیتووی فەرانسەوە وێرای دەربرینی پشتیوانیی خۆیان لە پرۆسەی گشتپرسی لە کوردستان، ئاماژەی بە چەمکەکانی فیدرالی لە وڵاتانی ئوورووپا کردو ئەم پروسەیەی بە مافی هەموو گەلانی دنیا زانی کە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

دواتر بەرنامەکە بە خوێندنەوەی پەیامی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو چەند سروودێکی نەتەوەیی درێژەی پێدرا.

شایانی باسە کە ئەندامانی حێزبی دێموکراتی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ئەو خوپێشاندانەشدا هاوکاری بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە بوون.

**بریتانیا:** خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا بۆ پشتیوانی لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەروەها هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژ لە ژمارەی ١٠ نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا دەستی پێکرد.

لەم خۆپێشاندانەدا کە بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی بریتانیاو بەشێک لە حیزبو لایەنە سیاسییەکان تێیدا بەشدار بوون، سەرەتای بەرنامەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کردو پاشان کۆمەڵێک پەیامو وتار خوێندرانەوە.



لەو ئاکسیۆنەدا بەشداران بە دانی دروشم بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی بۆ پشتیوانی لە کوردستانو سەربەخۆیی کوردستان هەڵوێستی نەتەوەیی خۆیان خستەڕوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنەدا هەیئەتێک پێکهاتوو لە حیزبە کوردستانییەکانی وەک:

پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆرانو یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان نامەیەکیان پێشکێش بە دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا کردو لەو نامەیەدا داوایان لە دەوڵەتی بریتانیا کرد کە هەڵوێستو پشتیوانی خۆی لە دەستکەوتەکانی کوردو پێشنیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ریفراندۆمو سەربەخۆیی کوردستان دەرببڕێ.

# پەیامی پیرۆزبایی بۆ ڕێزدار د.فواد مەعسووم سەرکۆماری نوێی عێراق



**زۆر بەڕێز جەنابی د.فواد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق!**
**لە گەڵ ڕێزو سڵاوی گەرم!**

خۆشحاڵم کە لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی ڕێبەرایەتیو سەرجەم تیکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرۆک کۆماری عیراق گەرمترین پیرۆزباییت پێشکەش بکەم.

جێی خۆیەتی هەر بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو نوینەرانی خەڵکی کوردستان لە بەغداو پێکهاتەکانی دیکەی نێو پارلمانی عیراق بکەم کە سەرەڕای تەنگوچەڵەمە جۆراوجۆرەکان، توانیان سەرۆک کۆمارێکی نوێ بۆ عێراق،هەڵبژێرن. هیوادارین ئەم هەنگاوە سەرەتاو ڕێخۆشکەر بێت بۆ کۆتاییهێنان بەو کێشە و ئاستەنگانەی لە لایەن دەولەتی ناوەندیی عیراقەوە بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان کراونەوە.

ئێمە بۆ بەڕێزتان سەرکەوتن لە بەجێگەیاندنی ئەرکی قورسی سەرشانتان دا بە ئاوات دەخوازین. ئارەزووشمان ئەوەیە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دوو دەورە سەرکۆماریی بەڕێز مام جەلال بە تایبەتی نەریتی ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەکانو داکۆکی لە مافەکانیان، یارمەتیدەری بەڕێزتان لە پیکەوەژیاندنی بە ئاشتیی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دا بێت.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**خالید عەزیزی**
**٢٠١٤/٧/٢٥**
**١٣٩٣/٥/٣**

**درێژەی بەیاننامە:**

# دەربارەی شەڕفرۆشیی (داعش) بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

٦- جگە لەوانەش تووڕەییو بێزاریی توندی خۆمان لە سیاسەتو ڕەفتاری نامرۆڤانەی داعش لە کوشتاری بێ بەزەیییانەی خەڵکی بێ تاوان، دەرکردنی دەیانو سەدان هەزار کەس لە هاونیشتمانە مەسیحیەکانو کوردە ئێزەدیەکان لەسەر ماڵوحاڵی خۆیانو وێرانکردنی پەرستگەو زیارەتگە پیرۆزەکانو زۆر کارو کردەوەی قێزەونی دیکەی ئەو گرووپە دەردەبڕین.

٧- پڕبەدڵ دەستخۆشیی لە دەسەڵاتی کوردی دەکەین کە سەرباری ئەو هەموو گیروگرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتییەی لە ئاکامی هەشت مانگ بڕانی بوودجەی هەرێمدا تووشی هاتوە، سەخاوەتمەندانە باوەشی بۆ سەدانهەزار ئاوارەی کوردو عەرەبو مەسیحی کردۆتەوەو بە چارەسەری گیروگرفتەکانیان ڕادەگا. هەر لەوکاتەدا ناتوانین دڵگرانیو ناڕەزایەتیی خۆمان لە کەمتەرخەمیی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێڕاقو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەرامبەر بەو مەینەتییە کە ئەو ئاوارانە تووشی هاتوون بشارینەوە.

٨- ئافەرین بۆ خۆڕاگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەنێرین کە وەک لەمپەرێکی پۆڵایین پێشی بە چوونەپێشی نەخشەو پڵانەکانی داعش گرتوەو ئامادەیە بۆ وەدەستهێنانو چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان هەموو جۆرە قوربانییەک بدا. لەو پێوەندییەدا ڕادەگەیەنین هەرکات بە پێویست بزانرێ ئامادەین بە هەموو ڕێگایەکی گونجاودا یارمەتی بەو خۆڕاگرییە شکۆدارە بکەین.

٩- لەو پێوەندییەدا دەستدرێژیی داعش بۆسەر دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانیش شەرمەزار دەکەین ، پشتیوانیو هاوپێوەندیی خۆمان بۆ خەباتی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان دووپات دەکەینەوەو ئاواتەخوازین هێزە وڵاتپارێزەکانی ئەو بەشەی کوردستانیش ڕیزەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر دەستدرێژییەکی دوژمنانە یەک بخەن و پێکەوە بەگژ دوژمنانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا بچنەوە.

**سەرکەوتن بۆ ئیرادەی گەلو نەمان بۆ دیکتاتۆریو کۆنەپەرستی.**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**سێشەممە ١٤ی گەلاوێژی ١٣٩٣ی هەتاوی**
**(٥ی ئووتی ٢٠١٤ی زایینی)**

# دیداری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوورووپا لەگەڵ نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکیەتیی ئوورووپا



کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئوورووپا بە هاوڕێیەتیی سامان ئاراستەفەر، ئەندامی کومیتەی بلژیکی حیزبی دێموکرات سەردانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتیی ئوورووپایان کردو لەگەڵ دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەریم لە یەکیەتیی ئوورووپاو زانا کوردە، کادری ئەو نوێنەرایەتییە دیدارو گفتوگۆیان کرد.

لەم دیدارەدا دلاوەر ئاژگەیی باسێکی لە هەوڵو تێکۆشانەکانی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە یەکیەتیی ئوورووپاو ڕەوشی ئێستای عێراقو کوردستانو ئەگەرەکانی داهاتووی بەردەم ئەو وڵاتەی کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاوە ئاهەنگەریش وێڕای پشتگیری لە هەڵوێستی ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە عێراق، باسێکی سەبارەت بە دیپلۆماسیی کورد لە دەرەوەی وڵات بە گشتی و هەندێک شوێنی گرینگی وەک بروکسێلو وڵاتانی شوێندانەر لە ڕۆژئاوا هێنایە بەر باس. دواتر هەردوو لایەن لە سەر چۆنیەتیی کاری لابی بۆ پرسی کورد لە یەکیەتیی ئوورووپا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بە تایبەت بۆ کوردانی تاراوگەنشین و ناساندی کوردو پرسی کوردو کلتوری کورد بە ڕۆژئاواییەکانو ئەگەرو ڕێکارەکانی ئەم ئەرکە چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو.

# بەڕێوەچوونی جێژنی کۆتایی دەورەی تایبەتی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکرات




ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕ، بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی و کادر و پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێژنی کۆتایی دەورەی تایبەتی خولی سەرەتایی پێشمەرگە بۆ کۆمەڵێک لە لاوانی کورد و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نیشتەجێی وڵاتانی ئوورووپایی و هەروەها لاوانی ئەندامی حیزب لە نێو بنەماڵەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سرووودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێ بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. سەرەتا کاک محەممەد کەسرایی، بەرپرسی فێرگەی سیاسی - نیزامی حیزب ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکانی ئەم خولە تایبەتەی خستە بەرباس.

ناوبراو ئاماژەی بە ریزبەندی بەرنامە و چالاکییەکانی ئەم خولە تایبەتە کردو ڕایگەیاند لە داهاتووشدا لەم چەشنە دەورانە زۆرتر دەبن.

پاشان پەیامی دەورە لە لایەن کاوە مودەڕەسی، یەکێک لە بەشدارانی دەورە خوێندرایەوە. ناوبراو وێڕای سپاس و پێزانینی خۆی و هاوڕێیانی لە بەرپرسانی حیزب و ڕێکخەرانی ئەو خولە تایبەتە و مێوانانی بەشدار لە جێژنی کۆتایی دەورەکەیان، ئاماژەی بە گرینگیی ئەو دەورەیە کرد و گوتی هەموو هەوڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە درێژایی مێژووی خەباتی لە پێناو خزمەت بە خەڵکەکەی و هەروەها بۆ ئەوە بووە خەڵکی کورد ئەو حیزبە بە ماڵی خۆی بزانێ و خۆی تێدا ببینێتەوە.



# بیری لێنین و باخەکانی سەمەرقەند : گەشتێک بەنێو کتێبخانەکەی دوکتور قاسملوودا

## (بەشی دووهەم)

ئاسۆی حەسەن زادە

سەبارەت بە نێوەرۆکی کتێبەکانی هەر کام لەو بوارانەی باس کران، لەگەڵ ئەوەدا کە کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە بەپێی بوار و بابەت پۆلێن و ڕەدیف نەکراون، بەڵام دەتوانین بۆ مەبەستەکانی ئەم وتارە کتێبەکانی هەرکام لە بوارە ئاماژە پێکراوەکان وەسەریەک بخەینەوە و نموونەی مانادارییان لێ بێنینەوە.

هەروەک باسمان کرد و ئاماژەمان بە هۆکارەکەشی کرد، ژمارەی ئەو کتێبانەی نێو ئەم کتێبخانەیە کە نێوەرۆکێکی تەنیا هزری و ئیدئۆلۆژیکیان هەیە لەچاو ئەوە کە دەکرێ زائیرێک پێش کردنەوەی دەرگای کتێبخانەکە پێی وابێ، یەکجار زۆر کەمە. لێرەدا یەک دوو کتێبی بیرمەندی لیبراڵ و نەیاری سەرسەختی تۆتالیتاریسم، ڕیمۆن ئارۆن (وەک «پەنجا ساڵ بیرکردنەوە سیاسی»یەکەی و دوایین بەرهەمە تەواونەکراوەکەی ژیانی لەسەر ئەزموونی کۆتایی سەدە) — هەر ئەو کەسە کە لەو شوێنەدا کە مارکس ئایینی بە «ئەفیۆنی خەڵک» لە قەڵەم دەدا، ئەو مارکسیسزمی بە ئەفیۆنی ڕووناکبیران دەزانی— لەگەڵ کۆمەڵێک کتێبی پێوەندیدار بە پرەنسیپەکانی مارکسیزم-لێنینیزم کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بە زمانی فەڕانسەیی لە پێکەن چاپ کراون (وەک «دەوڵەت و ئینقلاب» و «ئابووری و سیاسەت لە سەردەمی دیکتاتۆریی پرۆلتاریادا»ی لێنین و «پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم»ی ئێنگلس و «ئەنترناسیۆنالی چوارەم»ی ترۆتسکی) تێکەڵی یەکدی بوون. هەر لەو بوارەدا کۆمەڵێک سەرچاوە کە لە ڕۆڵی فاکتەری نەژادی و جێگە و پێگەی نەتەوە لە تیئۆریی مارکسیستیدا دەکۆڵنەوە (بۆ نموونە توێژینەوەکانی ئامادۆ بۆردیگا و فرانسوا ماسپێرۆ)، هەروەها هێندێک سەرچاوە کە سەرنج دەدەنە مەرام و ڕوانگەکانی مارکسیستەکانی جیهانی سێهەم (بۆ نموونە گۆڤارێکی مارکسیستەکانی ئەفریقا و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە فێستیڤاڵی جیهانیی لاوان لە دیدی وەڤدی ڕێکخراوەکانی وڵاتانی دۆستەوە) سەرنج ڕادەکێشن.

بەڵام ئەوەی لەو بوارەدا باڵادەستە نەک لایەنی تیئۆریی مارکسیسزم-لێنیزم، بەڵکوو لایەنە عەمەلی و مەیدانییەکەی وەدیهێنان و جێبەجێکردنی ئەو بیروباوەڕە و واقیعییەتی سیستمی کۆمۆنیستی لە سەدەی بیستەمدایە. زۆربەی بەرهەمەکانی پێوەندیدار بەو پرسەش لەو کتێبخانەیەدا ئامانجیان ئەوەیە کە وێڕای شیکردنەوەی سیستمی سیاسی و ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەت، سەبارەت بە نیشانەکانی ڕزین و هۆکارەکانی زەواڵی سۆسیالیزمی مەوجوود هۆشیاری بدەنە خوێنەر. لێرەدا بۆ نموونە ئەم تیترانەمان دێتە بەرچاو : «دەسەڵاتی قەبزەکراو لە یەکێتیی سۆڤیەت» لە نووسینی هێلێن کارێر دانکۆس، «مافیا لە شووڕەوی» لە نووسینی ڤێرژینی کوولۆدۆن، یا «نامەکانی میخائیل یەفیمۆڤ» سەبارەت بە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. بێگومان بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەم هۆشیارییە مێژووییە کە دوکتور قاسملوو لە ناوچەی ئێمەدا یەکەم و تا ماوەیەکی زۆر تاقانە ڕێبەری سیاسی بوو ئازایەتیی ئەوەی هەبێ ئاکامگیریی بەکردەوەی لێ وەربگرێ، سەرچاوەی ڕەسمیی خودی دەسەڵاتی سۆڤیەتین، لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی بیستەمی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٥٦ (کە لەودا فاسیلەگرتنی خرووچێف لەگەڵ ستالینیزم ئەفسانەی «هەرگیز هەڵەنەکردنی سۆسیالیزمی عیلمی وەک وڵامی موعەممای تاریخ»ی تێک شکاند) ڕا بگرە تا ڕیفۆرمخوازییە چارەنووسسازەکەی گۆرباچێف —«پێرێسترۆیکا، ڕوانینێکی نوێ لە وڵاتەکەمان و لە جیهان» (چەندین نوسخەی هەمان چاپ لە کتێبخانەکەدا هەیە)- و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی نوێنەرانی گەلی سۆڤیەتی لە ١٩٨٩ کە ناوبراو وەک ئامرازێکی نیهادی بۆ شەرعیەت پێدان و جێبەجێکردنی پرۆژە ڕیفۆرمیستییەکەی خۆی دروستی کردبوو.



ئەگەر کتێبخانەدارێک لە چەشنی ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە بەیانییە بەهارییەکەی قەندیل لە نەزەریدا بوو کتێبەکانی نێو ئەم کتێبخانەیە ڕێک بخاتەوە، پاش ڕیزکردنی سەرچاوەکانی سەرەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەو کتێبانە دادەنێ کە باسی ئەلترناتیڤە مەوجوودەکەی دیکەی ڕۆئیای یەکسانیی مرۆڤ لەو سەردەمەدا دەکەن. لە کتێبخانەی ئەو پیاوەدا کە لە جەرگەی خەباتی قورسی چەکداریدا حازر بوو بۆ چەسپاندنی «سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک» لە پرۆگرامی حیزبەکەیدا تێچووی گەورەی تەشکیلاتی تەحەمول بکا، کۆمەڵێک سەرچاوەی خوێندراوە و کارلەسەرکراو سەبارەت بە «ئۆرۆکۆمۆنیزم» (کۆمۆنیزمی ئورووپایی) و ئەزموونی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا (بۆ نموونە کتێبێکی کارل کۆرش دامەزرێنەری مارکسیسزمی ڕۆژئاوایی و کتێبێکی سانتیاگۆ کاریلۆ سکرتێری گشتیی پارتی کۆمونیستی ئیسپانیا) سەرنج ڕادەکێشن. دیارە لەو نێوەدا پڕۆژەی سۆسیالیستەکانی فەڕانسە لە هەشتاکاندا و باس و خواسەکانی نێو کۆنگرەکانی پارتی سۆسیالیستی فەڕانسە (بەتایبەتی کۆنگرەی «ئێپینەی» کە کۆنگرەی یەکگرتنی بەرەی چەپ لە فەڕانسە و سەکۆی سەرکردایەتیی فرانسوا میتران بوو) جێگایەکی دیارتریان هەیە. چڵەپۆپەی ئەم کۆمەڵە سەرچاوەیەش ئەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکەن کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سیستمی پارێزگاریی کۆمەڵایەتی لە ئورووپای کاپیتالیستی و دەوڵەتی ڕیفاهی لە سکاندیناوییەوە پۆتانسیەل و سنوورەکانی سۆسیال دێموکڕاسی دەخەنە ڕوو.

به هۆگری و هەگبەیەکەوە کە دوکتور قاسملوو لەبواری مێژوودا هەیبوو، سروشتییە کە کتێبەکانی ئەم بوارە جێگەیەکی گرینگیان لە کتێبخانەکەیدا بۆخۆیان داگرتبێ. لێرەدا مێژووی نوێی جیهان بە قەڵەمی هەریەک لە ڤیکتۆر ئالێکساندرۆڤ و مارک فێرۆ و جەواهر لەعل نێهرۆ دیدێکی بەستێن ناسانە و تەنانەت دەروونناسانەی سیاسی بۆ مێژوومان دەدەنە دەست. هەروەها مێژووی ئینقلابەکانی جیهان بەتایبەتی ئینقلابی فەڕانسە سەرنج ڕادەکێشن. لە کتێبێکی ئالبێرت سابوولدا لەو بارەوە هەموو ئەو شوێنانەی کتێبەکە کە باسی هەڵوێستی هێزە نەریتییەکانی کۆمەڵگای ئەودەمی فەڕانسە بەتایبەتی کلیسا و ئەشرافیەت لە کاتی شۆڕشی فەڕانسەدا دەکەن بە قەڵەم (میداد)ێکی کاڵ خەتیان لەبن کێشراوە و ئیشارە کراون. هەر لە فەڕانسە، سەبارەت بە ڕاپەڕینی مانگی مای ١٩٦٨ی ئەو وڵاتە کە لەسەر بەستێنێکی سیاسی-ئابووری و لەڕاستیدا بەدژی کۆمەڵگای نەریتی و بۆ ئازادیی زیاتر و شلبوونەوەی کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوە چوو، چەند سەرچاوەیەک لەو کتێبخانەیەدا دەبینرێ. لەسەر شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێرانیش چەند کتێبێک سەبارەت بەو ئینقلابە لە دیدی ئورووپاییەکانەوە وەک کتێبی «خومەینی، ئینقلابی خیانەت پێکراو» لە نووسینی ژان پیەر پیشار و کریستیان دۆلانوا دەبینرێ.

هەر لەبواری مێژوویی‌دا زۆر بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافیی کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی جیهان لە کتێبخانەکەی د. قاسملوودا وەبەر چاو دەکەون. لێرەدا ژیان و بەسەرهاتی ستالین و تیتۆ و چەند جڵد داستانی ژیانی مووسۆلینی بە قەڵەمی ئاندرێ بریسۆ کە خاتوونێکی ئێرانی بەناوی پەریچێهری سابیتی «بە ئاواتی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کورد و ڕزگاریی میللەتی ئێران لەم ڕۆژگارە تاڵ و خەمناکەی» پێشکەش بە دوکتور قاسملووی کردووە لەگەڵ بیرەوەرییەکانی مارشاڵ ڤاسیلێفسکی قارەمانی شەڕی ستالینگراد و بیرەوەرییەکانی هێنری کیسینجێر بوونە ماڵاوسێی یەکتر. بەڵام دیسان فەڕانسە بەشی شێری وەبەر کەوتووە : جگە لە بیۆگرافی و بیرەوەرییەکانی ژەنراڵ دوگۆل و فرانسوا میتران (بە قەڵەمی خۆی لەژێر ناوی «مێشەنگوین و ئەندازیار» کە مانیفێستی وی بۆ فەتحی دەسەڵات لەپێناوی وەدیهێنانی ئیدئالەکان و لەسەر بنەمای بیروباوەڕە)، هێندێک لە سەرچاوەکان باسی ژیان و خەباتی کەسانی لە ناوچەی ئێمەدا کەمتر ناسراو دەکەن، وەک ژۆرژ کلێمانسۆ سەرۆک وەزیری سەرەتای سەدەی بیستی فەڕانسە کە سەرسەختانە داکۆکیی لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت کردبوو و لە کۆمەڵگای دژە یەهوودی ئەوسادا ئازایانە داکۆکیی لە کاپتن دریفووزی بە ڕەگەز جوولەکە کردبوو کە بە ناهەق تۆمەتبار کرابوو کە خیانەتی بە وڵات کردووە، هەروەها پیەر مەندێس فرانس گەورە سیمای کۆمارەکانی سێهەم و چوارەمی فەڕانسە کە وڵاتەکەی لە ڤیەتنام هێنابووە دەر. ئەم کتێبە کە پزیشکێکی فەڕانسەیی بەناوی ڕۆنی رووزۆ لەبری پێشکەشی بە فەڕانسەوی لەسەری نووسیوە «خۆڕاگری.. خۆڕاگری.. خۆڕاگری!» و ئادرەس و ژمارە تەلەفونی خۆی لە مارسەی بۆ بەجێ هێشتووە، یەکێک لەو ئاخرین کتێبانەیە کە دوکتور قاسملوو خستوویەتە نێو کتێبخانەکەیەوە.

بەڵام هەژێنەرترین و ڕەنگە بەنرخترین کتێبی ئەم بەشە کتێبێکە بەناوی «پیاوێکی جیاواز» بە قەڵەمی ژیل پێرۆ کە بەسەرهاتی هانری کوریەل دەگێڕێتەوە کە خەباتگێڕێکی جوولەکەی کۆمۆنیست و لایەنگری جیهانی سێهەم بوو و لە هێندێک وڵاتی عەرەبی وەک میسر و ئەلجەزایر نەخشی داکۆکیکارانە لە گەلانی ژێردەستەی نواندبوو. هانری کوریەل کە لە سەردەمێکدا کە کەس بیری لە شتی وا نەدەکردەوە هەوڵی دەدا فەلەستینیەکان و ئیسرائیلییەکان پێک بێنێ هەتا کێشەی خۆیان لەڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەن، ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس تێرۆر کرا. کاتێک ڕۆژهەڵاتناس و کورددۆستی فەڕانسەیی مەدام جۆیس بلۆ لەسەر ئەم کتێبە دەنووسێ «پێشکەش بە عەبدولڕەحمان، لەگەڵ سۆز و لایەنگریی سەرسەختانەم بۆ خەباتی پیرۆزی»، بێگومان فکری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕۆژێک چوار سەت کیلۆمیتر ئەولاتر دوکتور قاسملووش هەر بەدەم خەونی ئاشتییەوە تێرۆر دەکرێ..

کێشەکانی جیهانی سێهەم تەوەرێکی دیکەی خوێندنەوەکانی دوکتور قاسملوو بووە. ئەگەر بەشێک لە بەرهەمەکانی ئەم تەوەرە سەرنج دەدەنە دڕدۆنگی و نایەکسانییەکانی نێوان وڵاتانی شوماڵ و وڵاتانی جنووب (بۆ نموونە کۆمەڵێک سەرچاوە سەبارەت بە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن، گۆڤاری فەڕانسەیی «دوو جیهانەکە» یان کتێبی «بێزاریی مەینەتبەشان لە نەزمی جیهانی» لە نووسینی ژان زیگلەر سیاسەتمەدار و کۆمەڵناسی بەناوبانگی سویسی و لایەنگری بەجیهانیبوونێکی دیکە)، ئەوانەی دی زۆرتر باسی نالێکی و دینامیزمە نێوخۆییەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکەن کە لێرەدا سەبارەت بە دنیای عەرەب و ئەگەری شۆڕش و نوێبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەمی نووسەرانی وەک محەممەد حوسێن هەیکەل و سەبارەت بە ئەفغانستانیش کۆمەڵێک سەرچاوەی وەک چەند ژمارەی تایبەتیی «گۆڤاری سەردەمە تازەکان»ی ژان پۆل سارتر و کتێبی «لە قەفەسی ورچدا»ی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسیی بەبارمتەگیراو لە ئەففانستان ژاک ئابووشار دەبینرێن. ئەمریکای لاتینیش لەنێو ئەو کتێبانەدا جێگەیەکی دیاری هەیە، بۆ نموونە کتێبی «ڕەگە هەڵدڕاوەکانی ئەمریکای لاتین»ی ئێدوارد گالیانا و «گڕکانی نیکاراگوا» کە خاتوونی ڕۆژنامەوان گلۆریاتۆنیا هێنریکیز (کە لەگەڵ کارۆل پرۆنهووبێر لە یەک دەورانـدا د. قاسملوویان ناسیوە) بە دوو زمانی ئیسپانیایی و فەڕانسەیی لەسەری نووسیوە «بەڕێز قاسملوو! خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری سنوور ناناسێ، مەگەر نا؟!».

بوارێکی دیکەی زۆر بەرجەستە لەنێو کتێبەکانی دوکتور قاسملوودا ڕۆژهەڵاتناسییە. دوکتور قاسملوو جیا لەوە کە پێوەندیی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناسانی ناسراوی جیهان هەبوو و ئەوەشی کردبووە بەستێنێک بۆ ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی فەرهەنگییانی دنیای دەرەوە بۆ لای مەسەلەی کورد، بۆخۆیشی لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی زایینی دا لە ئەنستیتۆی زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکانی پاریس مامۆستا بوو و بوونی چەند ژمارەیەک لە بوڵتەنەکانی ئەو ئەنستیتۆیە لەنێو کتێبخانەکەدا ئەو دەورەیە لە ژیانی ئەکادیمی و فەرهەنگیی دوکتور قاسملوومان وەبیر دێنێتەوە. لێرەدا هەروەها زۆر کتێب و سەرچاوە سەبارەت بە ئێران و ئێرانناسی و بەتایبەت خولیای فەڕانسەوییەکان بۆ ئیسفەهان دەبینرێ (بۆ نموونە «بەرەو ئیسفەهان»ی پیەر لۆتی و


**لە کتێبخانەی ئەو پیاوەدا کە لە جەرگەی خەباتی چەکداریدا حازر بوو بۆ چەسپاندنی «سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک» تێچووی گەورەی تەشکیلاتی تەحەمول بکا، کۆمەڵێک سەرچاوەی خوێندراوە و کارلەسەرکراو سەبارەت بە «ئۆرۆکۆمۆنیزم» و ئەزموونی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکڕاتەکانی بلۆکی ڕۆژئاوا سەرنج ڕادەکێشن**

«ئیبن سینا یا ڕێگای ئیسفەهان»ی ژیلبێر سینۆوێ).

بەڵام زۆربەی بەرهەمەکان لێرەدا کوردۆلۆژی بە زمانەکانی بیانی بەتایبەتی فەڕانسەیی دەگرنەوە. لەسەر کتێبەکەی کریس کۆچێرا (بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد)، ئەدیبی کوردی تورکیە، مەمۆ یەتکین کە بەپێی زانیارییەکانی کاک حەسەنی قازی لەو سەردەمەدا کە لە لەهستان ژیاوە د. قاسملووی ناسیوە و لەبواری کوردۆلۆژیدا خاوەنی کتێبخانەیەکی بەنرخە، ساڵێک پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕێنووسی لاتینی بۆ د. قاسملووی نووسیوە «بوهار هاتیە سەر چیایێ وەلاتێ من. تو مامۆستایێ من، کال و کەکێ من! ل سەر وێ چیای گولەکی.. هێڤیدارم کو بوهارێ دێ درێژ و شاد ببە بۆ گەلێ مەی کورد». تێزەکەی عیسمەت شەریف وانلی لەسەر کوردستانی عیراق، بیرەوەرییەکانی نورەدین زازا، کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی و فۆلکلۆریی کوردی هەڵبژاردەی جۆیس بلۆ لەژێر ناوی «بیرەوەریی کوردستان»، سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی کە مامۆستای نەمر سەعید ناکام پێشکەشی د. قاسملووی کردووە، شەڕەفنامە، کتێبەکەی حەسەن ئەرفەع لەسەر مێژووی کوردەکان کە دوکتور قاسملوو لە «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی»دا لەریزی ئەو دەگمەن سەرچاوانەدا کە لە کۆتایی کتێبەکەدا ڕیزی کردوون ناوی بردووە، و نامیلکەیەک بە زمانی تورکی لەسەر کوردستانی ئێران لە نووسینی خودی د. قاسملوو کە ناوبراو لە زۆر شوێن ئیشارەی پرسیار و پەراوێزی بۆ نووسیوە و وێ ناچێ زۆر لە چاپ و تەرجەمەکە ڕازی بێ، لەو کتێب و سەرچاوانەن کە لەو بەشەدا دەبینرێن.

هەر لێرەدا کتێبێکی فەڕانسەیی لە نووسینی کریستیان مۆر بەناوی «کوردەکانی ئەمڕۆ» لەو بارەوە سەرنج ڕادەکێشێ کە بەرگەکەی بریتییە لە نیگارێکی دەستی کە لەودا د. قاسملوو بە جلوبەرگ و جەمەدانەی کوردییەوە لەپێش گوندێکی کوردستان ڕاوەستاوە. ئەوانەی دژایەتیی د. قاسملوویان لەگەڵ ئایکۆن سازی لە کەسایەتییە سیاسییەکان لەبیرە، بێگومان بە دیتنی بەرگی ئەو کتێبە کەمێک سەریان سوور دەمێنێ.

(درێژەی هەیە)



# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوقمی ئازارو بێدەنگی



کوێستان فتووحی


هەموو خۆ بەخاوەنی غەمەکانی دەزانین، کەچی لە قەیرانی بێ‌غەمخۆری‌و نەپرسینەوە لە ئازارەکانی‌دا نوقم بووە. مرۆڤ هێندێک جار لە ناخی خۆی‌دا هەست بە نامۆیی و سڕبوونێک دەکا، بەڵام هەوڵ‌دەدا لەم نامۆیی و سڕبوونەی بەسەری‌دا زاڵ بووە خۆی دەرباز بکا. ئەوەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زاڵە بێدەنگییەکی ئازاراوی‌و کپ کراوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هۆکاری سەرەکییەتی و بەشێکیشی خۆمان بووینە هۆکاری ئەم کپکراوییە.

ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی تاک نیشانەی زیندوویی‌و دەروەستیی ئەوە. هەر تاکێک یان نەتەوەیەک، کە بۆ نەهێشتنی ئازارو مەینەتییەکان دەنگی هەڵبڕی، نیشانەی ئەوەیە ئەو تاکە، یان ئەو نەتەوەیە زیندوویەو بەدوای چارەسەرو دیتنەوەی ڕێگای دەربازبوون‌دا دەگەڕێ. کورد بە درێژایی مێژوو بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە خەبات‌و تێکۆشان‌دا بووە ، کە چی زۆر ساناو بەوپەڕی بێ‌موبالاتی بەلای زۆر مەسەلەی گرنگ‌دا تێدەپەڕین بێ ئەوەی بڵێین بۆ؟ کورد، لەگەڵ ئازارەکان پێوەندییەکی بەردەوامی هەبووە. ڕەنگە ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زاڵە، لایەنێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئازارو نەهامەتییەکان ئێمەیان سڕ کردوە! بۆیە بۆمان ئاسایی بووە و بە بێدەنگی بەلایان‌دا تێدەپەڕین.

ئێمە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەموومان لە تاکەکانەوە بگرە تا حیزبەکان، دەزانین چیمان بەسەرمان هاتوە ، کەچی ئەمڕۆ هەوڵەکانمان بۆ ڕێگرتن لەوەی دوژمنی ڕاستەقینە بەسەرمان دێنێ، لە ئاستێک‌دا نیە کە دڵی پێ خۆش بکرێ.

**خەباتی مافخوازی نرخی خۆی دەوێ**

ئەگەر سەرپێیی بەنێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان‌دا بگەڕێین، دەبینین کە



کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر تویژێک هەن، لاپەڕەکانیان پڕن لە ستاتووس، وێنەو کۆمێنتی سیاسی‌و مافخوازی، بەڵام نەک بۆ پارچە پڕئازارەکەی نیشتمانی‌خۆیان، بەڵکوو بۆ پارچەکانی دیکە (باشوور، باکوور و ڕۆژاوا)ی کوردستان. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر چاوێک بە لاپەڕی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان‌دا بخشێنین، تەنانەت لەنێو ڕووناکبیران‌و سیاسییەکانیشیان‌دا زۆر بە دەگمەن دەبینین کە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووبێتە خەمی ئەوان. هەر کام لەو پارچانەی کوردستان جیاوازی‌و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و زۆر زەحمەتە بتوانین لە گەڵ یەک بەراوردیان بکەین، بۆ نموونە لە باشووری کوردستان هەنگاوی زۆر گەورە نراوە و کورد لەم بەشەی وڵات، بە زۆر لە مافەکانی گەیشتوە. ئەم دەسکەوتانە دەکرێ هەموو کوردێک لە هەر جێیەکی ئەم جیهانە دڵی پێیان خۆش بێ و بەدەسکەوتی گشتیی کوردی بزانن، بەڵام بەو مانایە نا کە ببێتە هۆی ئەوەی چاوپۆشی لە ئازارەکانی ئەو پارچەیەی دیکە بکرێ. لە حاڵێک دا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەم و خۆشییەکانی پارجەکانی دیکەدا خۆی بە شەریک دەزانێ، بەداخەوە کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەم جۆرە بیر ناکەنەوە و لە ئاست رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا خۆ بەدەروەست نازانن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای ئەوەی بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی ئێرانەوە لە پەراوێز خراوە، ئەوندەش کوردانی ئەو پارچەیە بۆخۆیان لە پەراوێزیان خستوە. زۆر لە ڕووناکبیران‌و نوخبەی سیاسیی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەهانەی دڕندەیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، چاوپۆشی لە بێبەشیّ و بێمافییەکانی کورد لەم بەشە دەکەن‌و ئەوندەی دڵیان بە هەنگاوو دەسکەوتەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان خۆش کردوە و پێی هەڵدەڵێن، ئەوندە هەوڵ نادەن کێشەو مەینەتی‌و ویست‌و داواکانی نەتەوەکەیان لەو پارچەیەی کوردستان، بکەنە مژاری باسەکانی خۆیان. ڕاستە دڕندەییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گوتن نایە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە بیکەن بە بیانووی گرێدانی زمانی خۆیان‌و لە ئاست پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان خۆیان بێدەنگ بکەن.

چالاکە سیاسییە ڕۆژهەلاتییەکانی تاراوگەش بە هەمان شێوە. لەم دوو سێ حەوتووی رابردوو دا کە مەسەلەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان ببووە مژاری ڕۆژ، ئەوندەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە بە جلوبەرگی کوردی‌و رەنگاورەنگ‌و ئاڵای کوردستانەوە بەشدارییان لە ڕێپێوانەکان بۆ پشتیوانی لەم ویستە کرد، وا بزانم کوردەکانی باشوور لە نێوخۆی وڵاتەکەی خۆیان کە ئازادن، ئەوەیان نەکرد! دیارە ئەوە بەهەڵوێستیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەرزیی شعووری نەتەوەیی ئەوان دەگەیەنێ کە پێویستە هەر کوردێک وابێ، بەڵام بەمەرجێک ئەم لایەنگری و پشتیوانییە لە ویستەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکسان نەبیت لە گەڵ پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتی کورستان و، کوردی پارچەکانی دیکەش بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان وابن، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی بێمافی‌و ئازارەو لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە هاوکاری‌و پشتیوانی هەیە.

ئەم مەسەلەیە تەنیا تاکەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو حیزبەکانیش دەگرێتەوە. زۆر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرفتاری ململانێیەکی بێ‌جێن و تەنانەت هێندێکیان دژایەتی‌و بوغزاندنی بەرانبەرەکەیان هێناوەتە نێو سیاسەتی ڕۆژانەیانەوە. بەهۆی ئەوەی بنکەو بارەگاکانیان لە باشووری کوردستانە، فەزای سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و کولتووریی ئەم پارچەیەی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر بەسەریان زاڵ بووە. ڕێبەران و نوێنەرانیان ئەوندەی پەیام‌و لێدوانیان لە بارەی ڕووداوو

ل ٥

# خەسارناسی دانوستانە ناوکی‌یەکان کۆماری ئیسلامی



ئارەش لورستانی
و: ئاڵەشین

ئەگەر بمانەوێ خەسارناسیی دانوستانە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی بکەین، ئەم بابەتەلە روانگەی جۆراوجۆرە جێگەی تێڕامان و تاوتوێ کردنە. ئەم نووسینە بارودۆخی ئەمڕوی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران لەدوو بیاڤی سیاسەتی نێوخۆیی‌و دەرەوە لەبێژینگ دەداو راڤەدەکا. هەوڵ دەدەم ئەم فاکتەرانە بخەمەبەرباس کەلەسەر هەر چەشنەکردەوەیەکی ئێران سەبارەت بە دانوستانە ناوکییەکان بەگوێرەی هەلومەرجی ئەمڕۆی سیستمەکە شوێندانەرن.

**ئەلف) سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران:**

بۆ تاوتوێی کارکردی سیاسەتی نێوخۆی، باشترین پێوەرو پێودانگ تاوتوێی واقیعی و ئەمرۆیی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییە. ئەم دوو فاکتەرە سەرەکییە رەوشی دڵخوازنە، یان قەیراناوی سیستمی دەسەڵات لەسیاسەتی نێوخۆییدا ئاشکرا دەکەن. وەک دەزانین کۆماری ئیسلامی تا ئەوجێیەی بۆی بکرێ خۆی لەبڵاوکردنەوەی ئاماری فەرمی‌و جێگەی باوەڕ دەبوێرێ، کەواتەئەگەر سەرنج بدەینە ئامارە نێونەتەوەییەکان‌و تەنانەت ئەو ئامارانەی رەخنەگرانی سیستم بڵاوی دەکەنەوە، دەبینین ئەمرۆکە کۆماری ئیسلامی ئێران لەخراپترین هەلومەرجی مەدەنیدا دەژی. بەگوێرەی ئامارە نێونەتەوەییەکان، ئێران لەزۆر بواری وەک بێکاری، زۆربوونی جینایەت‌و تاوان، گیرۆدە بوون بەمادە هۆشبەرەکان، نەبوونی میدیای ئازاد، نەبوونی ئازادیی رادەربڕین، پێشێلی مافی ژنان، خەمۆکی، خۆکوژی، پیس بوونی ژینگە، ئاستی نزمی خۆشبژێوی، رێژەی بەرزی کۆچبەر، گەندەڵی، ئازاردانی منداڵان و... هتد، یا لەسەرووی هەموانەیان دەکەوێتەریزی خراپترین وڵاتانەوە.

لەبواری ئابووریشدا دەبێ بڵێین، نەخۆشیی هولەندی ( چەمکێکی ئابوورییە کە هەول دەدا پێوەندیی نێوان هەڵگرتنەوەو بەکارهێنانی بێ‌ئەندازەی سەرچاوە سروشتییەکان و وەستانی بەشی پیشەسازی شی بکاتەوە. ئەم چەمکەدەڵێ بەرزبوونەوەی داهاتی سەرچاوەسروشتییەکان دەتوانێ ئابووری نیشتمان لەحاڵەتی پیشەسازی دوور بکاتەوە) لەبیاڤی نەوت‌و هەروەها تێچوی بەرزی ئابووری لەبەشەکانی ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی‌و سەربازی کەبەهیچ جۆریک ئاکامی گەشەو قازانجی کۆمەڵایەتی لێ ناکەوێتەوە، وەک دوو فاکتەری رووخێنەر بیاڤی ئابووری بەرەو وێرانی و مایەپووچی دەبەن.

کەواتەروون و ئاشکرایە سیاسەتی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتەواوی لەکەڵک کەوتووو قەیراناوییەو لە ئاکامی ئەو هەڵومەرجەدا زیاتر بوون و بەردەوامیی ئاکامی کاریگەرییە نەرێنییەکانی گەمارۆ نێونەتەوەییەکان دەتوانن وەک بزوێنەرێکی بەهێز، شۆڕشە کۆمەڵایەتی‌و نافەرمانەیە مەدەنییەکان چالاکتر بکەن‌و دەسەڵاتی ئیسلامی بەرەو پرۆسەیەک بەرن کەرێگەی گەڕانەوەی نەمێنێ.

**ب)** سیاستی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی:

سیاستی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەبیاڤی جیهانی‌و رۆژهەڵاتی ناڤین‌دا لێک جیان‌و لەئاکامدا پێوەندی ئەم دوو بیاڤە، کۆی سیاسەتی دەرەکی ئەم وڵاتە پێک دێ.

- سیاسەتی دەرەوە لەروانگەی جیهانی، لەم بەشە زلهێزەکان‌و بیرورای گشتی نێونەتەوەیی هەن.

**. زلهێزەکان:** وڵاتانی ئەمریکا، رووسیە، بریتانیا، فەرانسەو ئاڵمان لایەنی بەرامبەری کۆماری ئیسلامین کە هەرکامیان لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان دەگەرێن‌و دەیانەوێ دژکردەوەی جیهانی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران هەماهەنگ بکەن. ئەم ئەهرومە فشارانەی کەئەم گروپەدەتوانن دژی ئێران بەکاری بێنن بەگوێرەی هەلومەرجەکان گۆڕاوەو زۆر جاران ئەم وڵاتە بە هێزانە لە پرۆسەی رووبەروو بونەوە دەگەڵ پرۆژەی پیتاندنی ئۆرانیوم لەئێران، تووشی لێک ترازان‌و لێک نزیک بوونەوە بوون. لەئاکام‌دا زۆربەی گوشارەکان لەلایەن ئامریکاوە بە هەماهەنگی زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن خراونەتە سەر ئێران. لەبیاڤەکانی هەناردەو هاوردەی ماددەی خاو، خواردەمەنی، ئەرز، تێکنولوژی ئیتلاعاتی‌و ئەمنییەتی، کەلوپەلی سەربازی، کەرەستەی هێنان‌و بردن‌و راگواستن؛ کە کۆڵەکەی سەرەکی پێوەندی دەرەوەن و تەواوی دیپلۆماسییەکان لەسەر ئەوان پێک دێن گەمارۆیەکی نێونەتەوەیی لەئاستێکی بەرین، جیهانی‌و بێ وێنە بەسەر ئێراندا سەپان. ئەو گەمارۆیانەی زۆر جار بوونەتە بابەتی دامەزراوە نێونەتەوەییە کان‌و ماشێنتی میدیاکان‌و چالاکیی شرۆڤەکاران. بەچەشنێک ئەم جۆرەگەمارۆیە، سەرچەشنێکی دڵخوازی لەدەروونناسی سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکان بەجیهان‌و بەمێژوو دا. خاڵێکی دیکەش، کە نیشاندەری لەرزۆکی‌و ڕزیوی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی‌یەو لاوازی‌و قەیرانی جیددی سیستمی دەسەڵاتی ئێران دەردەخا، باسی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکایە کەماوەی ٣٥ساڵە لەلایەن گەورە بەرپرسانی ڕێژیمەوە بووەبە هێڵی سوور. بەڵام لەهەلومەرجی ئەمڕۆکەدا دەبینین گەمارۆکان‌و قەیراناوی بوونی پرسی ناوکی بووەتە هۆی ئەوەی کەڵێن بکەوێتە نێوان گەورە بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی




لەسەر درێژەپێدانی دوژمنایەتیی ئەمریکا. نەخۆشیی هۆڵەندی لەکەرتی پێترۆڵیش‌دا هۆکارێکی گرنگەکە ڕێژیمی زیاتر لەجاران بەهەناردەی نەوت‌و هاوەردەی جۆراوجۆر بۆ دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ببەستێتەوەو لەدانوستان دەگەڵ وڵاتە پیشەییە پێشکەوتووەکانی جیهان لاوازبێ.

**بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی:** وڵاتێکی وک ئەمریکا کەتوندترین هەڵوێست‌و حەساسییەتی دژ بە ئێران هەبووەو هەیە لەڕێگەی میدیایی‌و دامەزراوەکانی مافی‌مرۆڤەوە، پاڕادۆکس‌و قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامی زەق کردۆتەوەو گۆڕەپانی رووبەروو بوونەوەی خۆی دژی ڕێژیم هەراوتر کردوەو ئەم دەسەڵاتەی لەبواری سیاسی- ئابووری خستۆتەتەنگانەو تەریکی خستۆتەوە.

ڕوون‌و ئاشکرایە کۆی کارو هەڵوێستی **زڵهێزەکان** لەگەڵ بیروڕای گشتی جیهانی دژی کۆماری ئیسلامی کارتێکی براوەی گەورەیەکە تەنیا بژاردەی ئیعتمادسازی بۆ باشکردنەوەی هەلومەرج بەسەر ئێراندا دەسەپێنێ‌و لەم پرۆسەیەدا سێ فاکتەری گرینگی هێز، کات‌و (مەیدان) کۆنترۆل ناکرێن.

**-سیاسەتی دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناڤینی(ناوچەیی)**: کۆماری ئیسلامی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌دا دەورو ڕۆڵێکی تەواو رووخێنەرو ئاژاوە گێڕانەی هەبووە. پشتیوانی لەگرووپەتوندڕۆو تیرۆریستییەکان، بەشار ئەسەد، حیزبووڵڵای لوبنان، حەماس‌و . . . دەستێوەردان لەکاروباری نێوخۆییو سیاسی‌و ئابووری زۆربەی وڵاتانی دراوسێ، هەڕەشەکردن لەهەندێک وڵاتی وەک ئیسراییل، دانی پوان‌و ئیمتیازێکی زۆر بەوڵاتانی وەک رووسیەو چین لەپێناو پیشتوانی کردنیان لە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەو زۆر فاکتەری گرینگی دیکە کە تێچووی قورس‌و میلیاردی ئەوان بۆتە هۆی داڕووخانی ئابووری ئێران‌و وڵاتانی ناوچەکە و ئابوورییەکی داڕماو. سیاسەتی قەیران خوڵقێنی‌و دروست کردنی ئاڵۆزی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەقامگیریی ناوچەیەک کەنزیک بە٦٠٪ وزەی جیهانی دابین دەکا.

بەسرنجدان بەو فاکتەرانەی باسیان کرا دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی تا ئێستا ئابووری‌و پوتانسیەلی ئێرانی زیاتر بۆ قەیران خوڵقێنی و ئاژاوەگێری بەکار هێناوە، پڕۆژیەک کە سەرەتایی شۆڕش بەناوی «هەناردەی شۆڕش» هاتەبەرباس. لەگەڵ ئەوەی کە دانوستانە ناوەکییەکان کە گەیشتوونەتە دوایین قۆناغ‌و کاتەکانی خۆیان، کۆماری ئیسلامی دەبێ بە قەبووڵی هەموو پاشهاتەکان، هەڵبژاردەکانی خۆی بکا. ئەو هەڵبژاردنەی کە دەتوانێ هەڵسوکەوتی سیاسی‌و ئابووری لەگەڵ جیهان بەدواوە بێ‌و یان بەردەووامی مێژووی ٣٥ساڵەی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە قەیرانی کردەوەکانی خۆی بەدواوە بووە.

# وردبوونەوەیەک لە هەستی نەتەوایەتیی کوردی رۆژهەڵات بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان



مەسعود رەواندوست

گەلی کورد وەک گەورەترین گەلی بێدەوڵەتی جیهان کە مافە نەتەوایەتییەکانی لێ زەوتکراوە و خاک و نیشتمانی لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش بووە، سەدان ساڵە بۆ وەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆی و رزگاربوون لە ژێردەستەیی خەبات دەکا و قوربانی دەدا.

داگیرکەرانی کوردستانیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە هەموو شێواز و ئامرازەکان هەوڵی سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوەی کورد و دامرکاندنی ئاگری خەباتە پیرۆزەکەیان داوە، بەڵام لە هەمووی ئەو خەبات و ململانێیەدا، هەستی نیشتمانپەروەری و ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی ئەم گەلە خەباتکارو خۆڕاگرە هۆکاری سەرەکیی مانەوە و گەشاوەبوونی ئاگری خەباتی نەتەوەیی کورد بووە.

ئەم هەستە نەتەوایەتییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان وایکردوە گەلی کورد لە بەرامبەر سەرکوت و زەبروزەنگی دوژمناندا بە چۆکدا نەیە و ئەگەر بۆ ماوەیەکیش ئاگری خەبات لە کزی دابێ، لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەم ئاگرە سەرهەڵداتەوە و گەلی کورد بەرامبەر بە دوژمنان قایم و خۆڕاگر و بەرامبەر هاونیشتمانە زۆرلێکراوەکانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان خەمخۆر و دڵسۆزتر بن.

هەروەک گوترا هەستی نەتەوایەتی بە تایبەت بۆ گەلی کورد کە خاک و وڵاتی داگیرکراوە و بۆ وەدەستهێنانی سەروەری و دەسەڵاتی خۆی لەسەر خاکەکەی خەبات دەکا، هەستێکی پیرۆز و پێویستە و رەمزی مانەوە و بەردەوامبوونە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوایەتیدا. لەم وتارەدا دەوڵ دەدرێ ئاورێک لەم هەستە پیرۆزەی گەلی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بدرێتەوە و دەرەنجامە خوازراو و نەخوازراوەکانی لەسەر خەباتی نەتەوایەتی لەم بەشەی کوردستاندا لێک بدرێتەوە.

هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری و گەلدۆستیی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر تێکۆشەران و خەباتکارانی کورد و هاونیشتمانەکانیان لە هەموو بەشەکانی کوردستان شتێکی روون و ئاشکرایە و عەرەب گوتەنی «اظهر من الشمس»ـە. باوشی ئاوەڵا و پێشوازیی گەرمی کوردی رۆژهەڵات لە رۆژە سەختەکانی ئاوارەیی و لێقەوماندا بە رووی خوشک و برا هاونیشتمانەکانی لە باشووری کوردستان، خۆپێشاندان و گیران و کوژران لە پێناو پشتیوانی لە خەباتی کورد لە باکووری کوردستان، خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی و شادی و دیلان بۆ سەرکەوتنەکانی کورد لە باشوور و دەیان نموونەی دیکە شاهیدن لەسەر ئەم هەستە بەرزەی کوردی رۆژهەڵات.

بێگومان ئەم هەستە پیرۆزە و ئەم رەوشتە بەرزە لە فەرهەنگێکی نیشتمانپەروەرانە و گەلدۆستانەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرهەمی ئاستی وشیاریی نەتەوایەتیی کوردانی رۆژهەڵات و هزر و پەروەردەی نەتەوایەتیی بزووتنەوەی سیاسیی پێشکەوتنخوازانەی کورد و رێبەرانی شەهیدی لەم بەشەی کوردستانە کە وایکردوە بە شادییەکانی هاونیشتمانەکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان شاد بن و لە خەم و پەژارەیاندا خەمبار و شەریکی خەمیان بن.

بەڵام ئەوەی تا ئێرە باسکرا، لایەنێکی خەباتی نەتەوایەتییە و بۆ ئەوەی ئەم هەستە پیرۆزە خزمەتی پێویست بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی بکا و زیان بە بەشێکی دیکە نەگەیەنێ، پێویستە گەلی کورد بە تایبەت لە رۆژهەڵات چاوکراوەتر و گشتگیرتر بڕوانێتە لایەنە جۆراوجۆرەکانی خەبات، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان هەر هەست یان کردەوەیەک ئەگەر لە شوێنێک بە قازانج بێ بەڵام لە شوێنێکی دیکە زیان بە بەرژەوەندی گشتیی کورد بگەیەنێ خراپە و ناچێتە خانەی خزمەت بە گەلی کوردەوە.

بۆ روونتربوونەوەی مەسەلەکە پێویستە کورد بە گشتی و گەلی کورد لە رۆژهەڵات بە تایبەتی، باش لەو راستییە تێبگەن کە سروشتی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە هەر پارچەیەک جیاوازە و تێکۆشەرانی کورد لە هەر پارچەیەک خەبات بکەن دەبێ کۆمەڵێک رێسا و چوارچێوە وەبەرچاوبگرن کە هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە بەسەر کوردیدا سەپاندوە. بۆ وێنە کاتێک کورد لە پارچەیەک خەریکی خەباتە لە دژی حکوومەتی ناوەندیی زاڵ بەسەر خاکەکەیدا، ناچارە بۆ مانەوەی خۆی و راگرتنی خەبات لە ئیمکاناتی ناوچەکە و پێوەندیی دەوڵەتەکان و ناکۆکیی نێوانیان کەڵک وەرگرێ (دیارە بە مەرجێک زیان بە خەباتی کورد لە بەشەکانی دیکە نەگەیەنێ). کەوابێ هیچکام لە خەباتکارانی کورد لە هیچ بەشێکی کوردستان ناتوانن لە یەک کاتدا لەگەڵ چەند دەوڵەتی ناوچە شەڕ بکەن و دوژمن بن. هەر بۆیە پێوەندییەکی دوولایەنە لە نێوانیاندا دروست دەبێ و شەرتی یەکەم و سەرەکیی ئەم دەوڵەتانەش ئەوەیە کە هیچ مەترسییەک بۆسەر ئەمنییەت و بەرژەوەندەکانیان دروست نەکەن. کەوابێ هیچ حیزب و رێکخراوێکی بەهێز و کاریگەری کورد لە ناوچەکە ناتوانێ چالاکی بنوێنێ ئەگەر دژی بەرژەوەندەکانی زیاتر لە یەک دەوڵەت لەو دەوڵەتانە کار بکا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

لە دۆخێکی لەمجۆرەدا هەر پارتێکی سیاسی لە بەشێکی کوردستان بە هەڵگرتنی دروشمێک کە لەگەڵ واقعی کوردستان ناگونجێ (بۆ وێنە سەربەخۆیی کوردستانی گەورە) بیهەوێ هێز و پتانسیەلی کورد لە بەشەکانی دیکە بۆ خەبات لە بەشەکەی خۆی بەکاربێنێ و ئەو پتانسییەلە لە مەیدانی ئەسلی و پارچەی خۆی دوور بکاتەوە خزمەتی بە داگیرکەری ئەو بەشەی کوردستان کردوە و کەڵکی خراپی لە هەستی نەتەوایەتیی کوردی ئەوە بەشە وەرگرتوە و لە راستیدا کەڵکی ئەبزاریی لەو پتانسییەلە وەرگرتوە.

دەرک کردن و تێگەیشتن لەم راستییە و دوور کەوتنەوە لە ئیحساسات وادەکا کورد سیاسەتێکی واقعبینانەتر بکا و توانا و ئیمکاناتی خۆی لە جێی خۆی و شوێن و کاتی پێویستدا بەکاربهێنێ.

هەر بۆیەشە لە حاڵێکدا کە دەبینین کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر هەموو رووداوە ورد و درشتەکانی باکوور، باشوور و رۆژئاوای کوردستان لەسەرهەستن و شادی و خەمیان لەگەڵ بەش دەکەن و تەنانەت زۆر جار لەوەش زیاتر دەچنەپێش و گلەیی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکەن کە بۆچی بۆ هەر رووداوێکی رۆژئاوا و باکوور و ... راگەیەندراو دەرناکەن و هەڵوێست ناگرن، بەڵام لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستاندا هیچ دژکردەوەیەک بەرامبەر کوژرانی کۆڵبەرانی کورد و گیران و ئەشکەنجە و ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی نیشان نادرێ.

**کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر هەموو رووداوە ورد و درشتەکانی باکوور، باشوور و رۆژئاوای کوردستان لەسەرهەستن و شادی و خەمیان لەگەڵ بەش دەکەن و تەنانەت زۆر جار لەوەش زیاتر دەچنەپێش و گلەیی لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکەن کە بۆچی بۆ هەر رووداوێکی رۆژئاوا و باکوور و ... راگەیەندراو دەرناکەن و هەڵوێست ناگرن، بەڵام لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستاندا هیچ دژکردەوەیەک بەرامبەر کوژرانی کۆڵبەرانی کورد و گیران و ئەشکەنجە و ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی نیشان نادرێ**

ئەوە وادەکا سیاسییەکان و رووناکبیرانی رۆژهەڵاتی کوردستان بیر بکەونەوە کە بە راستی بۆچی خەڵکی رۆژهەڵات ئەوەندەی بە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ماندوون ئەوەندە بیر لە بارودۆخی کورد لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئاخوندیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناکەنەوە. زۆر جار هەڵوێست و کردەوەکانی بەشێک لە چالاکانی رۆژهەڵات کە جاروبار بە رووناکبیریش ناودەبرێن، بەرامبەر کوژرانی گەریلایەک و شەرڤانێک و قسەیەکی عەبدوڵڵاگول و قسەکانی سەرکردەی فڵان حیزب و رێکخراوی بەشێکی دیکەی کوردستان ئەوەندە توند و گەرم و گوڕە کە کەسێک کورد نەناسێ دەڵێ رەنگە ئەوانە لە رۆژهەڵات هیچ گرفتێکیان نەبێ و سەربەخۆییان وەرگرتبێ و ئێستا دەیانهەوێ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش رزگار بکەن.

ئەوە لە حاڵێکدایە لە گەلی کورد لە رۆژهەڵات رۆژانە لەژێر چەوسانەوە و سەرکوتی سیستماتیکی رێژیمی ئاخوندیدایە و رۆڵەکانی لە زیندانەکان ئەشکەنجە دەکرێن و مانگ نیە چەند لاوێکی کورد لە سێدارە نەدرێن یان کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزەکانی رێژیم نەکوژرێن و بریندار نەبن. کورد لە سەرەتاییترین مافە نەتەوایەتییەکانی وەک خوێندن بە زمانی خۆی بێبەشە و تەنانەت ناوی منداڵەکانیشیان دەبێ بە ویستی رێژیم بێ. رێژیم بە هەر شێوەیەک لە دەستی بێ لە هەوڵی تواندنەوە و سڕینەوەی کورد و نیشانەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندایە و بە رووی دەرەوەشدا زۆر بێشەرمانە رادەگەیەنێ کە کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد لە ئێران بوونی نیە.

کاتێک بیر لەم ئیدیعایەی رێژیمی تاران دەکەینەوە هەستیاریی ئەم باسە و گرنگیی دیاریکردنی ئاراستەی هەست و سۆزی نەتەوایەتی لە نێو کوردی رۆژهەڵات زیاتر خۆی دردەخات. لە حاڵێکدا کە هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە بەرامبەر بچووکترین چالاکییە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردی رۆژهەڵات هەستیارن و زۆر بە توندی بەرپەرچی دەدەنەوە و سەرکوتی دەکەن، بەڵام لە بەرامبەر هەست و سۆزیان بۆ پارچەکانی دیکە رێگرییەکی ئەوتۆ ناکەن و پێیان ناخۆش نیە هەست و پیانسییەلی نەتەوایەتیی کوردی رۆژهەڵات بە ئاراستەیەکی دیکەدا بچێ و کوردی رۆژهەڵات بەرامبەر دەرد و ئازارەکانی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی دەرنەبڕێ و بێ دەنگ بێ و بە کردەوە ئیدیعای رێژیم بۆ نەبوونی کێشەیەک بە ناوی کێشەی کورد بسەلمێندرێ.

لەم حاڵەتەدا جێی خۆیەتی هەم سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەم رووناکبیران و چالاکانی ئەو بەشە نیگەرانی ئاراستەی ئەو هەستە نەتەوایەتییەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بن کە خەریکە لە ئاست سەرکوتی سیستماتیک و هەوڵی چڕی رێژیم بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کورد و کولتوور و هێما نەتەوایەتییەکانی گیرۆدەی جۆرێک کەمتەرخەمی و بێتەفاوەتی دەبن و ئێعدام و گرتن و ئەشکەنجە و کوشتنی لاوانی کورد بۆیان دەبێتە شتێکی ئاسایی رۆژانە و لە هەمان حاڵدا هەوڵ دەدەن حەز و هەستی نەتەوایەتییان بە ئاراستەی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دابمرکێنن و لە ئاست رێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک تەسلیم و بێدەنگی بگەن بەجۆرێک کە زۆر جار دەبینین کەسانێک کە کوڕ و جگەر گۆشەیان بە دەستی هێزەکانیان رێژیم کوژراوە ئامادەنین بچنە بەردەم ئیدارەیەک و ڕق و تووڕەیی خۆیان لەو زوڵمە دەرببڕن کە بەرانبەر خۆیان و جگەرگۆشەکەیان کراوە و خەڵکی دەوروبەریشیان لە دوورەوە بینەرێکی بێ تەفاوتی دووبارە بوونەوەی رۆژانەی ئەم سیناریۆیەن کە لەوانەیە زوو یان درەنگ لەسەر خۆشیان بەرێوەبچێ.

لێرەدایە کە گرنگیی ئەو راستییە باشتر دەردەکەوێ کە پێویستە ئەو هەستە نەتەوایەتییە پاک و بێگەردەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی حەز و خواستی دوژمنانی کورد لەم بەشەی کوردستان، وێڕای پاراستنی سۆز و وەفاداری بۆ هاونیشتمانەکانی لە بەشەکانی دیکە، ئاراستەکەی بۆ نێوخۆی رۆژهەڵات بگۆڕدرێ و لە جیاتی ئەوینێکی (بەداخەوە) یەک لایەنە، روو لە ئەرکە نەتەوایەتییەکانی لە رۆژهەڵاتدا بکا و ببێتە ئاگرێک و گڕ لە ماڵی ئارامی داگیرکەرانی کوردستان بەربدا. بێگومان هەستیاری و چالاکیی کوردانی رۆژهەڵات بەرامبەر مافەکانیان و یەکگرتوویی و تێکۆشان بۆ پساندنی زنجیری دیلی و ژێردەستەیی تەنیا رێگەی رزگاریی گەلی کورد لەم بەشە و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانە.

درێژەی:

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نوقمی ئازارو بێدەنگی

ئاڵۆگۆڕەکانی باشوور، ڕۆژاوا باکووری کوردستان هەیە نیو ئەوەندە ئاوڕ لە کێشەو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادەنەوە، ڕۆژهەڵاتێک کە رۆژانە لە گەڵ بەندکران، ئێعدام و ...کوشتاری دانیشتوانی، بەرەوڕوویە. ئەمانە زیانی گەورەیان لە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە.

کوردەکانی ڕۆژهەڵات، دەستیان خۆش بێت کە بۆ هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە بە وەفد بۆ سەر مەزاری قوربانیانی هەڵەبجە دەچن، لەشیان ساغ بێت کە بۆ دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان جێژن و شایی دەگرن، زۆر باش دەکەن کە هاوسۆزیی خۆیان بۆ خەڵکی رۆژئاوای کوردستانو گەریلای باکوور دەنوێنن. هەموو ئەمانەیان بە نیشانەی بەهەڵوێستیو بەرزیی شعووری ئینسانیو نەتەوەییان لە ئاست خوشکو براکانیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دادەنێم و ڕێزی لێ دەگرم. بەڵام بێدەنگ بوونی ئەوان لە ئاست بێمافییەکانی خۆیان و هەروەها بێدەنگ بوونی خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاست ئێعدامی ڕۆڵەکانی کوردو کوشتاری رۆڵە زەحمەتکێشەکانی ئەو پارچەیە لە سنوورەکان بە دەستی هێزە دڕندەکانی کۆماری ئیسلامی، بێدەنگیو بێهەڵوێستی و بێتەفاوەتیان لە ئاست بۆنە و یادەکانی تایبەت بە تیرۆری کەسایەتییە سیاسییە ناودارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نموونە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و... یا کارەساتەکانی دیکەی ئەم پارچەیە، دەبێ چ ناوێکی لێ بنرێ؟

**باباوەڕ بەخۆبوون لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەهێز بکەینەوە**

حیزبەکانو نوخبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی درِ بەم بێدەنگییە بدەن کە باڵی بە سەر ئەم بەشەی کوردستاندا کێشاوە، پێویستە لە پلەی یەکەم دا، ڕۆژهەلاتی کوردستان بە مەسەلەی سەرەکی و هەرە گرنگیی خۆیان بزانن و،قورسایی تێکۆشان و ئاوڕدانەوی خۆیان بخەنە سەر ئەم بەشەی کوردستان. پێویستە جارێکی دیکەیەکگرتووانەو بە هاودڵی رووی قسەو سیاسەتو تێکۆشانیان بکەنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو گومە مەندەکەی کوردستان بشڵەقێنن. بەربەستی سەررێی ئەم کارەش لە پێشدا بە دەستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لادەچێ. ئەگەر ئەوان بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوێ، کە بەدڵنیاییەوە دەیانەوێ! دەبێ کینەو بوغزەکانیان بۆ هەمیشە فڕێ بدەن و دەستی هاوکارییو هاودڵیی بخەنە دەستی یەکترەوە بۆ خەباتێکی بەهێز دژی کۆماری ئیسلامی. لە ئێستاوە ئەزموونە تاڵەکانی شەڕی نێوخۆییو نایەکگرتوویی حیزبەکانی باشووری کوردستان بکەنە وانەی تێکۆشان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەر حیزبەکانی باشووری کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر گرفتاری شەڕی نیوخۆیی نەبان ، بەدڵنیایەوە زۆر لەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ ئێمە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەسەریاندا هەڵدەڵێینو جێژنو شاییان بۆ دەگرین، زیاتریان دەبوو! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر باش کەڵکی لەم نایەکگرتوویەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگرتوەو بە ئاسوودەییەوە هەوڵی کپ کردنی دەنگی کورد لەو پارچەیە لە هەموو بارێکەوە دەدا.

سەرکوتو خەفەقان گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی، هەرکەس کەمترین ناڕەزایەتی دەرببڕێ لەگەڵ قورسترین سزا بەرەوڕوو دەبێتەوە. ئەو ڕێژیمە زۆر باش دەزانێ ئەگەر هێزو لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو بوونایەو لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆک بوونایەو هەموو تواناو ئیمکاناتی خۆیان بۆ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەک کێشەو ململانێی یەکتر تەرخان بکردایە ، ئەویش نەیدەتوانی بەم شێوەیە کوردی ڕۆژهەلات سەرکوتو بێدەنگ بکاو بیخاتە پەراوێزەوە. ئەم نەبوونی یەکگرتوویيو هاوکاری لەنێو حیزبەکاندا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تووشی دلساردیو جۆرێک بێهیوایی کردوە و وای لێکردوون بەم جۆرەی لێیان چاوەروان دەکرێ، بەرەورووی ئەم ڕێژیمە نەبنەوە. حاشای لێ ناکرێ هۆیەکی هەرە ئەساسیی، بێدەنگ بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست ئەو هەموو سەرکوتو پێشێلکردنەی مافەکانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوکاری و هاوخەباتی لە نیو حیزبە سیاسییەکاندا.

**ئەگەر عەدنان حەسەنپوورەکان، محەممەد سەدیق کەبوودوەندەکان، کوردپوورەکان، کەمانگەرەکان، شیرینو فەرهادەکان و سەدان و هەزاران رۆڵەی ئازا و ئازادیخوازی ئەو میللەتە بۆ یەک ئامانج دەخرێنە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و پەتی سێدارە دەکرێتە ملیان، یا زنجیری دیلی دەخرێتە قاچ و دەستیان، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانن، حیزبەکانیش بۆ یەک ئامانج دەستی هاوکاری و هاودڵی بۆیەکتر درێژ بکەنو چی دیکە گیانو ئازاری ئەو بەندییانەو هەزاران شەهیدی ئەو نەتەوەیە، نەکەنە قوربانیی نایەکگرتوویی خۆیان**

ئەگەر عەدنان حەسەنپوورەکان، محەممەد سەدیق کەبوودوەندەکان، کوردپوورەکان، کەمانگەرەکان، شیرینو فەرهادەکان و سەدان و هەزاران رۆڵەی ئازا و ئازادیخوازی ئەو میللەتە بۆ یەک ئامانج دەخرێنە چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و پەتی سێدارە دەکرێتە ملیان، یا زنجیری دیلی دەخرێتە قاچ و دەستیان، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانن، حیزبەکانیش بۆ یەک ئامانج دەستی هاوکاری و هاودڵی بۆیەکتر درێژ بکەنو چی دیکە گیانو ئازاری ئەو بەندییانەو هەزاران شەهیدی ئەو نەتەوەیە، نەکەنە قوربانیی نایەکگرتوویی خۆیان. دروستبوونی ئەو هاوکاری و یەکگرتووییە وا دەکا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چی دیکە ئەم پرش و بڵاویی حیزبەکانیان نەکەنە بەهانەی بێدەنگیان لە ئاست پێشێل کردنی مافەکانی خۆیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

# شەڕی ئیسڕاییلو حەماسو کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچە



مستەفا مەعرووفی

نزیکەی مانگێک بەسەر دەستپێکردنی قۆناغێکی دیکە لە شەڕی نێوان ئیسراییل و حەماسدا تێدەپەڕێ. کوژرانی ٣ لاوی جوولەکە لە سەرەتاکانی مانگی ژووئیەدا بە دەست لایەنگرانی حەماس، بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی ئیسراییل لە ڕۆژی ٨ ژووئیەدا هێرشی هەوایی بکاتە سەر باریکەی غەززە کە بزووتنەوەی حەماس دەسەڵاتی ئەوێی بە دەستە. لە بەرامبەردا مووشەکبارانی خاکی ئیسراییل لە لایەن حەماسەوە هێرشی زەمینیی ئیسراییل بۆسەر غەززەی بەدواوە بوو. تا ئێستا نزیک بە ١٧٠٠ فەلەستینی لەم شەڕەدا گیانیان لە دەست داوە کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنیو ژنو منداڵن و نزیکی ٦٥ کەس لە ئیسراییلییەکان کوژراون کە زۆربەیان سەربازن. بێگومان زەرەرە ماددییەکانیش جارێ لە ئەژمار نایەن.

ئەوە کە تەلەفاتی فەلەستینییەکان چەندین بەرابەری ئیسراییلییەکانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ: یەکەم، شەڕەکە لە باریکەی غەززەیەو لە نێو خاکی ئیسراییلدا نیە. دووەم، زۆربەی مووشەکەکانی حەماس جگە لەوە کە زۆر پێشکەوتوو نین، ناگەنە ئامانجەکانیانو لە هەوادا لە لایەن ئیسراییلەوە دەقێندرێنەوە. سێیەم، توانای تیکنۆلۆژیی نیزامیی ئیسراییل زۆر لەسەرەوەیە، لە کاتێکدا کە ئیسراییل پشت بە تیکنۆلۆژیی نیزامی دەبەستێ، حەماس لە پشت خەڵکی مەدەنی سەنگەر دەگرێو تاکتیکێکی گرتۆتە پێش کە لە لایەک شوێنی هێزە نیزامییەکانی نادیارنو لە لایەکیش هەروەک شەڕەکانی پێشتر بە داخەوە کارێکی وا دەکا ڕادەی تەلەفاتی ئینسانی زیاتر بێ بۆ ئەوەی کەڵک لە ئێحساساتی جیهانیان بە تایبەتی جیهانی ئیسلامیو عەرەبی وەر بگرێ لە دژی ئیسراییل.

**لەم شەڕەدا کێ دۆڕاوە؟**

خەسارەتی فەلەستینییەکانی باریکەی غەززە هەر بە کوژرانی تا ئێستا نزیک بە ١٧٠٠ کەس و تێکڕمانی ماڵ و حاڵی خەڵک نابڕێتەوە. ئەم شەڕە زەبرێکی زۆر قورسی لە ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسراییل و فەلەستینییەکان دا کە هەر بۆخۆی ڕەوتێکی زۆر بە کاوەخۆو پڕ لە هەورازو نشێو بووە. ئاسەواری ئەو شەڕە (کە جارێ ڕوونیش نیە کەی کۆتایی دێ) بۆ ماوەیەکی زۆر باڵ بەسەر پێوەندییەکانی ئەو دوو لایەنەدا دەکێشێ. ئەوەی لە چەند ساڵ لە ڕەوتی وتوێژ بەدی دێ لە کاتو ساتێکی کەمدا بە هۆی شەڕ لە دەست دەچێ. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە دژکردوە بە هێرشە زیانبارەکانی ئیسراییلو ڕقو تووڕەیی زیاتری ئەعرابی موسوڵمان لە ئیسراییل. ئەمە دەبێتە هۆی بە هێز بوونی پێگەی حەماس. لە ئاکامدا ئەو بەشە لە فەلەستینییەکان بە تایبەتی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆن کە ڕێکخراوی فەتح دەسەڵاتی بەدەستەو دەتوانێ لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ ئیسراییل مافەکانی گەلی فەلەستین تەنانەت مافی جیابوونەوەو سەربەخۆییش وەدی بێنێ، لاواز دەبێو دەخرێتە پەراوێزەوە. کاریگەرییە ڕووحییەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئەو نەسلەی بە چاوی خۆی دیمەنە دزێوەکانی شەڕی دیوە، هیچکات ناسڕێنەوە فەزای نیگەرانیو بێ متمانەیی بۆ هەمیشە بەسەر ئەو نەسلە دا زاڵە.

زەرەرو زیانەکانی لایەنی ئیسراییلی لەم شەڕەدا چن؟ ڕواڵەتی کێشەکە وا دەنوێنێ کە ئیسراییل تەلەفاتێکی کەمی هەیە، خاکەکەی پاراستوە و مووشەکەکانی حەماس پووچەڵ دەکاتەوە...هتد. بەڵام جگە لەوەی تەنانەت ئەگەر باریکەی غەززەش بگرێ و حەماسیش ڕاو نێ، دیسان سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە. چونکە مەسەلەی فەلەستین بەمە کۆتایی نایە، دیسان هەر دەبێ لەگەڵ فەلەستینییەکان بە خاڵێکی هاوبەش بگا. لەم شەڕەدا ئیسراییل لەو ڕێژە فەلەفاتە ئینسانییەی کە بەری کەوتووە، لە ڕووی ئابوورییەوە خەرجێکی زۆری بە ملدا هاتوە. ئەو وڵاتە کە لە حاڵی شەڕ دایە ناچارە تواناو وزەی خۆی لە جیاتی پێشکەوتنو گەشەکردن، سەرفی شەڕ بکاو لە حاڵێکدا کە پێویستیی بە ئاساییش هەیە لە کاتی شەڕ دا ئەو ئاساییشەی نامێنێ. جگە لەوەش ئیسراییل کە پێویستی بە ئەهوەنکردنەی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەروبەری خۆی بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی هەیە، ئەم شەڕە سێبەری دەخاتە سەر ئەو پێوندیانە. جگە لەمانەش چۆن ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان هەلومەرجی شەڕ بە قازانجی خۆیان دەقۆزنەوە، ڕەوتە ڕادیکاڵە ئاینییەکانی جوولەکەش لە ئیسراییلو تەنانەت لە سەرانسەری جیهان ئەو هەلومەرجە دەقۆزنەوە. لە ڕابردووشدا دیتمان کە ئیخوانییەکان لە ساڵی ١٩٨١دا ئەنوەر سادات سەرکۆماری میسریان سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسراییل تێرۆر کردو لە ساڵی ١٩٩٤یشدا ڕەوتی توندڕەوی جوولەکە ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییلیان سەبارەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ فەتحدا تێرۆر کرد.

زیانەکانی ئەم شەڕە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەگرێتەوە. ڕەوتی ئاساییکردنی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کە لەسەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسراییلەوە لە ١٩٤٨دا تا دەیەی ١٩٧٠چەندین شەڕی قورس لە نێوانادا ڕووی دا بە هۆی ئەم شەڕەوە تووشی پاشەکشە دەبێ. لە ئاکامدا ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی ئەمن و جێگای متمانە نابێ. هێندێک کێشەی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە گرنگتینیان کێشەی کوردە، تا شەڕی ئیسراسییلو فەلەستینییەکان لە گۆڕێدا بێ، وەک سەرەکیترینو فەوریترین کێشە خۆی نانوێنێو سەرنجی بیروڕای گشتیی وڵاتانی بە هێز زیاتر لەسەر ئەو شەڕە کۆ دەبێتەوە.

**کێ سوود لەم شەڕە دەبینێ؟**

ئەوانەی ئیسراییل بە دوژمنی لە ئاشتینەهاتوو دەزانو پێیان وایە دەبێ ئیسراییل لەنێو بچێ. ئەمانە لە دوو ڕەوتی سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە. یەکەم، ئەو ڕادیکاڵە ئیسلامییەی کە ئێران ڕێبەرایەتیی دەکاو لە ڕاستیدا بە کردەوە لایەنێکی ئەم شەڕەیە. دووەم، ئەو ڕەوتە ڕادیکاڵە ئیسلامییەی کە ڕێکخراوە ئیسلامییە سوننییەکان لە عێراق، سووریە، ئەفغانستان، پاکستان و چەند وڵاتی ئەفریقاییدا چالاکن. ڕەوتی دووەم بە هۆی هەڵکەوتی جوغرافیای بە کردەوە لەم شەڕەدا بەشدار نیە، بەڵام لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە ئیسراییل بە دوژمنی خۆی دەزانێ و هەر شەڕێک لە دژی ئەو وڵاتە بکرێ لە قازانجی ئەو دایە. بەڵام ڕەوتی یەکەم واتە ئێران و دەست پێوەندەکانی لە فەلەستینو لوبنان بە کردەوە لەگەڵ ئیسراییل دەرگیرەو بەرژەوەندیی لەم شەڕەدا هەیە. لە خۆڕا نیە خامنەیی دوا لە فەلەستینییەکانی خەڵکی ڕۆژئاوای ڕووباری ئۆردۆنیش دەکا کە چەک هەڵگرن لە دژی ئیسراییل ڕاپەڕن. بەرژەوەندییەکانی ئێران لە دژایەتی لەگەڵ ئیسراییلدا زیاتر پێوندیان بە کێشە نێوخۆییەکانەوە هەیە. بەڵام لە ناوچەشدا ئەم شەڕە جێگەو پێگەی لایەنگرەکانی لە فەلەستینو لوبنان بەهێز دەکا. چونکە بەهێزبوونی ئەو لایەنانە تەنیا هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوژمانیەتی لە گەڵ ئیسراییلو ڕاکێشانی ئەو نەسلە گەنجەی کە ڕق و کینێکی زۆریان لە ئیسراییل هەیە، تا ئەو ڕق و کینە زیاتر بێ، سەربازەکانی ئەوانیش زیاتر دەبن.

بەڵام قازانجە نێوخۆییەکانی ئێران کامانەن؟ دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسراییل وەک پرەنسیپێکی ئیدئۆلۆژی بۆ کۆماری ئیسلامی سەیری دەکرێ. کە وابوو هەر شەڕێک لە دژی ئیسراییل لە ڕاستای ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی دایە. پاشان، کیشەی ئیسراییل بۆ کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەک بیانوویەک بۆ سەرکوتو پاکانە حیسابە نێوخۆییەکان کەڵکی لێوەرگیراوە. دوژمنێکی دەرەکیی وەک ئیسراییل بۆ کۆماری ئیسلامی وەک نێعمەتێکی گەورە وایە، هەر کەس لە نێوخۆ دەنگی لێهات بەرچەسپی نۆکەرایەتیی ئیسراییلی بە نێوچاوانەوە دەدرێو لە گەرووداد بێدەنگی دەکرێ. هەروەها یەکێک لە تاکتیکە هەرە باوەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان لە بۆنە جوراوجوەرکان دایەو مانۆڕدان بە حەشیمەتە. کێشەی ئیسراییلو فەلەستین لەم بارەیەوە سوودێکی زۆری بۆ ئەم تاکتیکە هەبووەو دیاریکردنی دوایین هەینیی هەموو مانگێکی ڕەمەزان وەک «ڕۆژی جیهانیی قودس» ڕاست بۆ ئەم مەبەستەیە، ئەگینا هیچ چەشنە یارمەتییەکی بە چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینییەکان نەکردوە. لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر کات ئێران سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ سەرکۆنە کرا، خوێن و وێرانییەکانی فەلەستین پێشانی بیروڕای جیهانی دەدا، چونکە خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلام دەزانێ. جگە لەمانەش ئێران بە بیانووی یارمەتیدان بە لایەنگرەکانی نفووزو دەسەڵاتی خۆی گەیاندۆتە سنوورەکانی ئیسراییلو ئەو کێشەیە وا دەکا ئێران حوزووری لەم ناوچانەدا هەبێو پێگەی لە ناوچەدا بەهێز بێ. ئێران لە ڕقەبەرایەتی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا لەسەر دەسەڵاتو بەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کەڵکی زۆر لە شەڕی ئیسراییل و فەلەستینییەکان وەردەگرێ. بۆ نموونە گرووپێکی وەک حەماس زیاتر خۆی بە قەزداری ئێران دەزانێو ڕادەی بەسراوەییەکەی بە ئێران زیاتر دەبێ تا وڵاتانی دیکەی عەرەبی.

**لە ئاکامدا**

ئاکامی ئەم شەڕە ئەوەیە کە؛ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ شوێنەوارێکی خراپ لەسەر ڕووحیەی خەڵک و لایەنی ئابووری هەردوولا بە تایبەتی فەلەستینییەکان دادەنێ. ئەم شەڕە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕادیکالیزمی مەزهەبی لە هەردوو لای ئیسلامیو جوولەکە بەتایبەتی بەهێزبوونی زیاتری ڕادیکالیزمی ئیسلامیو دوورەدیمەنێکی لێڵو تاریک دەخاتە بەر دەمی ڕەوتی ئاشتیو ئەمنییەت لە ناوچەدا. لایەنی سەرەکیی سوودمەند لەم شەڕەدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بە خۆشکردنی ئاگری شەڕەکە هەم نفووزو ئیعتیباری زیاتر لە نێو بزووتنەوە ئیسلامییەکانی فەلەستین و لوبناندا پەیدا دەکا و هەم لە نێوخۆدا بۆ تەسبیتو مەشرووعییەتدان بە خۆی کەڵی لێوەردەگرێ.



# پێکهەڵکردن و تۆلێرانسی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین



تەهای ڕەحیمی

لووتکەی پێکهەڵنەکردنی هەموو دیاردەیەکی زیندوو لە گیانلەبەرانەوە بگرە هەتا ماددە کیمیایی و هەر کەرەستەیەکی خاوەن دژکردەوە، ڕووبەڕووبوونەوەو پێکهێنانی یان دەرخستنی حاڵەتو دیاردەیەکی نەخوازراوە. بۆ وێنە کاتۆد و ئانۆد لە کارەبادا، ئەگەر بگەن بە یەکتری گرێکی توند دەخەنەوە و دەبنە هۆی برانی کارەباو ڕەنگە کارەساتیش، یان زۆر لە ماددە کیمیاییەکان دەگەڵ پێکگەیشتن دەبنە هۆی تەقینەوەو یان گۆڕینی یەکتری. هەر چەند ڕەنگە زۆر جاریش ئەم پێکهەڵنەکردنە ئەرێنی بێ، بەتایبەت سەبارەت بە کارلێکی ماددە کیمیاییەکان، کە بەرهەمدارە. بەڵام لە هەمووی ئەو دیاردە بێگیانانە گرنگتر پێکهەڵنەکردنی مرۆڤە، کە ئاکامی شەڕو خوێنڕێژی و هاتنە ئارای کەشێکی وەحشیانەی لێ دەکەوێتەوە. پێک هەڵنەکردنی مرۆڤەکان پێکەوە، نەک یەک تەقینەوەو برانی کارەباو، نەک ئاڵوگۆڕێکی ماددەیی و بەڵکوو توندوتیژییەک بەرهەم دێنێ کە هەموو پێکهەڵنەکردنەکانی دیکە دەکا بە ئامرازی پێکهەڵنەکردنی خۆی. ڕابردووی مرۆڤ لە سەرەتاوە بە پێکهەڵنەکردن دەست پێ دەکاو هەتا ئەم زەمانەش هەر قوڕی نەزانی و ئەم پێکهەڵنەکردنانەی دەشێلێ. سەرەڕای پێشکەوتنی بیرو هزری مرۆیی و نووسرانەوەی دەیان و سەدان و بگرە زیاتریش قانوون و بەربەست و لەمپەڕ لەپێناو لغاوی کەفوکوڵی کوێرانەی مرۆڤ، سەرەڕای سەدان و هەزاران بەڵگەو دیکۆمێنێت و بیرەوەری تاڵی مێژوویی لەسەر ناکۆکی؛ هەمێستاش زیاتر لە جاران پێکهەڵنەکردن، گۆڕەپانی ژیانی لە میلیۆنان کەس تاڵ کردوەو لێشاوی کۆچ و کۆچاندن و هەڵاتن و تەرکە زێدی و کۆمەڵکوژی ئایینی و نەژادی و نەتەوەیی مرۆڤی پێشکەوتووی سەدەی بیست و یەک دۆشداماو کردوە. هەموو ئایینەکانی جیهان بە ئەوانەی ئێستا شوێنکەوتوویان هەیەو، چ ئەوانەی هاتوونو لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەدرەوشێنەوە، بە مەبەستی هێنانە ئارای کەشێکی تژی لە خۆشەویستی و گەیاندنی مرۆڤ بە ساغ و سەلیمیە هەتا دوا هەوارگەی ژیانو دەگەڵ ئیمانداری و خوداپەرستنی کاری چاکە و ... پێکهەڵکردن و ڕێزگرتن لە مرۆڤ بنەمایانە. بەڵام بە دوای داهێنەرانی ئەم ئایینانانەوە، شوێنکەوتوان ئایینەکانیان کرد بە ئامرازی هێنانەدیی مرازەکانی خۆیان و بە تێکەڵ کردنی وتەوبێژەی جۆراوجۆر و فڕوفیشاڵی نەدیتراو، ماکی ئایینیان بە جۆرێک گۆڕی کە ناچنەوە سەر بنەمای ڕەسەنی خۆیان و شەڕو شووری بەلێشاوی ئەمڕۆکەش هەروەک دەبینین، ئاکامی بیری هەندێک بەرژەوەندیخوازە کە بە ناوی ئایین و پاراستنی ڕەسەنایەتی خۆ، ڕێگە بۆ هاتنە دی خەونە گڵاوەکانی خۆیان خۆش دەکەن.




بەتایبەتیش ئەم پێکهەنەکردن و ئاژاوانە لە مەڵبەندی سەرهەڵدانی ئایینەکان دوور نین. ئاگری ناکۆکی جیهانی شیعی و سوننی لە بەرەکانی شەڕی سووریە پەلی هاویشتە عێراق و هەنووکە لە سەرانسەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گەورەو هەروەها جیهانی ئیسلامدا بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕی ئەم دووبەرەیە لە ئارادایە و سەرکردەو ڕێبەرە چاچنووکەکانی هەردوو لا، بێبەزەییانە کاریگەرن لەسەر بەرین بوونەوەو قووڵبوونەوەی گرژییەکان. دەگەڵ شەڕی نێوخۆیی ئایینەکان شەڕی ئیسرائیل و فەلەستین ئەم ڕۆژانە بووەتە ڕۆژەڤی جیهان و سات و کات نیە، دەیانو سەدان ئینسانی بێتاوان گیانیان لێنەسەندرێ، کە دەکرێ بڵێین بە دیوەکەی دیکەیدا هەمان درێژەو پاشکۆی شەڕی یەکەمەو، تەنانەت پۆلوو و ژیلەمۆی گەشاوەی ئاگرێکی کۆنە کە بەدوای شۆڕشەکانی بە ناو بەهاری عەرەبیدا بەرەو قووڵبوونەوەیە.

دەگەڵ هەمووی ئەوانە، بەڵام لە ئێران، ناوەندی ڕێبەریکەری یەکێک لەبەرەکان، کە ڕاستەوخۆ دەستی لە هەموو کێشەکانی ناوچە و بگرە دوور لە ناوچەکەش دا هەیە، شەڕێکی شاراوە نەک هەر دەگەڵ ئایین و ئایینزاکانی جگە لە شیعی بەڵکوو دەگەڵ هەر چەشنە جیابیری و ئازادی و هەرچییەکی بۆنی ئازادی و مافی مرۆڤی لێ بێ، لە ئارادایە. ئێران لەمێژە سەرووی خشتەی زۆرترین زیندانیانی سیاسی، هزری، ئایینی، ڕۆژنامەنووسی و ئێعدامی گرتووە، پێ ناچی هەتا مێژەر بەسەرەکانی وەک ویلایەتی فەقیه و دەورووبەرەکانی بەم

ل ٨

# سیاسەتی دەرەکیی ئێران و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان



رەحمان پیرۆتی

سیاسەتی دەرەکی هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیە. پێوەری سەرەکی لە ڕەچاوکردنی هەڵوێستەکانی سیاسەتی دەرەکی، بەرژەوەندی نەتەوەییە کە بەرپرسان بەدوور لە هۆگری تاکەکەسی و گرووپی، بە لەبەرچاوگرتنی ڕادەی هێز و سەرنجدان بە پێداویستی و بارودۆخی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی، پلان دادەڕێژن و حەولی کردەیی کردنیان دەدەن. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو دەگمەن حکوومەتانەیە کە زۆر جار بە پێچەوانەی ئەو پێوەرانە سیاسەتی کردووە. سیاسەتی دەرەکی ئەو وڵاتە سەرەڕای ئەوە کە ڕەنگدانەوەی لێڕوانینی دەسەڵاتدارانی تاران بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، بەڵام کەمتر بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی ئێران تەعقیب دەکا.

کۆماری ئیسلامی ئێران حکوومەتێکی دیکتاتۆرییە و دیکتاتۆڕەکان بەر لەوەی بیر لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و خۆشبژێوی خەڵک بکەنەوە، بیر لە بەرژەوەندی تاکەکەسی و پاراستنی پرێستیژ دەکەنەوە. تەوەری سەرەکی سیاسەتی دەرەکی ئەو شێوە حکوومەتانە، دروست کردنی حکوومەتی داردەست و گوێڕایەڵە، نەک هاوبەش و هاوپەیمان. ڕێبەری ئێران، بە هەمان شێوە کە ئەحمەدی نژادی سەرەڕای دژایەتی زۆرینەی خەڵک و بە بەهایەکی قورس بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند و بە هەمان شێوە و بە تێچوویەکی زۆر گرانتر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی پاراست و بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکان، ناوبراوی بۆ جاری سێیەم لە کورسی سەرۆکایەتی کۆمار ڕاگرت؛ ئێستا بە هەمان مەبەست و خولیا، و بۆ سەلماندنی پرێستیژی خۆی، حەول دەدا تا سەرەڕای دژایەتی زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق وەکوو کوردەکان و سوننییەکان و بەشێک لە لایەنە شیعەکان و یەک لەوان ئایەتوڵڵا سیستانی، لایەنی گوێڕایەڵی خۆی لە بەرەی شیعە، بە نوێنەرایەتی نوری مالیکی، بۆ جارێکی دیکە بە خەڵکی عێراقدا داسەپێنێ.

ئێران، وەکوو بەهێزترین ئەکتەری گۆڕەپانی سیاسی عێراق، بەردەوام کاری بۆ عێراقێکی یەکپارچە و سەقامگیر، لەژێر کۆنترۆڵ و حاکمیەتی سیاسیی لایەنی شیعە کردووە. شێوازێک کە بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی نوری مالیکی تەواو بەرچاو بووە. نوری مالیکی بەپێچەوانەی بەرژەوەندییە نەتەوەیییەکانی عێراق، مەیدانێکی بەرفراوانی بۆ سیاسەتوەرزی ئێران دابین کردووە، بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، لایەنە سوننییەکانی پەراوێزخستووە و وڵاتی پەرتەوازە کردووە؛ بەشێوەیەک کە ئێستا، عێراق بە کردەوە دابەش بووە و بەشێکی هەراوی خاکەکەی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی گرووپی تیرۆریستی داعش، شەڕی ناوخۆیی لێکەوتۆتەوە و تەجروبەی عێراقی نوێ لە بەرەبەرەی هەڵوەشانەوە دایە. چارەنووسێک کە زیاتر لە هەمووان، بەگوێرەی ڕاسپاردە و دەستێوەردانەکانی ئێران، بۆ بەهێزکردنی کەوانەی ئێران-عێراق-سوریە و حیزبوڵڵا لە لوبنان بووە.

نوسخەی ئورژانسی کۆماری ئیسلامی، بەرپەرچدانەوەی نیزامی داعش بوو کە بە ناردنی هێزەکانی قودس، ڕاهێنانی هێزەکانی عێراق، پێدانەوەی فرۆکە شەڕکەرەکان و پاراستنی مەزارگە ئایینییەکان دەرکەوتووە. نوسخەیەک کە کاریگەرێکی ئەوتۆی لەسەر چارەسەری پرسەکە نەبووە و بگرە تووشی شکستیش هاتووە. سپای قودس، بە فەرماندەیی قاسم سولەیمانی، کەسێک کە وەکوو پیاوی ژمارە دووی ئێران لە پرسی عێراق لە پاش خامەنەیی ناسراوە، نەتەنیا لە پێشبینی سەرهەڵدانی داعش و وەدەستهێنانی زانیاری سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو لە ڕێکخستنەوەی سپای عێراق و بەرپەرچدانەوە و پاشەکشەپێکردن بە داعش تووشی کێشەی جیددی بووە.

لە ڕاستیدا لاوازکردن و پاشەکشەپێکردن بە تێرۆریسم تەنیا لە ئەگەری حاکمیەتی حکوومەتێکی دێموکراتیکی بنکەفراوان کە مافی هەموولایەنەکانی لەبەرچاو بێ، و کەمکردنەوەی ڕۆڵ و دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان لە کاروباری بەغدا، شیاوی ڕەخسانە. بەپێچەوانە، داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییە سیاسییەکان و هەلومەرجی نالەبار، دەتوانن ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان پەرەپێبدەن و جەهادێکی توندوتیژانەی جیهانی ڕێنوێنی بکەن. ئەگەرێک کە بە سەرنجدان بە جیهانی ناعەقڵانی داعش، بەدڵنیاییەوە کارەساتبار دەبێت.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق و بەتایبەتی شکستی مالیکی لە بەڕێوەبردنی وڵات و سەرهەڵدانی داعش، نەک بە پێی پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو بەڵکوو لە ئاکامی شێوەی سیاسەتوەرزی و تا ڕادەیەکیش بەهەڵکەوت، لەسەر بەرژەوەندی-یە نەتەوەیییەکانی کوردستان کاریگەری ئەرێنی دەبێ و لە هەمان کاتدا لەسەر پلانە ستراتێژیکەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بردنەسەرێی کارتێکەری خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری نەرێنی بەجێدێڵێت.

دامەزراندنی حکوومەتێکی بنکەفراوان، بە بەشداری هەموو لایەنەکان و بەتایبەتی لایەنە سوننییەکان، کۆنترۆڵی بەشێک لە جومگەکانی دەسەڵات لە دەستی لایەنی شیعە و بەو پێیە لەژێر کۆنترۆڵی ئێران دەردێنێ و بەو هۆیە کە ئێران، وەکوو بەرپرسی سەرەکی تاکڕەوییەکانی مالیکی، پەراوێزخستنی لایەنە سوننییەکان و دۆخی نالەباری عێراق دەناسرێ، پێگەی خۆی لەو وڵاتە لەدەست دەدا. بە فەرمی ناسینی پێگەی سوننییەکان و ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، ڕەنگە سەرەتایەک بۆ چارەسەری کێشەی عێراق بێ، بەڵام ڕاستەوخۆ پێگەی عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانانی لە ناوچە، و بەتایبەتی لە پرسی سوریە بەهێزتر دەکا. لەلایەکی دیکە، ئەگەر گریمانە بکەین کە پاش ڕێککەوتنی سیاسی و پێکهاتنی حکوومەتی ناوەندی بنکەفراوان بە بەشداری هەموو لایەنەکان، ئەرتەشی عێراق بە یارمەتی ئێران و ئەمریکا بتوانێ داعش سەرکوت بکا و بەرەو سووریە پاشەکشەیان پێ بکا، ناچارە لەگەڵ لایەنی کوردی سازان بکا.

لەلایەک سەرکردایەتی کوردستان بڕیاری داوە کە پاشەکشە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە نەکا و تەنانەت لەسەر کۆمەڵێک خاڵی ئەساسی دیکەش وەکوو دابەشکردنی دەسەڵات، هەناردەکردنی نەوت، پرسی بودجە، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، مافی ئەنجامدانی گشتپرسی داوای هەموار کردنەوەی یاسا و ڕێساکان دەکا. باشووری کوردستان، بە وەدەستهێنانی ئەو ئیمتیازانە، وێڕای هاوکاریکردن بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئێران لە عێراق و کوردستان، پرۆسەی فێدراڵیی عێراق بەرەوپێش دەبا و بەبێ ئەوەی کە بە فەرمی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، سەربەخۆیی وەدەست دەهێنێ.

لە لایەکی دیکە، هەولێر، لێبڕاوانە لەڕێگەی وەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و کەڵک وەرگرتن لە دیپلۆماسیی وزە، لایەنگر بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان پەیدا دەکا. ئێستا، بڕوای زاڵ لە باشووری کوردستان ئەوەیە کە هەلێکی زێڕین بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆییە. کوردەکان ئێستا لە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی‌دان و دەتوانن بەبێ ئەوەی کە بە تێکدانی دۆخی عێراق تۆمەتبار بکرێن، چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی عێراق جیا بکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئێران دەستبەرداری کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی نەبێ، کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر نەکرێن و بەشداری لایەنی کوردی لە حکومەتی ناوەندی عێراق بە پێدانی ئیمتیازی گرینگ مسۆگەر نەکرێ، بە ئەگەری بەهێز، پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە بڕیاری کۆمەڵانی خەڵک و لەڕێگەی ڕێفراندۆم یەکلایی دەبێتەوە.

سەربەخۆیی کوردستان، گۆڕانکارییەکی جیددییە، هاوکێشە سیاسییە ئاراییە-یەکان تێکدەدا و هاوکێشەی سیاسی نوێی دەخاتەڕوو. ئێستا، هەم لە ئاستی عێراق، و هەم لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، دژایەتییەکان لەهەمبەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بە بەراورد بە ڕابردوو، کەمتر و لاوازترن. بەغدا، تەواو لاواز بووە و جگە لە سپایەکی تێکشکاو و بێ‌ورە هیچ ئامرازێکی دیکەی بۆ دژایەتی بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان نییە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەڕای ئەوە کە بە فەرمی پشتیوانی لە یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە بەڵام پێناچێ دژایەتی تەجروبەی کوردستان بکا و لەبەرامبەر لەدایکبوونی دەوڵەتێکی دێموکرات، سکولار و لیبراڵ هەڵوێستی نەرێنی هەبێ. تورکیە لە باشووری کوردستان خاوەن بەرژەوەندی ئابووری گرینگە و پێدەچێ پێشوازی لەو بڕیارە بکا. ئیسرائیل بە فەرمی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستانی کردووە و ئەگەری پشتیوانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی، و عەرەبی وەکوو کوەیت و ئۆردۆن بەهێزە.

کۆماری ئیسلامی ئێران سەرسەختترین دژبەری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. ئێران بە سێ هۆکار لە داهاتووی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان نیگەرانە:

یەکەم، کاریگەری وەرگرتنی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە یەکتر، کە بە سەرنجدان بە ڕوانینی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد ، ئەگەری هەیە کێشەی ئەمنییەتی زۆر جیددی بۆ تاران دروست بکا. لەڕاستیدا لە ئەگەری ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ.

دووەم، مەترسی ئێران لە ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئیسرائیل لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوە دەکا، کە لە ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان، دەستی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ دامەزراندنی پێگەی سیخوڕی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنکە ئەتۆمی و نیزامییەکانی ئێران ئاوەڵاتر دەبێ.

سێیەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانی دەسپێکی دابەشبوونی عێراق بۆ سەر سێ پارچە بێ کە جگە لەوەی ڕۆڵ و کاریگەری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم دەکاتەوە، مەترسی ئەمنییەتی بۆ سەر ئێران بەدەواوە دەبێ.

ئەو هۆکارانە، لە ڕاستیدا بۆ درێژەکێشانی دەسەڵاتدارێتی تاران مەترسیداران، بەڵام هیچ کامیان ڕاستەوخۆ ئاکامی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ئەژمار نایەن. بزووتنەوەی نەتەوەیی، دێموکراسیخواز و

**سەدەی بیست و یەکەم بە دڵنیاییەوە سەدەی سەربەخۆیی کوردستانە. ڕووداوێکی حەتمی کە زیاتر لە هەر شتێک بەستراوەتە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنەکانی باشووری کوردستان بە پلەی یەکەم، و حەولدان بۆ سازان و گرێدانی هاوپەیمانێتی کارا لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان**

مافخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بە دراوسێیەتی دەوڵەتی دێموکراتی سکولاری کوردستان کە بۆ ئاوەدانی و خۆشبژێوی خەڵکەکەی تێ‌دەکۆشێ، ورە و وزەیەکی نوێ وەردەگرن. کۆماری ئیسلامی ئێران، بەندیخانەیەکی گەورەی دروست کردووە و بە دڵنیاییەوە هەر شێوە حەرەکەتێکی دێموکراتیک بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، بۆ حکوومەتێکی دیکتاتۆڕ و داخراو مەترسیدار دەبێ. ئەو بزووتنەوە، ئێستا، کە باشووری کوردستان هەرێمی فێدراڵ و شێوە سەربەخۆیە، هەر بەهێزە و بۆ داهاتووی کۆماری ئیسلامی مەترسیدارە.

دووەم، هەرێمی کوردستان تەجروبەی دەسەڵاتدارێتی‌یەکی چەند ساڵەی هەیە و لەو ماوەیەدا سەلماندویەتی کە هیچ مەترسییەک لەسەر دراوسێ‌کانی دروست ناکا، لە هەڵوێستە سیاسیەکانی‌دا سەربەخۆیە، زێدەخواز نییە و دەستێوەردانی کاروباری وڵاتانی دیکە ناکا. هەولێر، پابەندی ڕێککەوتننامە نێونەتەوەییەکانە و ڕێز لە سەروەری هەموو وڵاتان دەگرێ. بەو پێیە، ئەگەرچی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە ئیمتیازێکی گرینگ بۆ هەرێمی کوردستان دەزانرێ، بەڵام دامەزراندنی بنکە و بارەگای سیخوڕی بە مەبەستی وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بنکە ئەتۆمی و نیزامی‌یەکانی ئێران، تەنیا وەهم و گریمانەیەکی وێناکراوی دەسەڵاتدارانی ئێرانە و زیاتر بە پڕۆپاگەندە دەژمێردرێ کە سەرچاوە سەرەکییە-کەی، «تیۆری پیلانگێڕان»ە. جگە لەوە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی، فاکتەری ئەرزی و جوغرافیایی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری زۆر لاواز کردووە.

سێیەم، دۆخی عێراق بە هیچ شێوەیەک بۆ دۆخی بەر لە هێرشەکانی داعش ناگەڕێتەوە. گرینگترین چارەسەری سیاسی ئەو کێشە، بەشدارکردن و بە فەرمی ناسینی پێگەی سوننی‌یەکان لە عێراقە. ڕەوتێک کە بە ئەگەری بەهێز، بە دەستەوەگرتن و بەڕێوەبردنی ناوچە سوننی‌نشینەکان بە هێزە سوننەکان دەدا؛ کە دەتوانێ لە دروستبوونی هەرێمی فێدراڵی سوننەدا خۆی ببینێتەوە.

بە سەرنجدان بەو خاڵانە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەتوانێ چ بکا؟

ئێران، هاوشێوەی ڕابردوو، شانسی دروستکردنی گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووونەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان نییە. ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەرگیری شەڕی ناوخۆیی‌یە و لە دۆخێکدا نییە کە سەرنج بخاتە سەر پرسە دەرەکی‌یەکان. جگە لەوە لە ڕۆژئاوای کوردستان، حکوومەتێکی خۆبەڕێوەبەر دروست بووە کە لە ئەگەری ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ هەولێر، دەتوانێ تەواو یارمەتیدەری پرسی سەربەخۆیی کوردستان بێ. عێراق لاوازە و توانای کاردانەوەی جیددی نییە. تورکیە، پشتگیری لەو بڕیارە دەکا و هەڵوێستی هێزەکانی داعشیش لە دەرەوەی بازنەی کارتێکەری ئێرانە.

دەستێوەردانی نیزامی تاران زۆر ئاستەمە و لە ئەگەری وەها پێشهاتێک، هێزەکانی ئێران لە هەردوو بەرەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و بەرپەرچدانەوەی جیددی دەبن. جگە لەوە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر دەستدرێژی و سنووربەزێنی ئێران دژکردەوە نیشان دەدەن. بە ئەگەری زۆر، دەستێوەردانی نیزامی تاران بە تۆپبارانکردنی سنوورەکان و دروستکردنی کێشەی سنووری بەرتەسک دەبێتەوە. پێدەچێ ئێران، لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەشێک لە لایەنە کوردی‌یەکان خۆی بە خاوەن ئیمتیازی گرینگ بزانێ. تاران، پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو لایەنانە هەیە و لە چارەسەری زۆر کێشە و بابەتی ناوچەیی و ناوخۆیی کەڵکی لێ‌وەرگرتوون؛ بەڵام ڕاستییەکی نوێش لە ئارا دایە کە سەردەمی ئەو شێوە سیاسەتانە بەرەبەرە بەسەر دەچێ و پێناچێ چیتر ئەو لایەنانە، تەواو گوێڕایەڵی حکومەتی تاران و بڕیارەکانی بەڕێوەبەرانی سیاسەتەکان-یان وەکوو سپای قودس بن. لە ڕاستی‌دا، لایەنە کوردییەکان، ئاگاداری ڕۆڵی گرینگی ئێران لە پرسە ئاڵۆزەکانی ناوچەن بەڵام لە هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی دیکە و پاراستنی یەکڕیزی هێزە کوردستانییەکان، خۆیان بە خاوەن بەرژەوەندی زیاتر دەزانن.

ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، بە زیاتر لە ٨ میلیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ، لە ئەگەری داخستنی ئەو سنوورانە هەر دوو لایەن، لێی زەرەرمەند دەبن. داخرانی ئەو سنوورانە، جگە لەوەی کە لایەنە کوردییەکانی هاوپەیمانی ئێران، لە باشووری کوردستان ناڕازی دەکا، لەناوخۆی ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاردانەوەی جیددی دەبێ. ئەو سنوورانە، سەرچاوەی سەرەکی داهاتێکی خەڵکێکی هەژار و کەمداهاتن کە لە ئەگەری داخرانی ئەو سنوورانە، و بە سەرنجدان بە دۆخی نالەباری ئابووری ئێران، ناچاریان دەکا دەنگ هەڵبڕن.

لە ڕاستیدا، مەترسی و نیگەرانییە سەرەکییەکانی تاران، بەرهەمی سیاسەتە ناکارامەکانی ناوخۆیی و دەرەکی حکومەتی کۆماری ئیسلامیین. لەڕووی ناوخۆیی، کۆماری ئیسلامی بە نکۆڵی کردن لە پرسی کورد و داوا ڕەواکانی نەتەوەکانی دیکەی ناو سنوورەکانی ئێران، هەر چەشنە حەرەکەتێکی مافخوازانەی بێبەزەییانە سەرکوت کردووە و ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لەشوێن چارەسەری هێورکەرەوە بۆ پرسە ناوخۆییەکانی ئێران دەگەڕێ. ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان نمونەیەکی دیکەی ئەو شێوە سیاسەت و لێڕوانینەیە.

کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی پێگە و پرێستیژی خۆی بەردەوام کاری بۆ دروستکردنی بارگرژی، پشێوی نانەوە، دروستکردنی گرووپی تێرۆریستی چەکدار و دامەزراندنی حکوومەتی گوێڕایەڵ کردووە. ئەو سیاسەتوەرزی‌یە جگە لەوە کە تێچوویەکی ماڵی قورسی بەسەر ئێراندا سەپاندووە و سەرچاوە ماددی-یەکانی ئەو وڵاتەی تەرخانی ئاژاوەگێڕی و زێدەخوازی دەسەڵاتدارانی تاران کردووە، تەنانەت لە پاراستنی سەقامگیری حکوومەتە گوێڕایەڵەکانیان وەکوو لوبنان، فەلەستین و سورویە، زۆر ناسەرکەوتوو بووە. حکوومەتە گوێڕایەڵەکان لە نەهایەتدا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە و ئەو گوێڕایەڵی‌یە تا ئەو کاتە درێژە پێدەدەن کە پێویستییان پێ بێ و لەگەڵ لایەن و هاوپەیمانەکانی دیکەیان خاوەن بەرژەوەندی کەمتر بن. نمونە هەرە دیاری ئەو شێوە سیاسەتە لە فەلەستین ڕوویدا؛ کاتێک کە حەماس پاش سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦، لە ڕۆڵی ئێرانی کەم کردەوە و ئاستی پێوەندییەکانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی پەرەپێدا. دیاردەیەک کە تەنانەت بۆ خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد لە ناوخۆی ئێران ڕوویدا. ئەحمەدی نژاد کاتێک لە دەسەڵاتی خۆی دڵنیابۆوە، گوشاری بۆ خامەنەیی هێنا و لە هەندێ پرسی گرینگ، لەبەرامبەری ڕاوەستا.

پێدەچێ ئەو مەسەلە لە عێراقیش ڕووبدا. تەجروبەی عێراقی نوێ، لە ئەگەری پێداگری ئێران بۆ سەپاندنەوەی نووری مالیکی تەواو شکست دێنێ، بەو پێیە، تاران ناچارە لە بەرامبەر ویستی لایەنەکان بۆ لادانی مالیکی ملکەچ بکا. هەر نوێنەرێکی دیکەی شیعە، تەنانەت ئەگەر خودی مالیکیش بێ، ناتوانێ بە شێوەی ڕابردوو مەیدانی بۆ سیاسەتوەرزی ئێران دابین بکا، و گوێڕایەڵی بڕیارەکانی تاران بێ. ئێران، وەکوو ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسی عێراق دەمێنێتەوە، بەڵام چیتر ناتوانێ بەهێزترین لایەنی بڕیاردەر بۆ پرسەکانی عێراق بێ. پێشهاتێک کە نەتەنیا پاشەکشە بە ڕۆڵی تاران لە پرسە ناوچەیییەکان دەکا و کۆسپ دەخاتە بەردەم ڕێگای ستراتێژی ئێران بۆ پاراستنی کەوانەی شیعە، بەڵکوو زەبرێکی قورس بۆ پرێستیژی، ڕێبەری ئەو وڵاتە، واتا خامەنەیی، لە ئەژمار دێ.

وتەی مێژوویی کوردستان سەربەخۆییە. ئەو داواکارییە خاوەن پشتگیری جەماوەری هەمەلایەنەیە و هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕشی ناسیۆنالیستی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بووە. باشووری کوردستان بەدرێژایی مێژوو، سەرکوتکاری و ژینوساید و ڕەشەکوژی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغدای بینیوە. شەڕی ناوخۆیی بەسەردا سەپاوە. لە بەرامبەر گوشاری دەرەکی و گەمارۆی ئابووری ڕاوەستاوە. بە هەمووی ئەوانەشەوە، لە بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکرات و سکولار سەرکەوتوو بووە. حکوومەتێک کە بەتایبەتی بە بەشداری ئۆپۆزیسیۆن لە کابینەی نوێ‌دا زۆر بەهێزتر بووە. هەنگاوی لێڕاوانەی بۆ سەربەخۆی ئابووری هەڵێناوەتەوە و ئێستا بە قۆزتنەوەی دەرفەتەکان بەرەو سەربەخۆیی دەڕوا.

سەدەی بیست و یەکەم بە دڵنیاییەوە سەدەی سەربەخۆیی کوردستانە. ڕووداوێکی حەتمی کە زیاتر لە هەر شتێک بەستراوەتە بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنەکانی باشووری کوردستان بە پلەی یەکەم، و حەولدان بۆ سازان و گرێدانی هاوپەیمانێتی کارا لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پلەی دووەمدا. بەو پێیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی داهاتووی کوردستان، هاوپەیمانە ستراتێژیکەکانی خۆی لەناو هێزە کوردییەکان هەڵبژێرێ. ئەو ستراتێژییە، لەسەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە سیاسییەکانی وڵاتانی ناوچە، بۆ ڕێکخستن و دامەزراندنی پێوەندییەکان یان لەگەڵ هەولێر تەواو کاریگەر دەبێ.

ئێران، توانای ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی نییە، بەڵام تا ئەو جێگایەی بکرێ دەوڵەتی کوردستان بە فەرمی ناناسێ و ئەگەر بە فەرمیشی بناسێ حەول دەدا بە کارشکێنی و کێشەنانەوە لاوازی بکا. بە سەرنجدان بە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئەوە بەهێزترین ئەگەرە. بەڵام بەو پێیە کە پێوەندی بەربڵاوی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و زۆرێک لە چاودێران، دامەزراندنی پێوەندی پتەوتر لەگەڵ ئەو وڵاتە، بۆ دەورەلێدانی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر تاران، لە ئەگەری بە ئاکامنەگەیشتنی وتووێژەکانی چارەسەری پرسی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوا، بە پێویست دەزانن، گریمانەی دژایەتی‌نەکردنی تاران بۆ پرسی سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش زۆر لاواز نییە.

# گەڵاڵەیەک بۆ بەرتەسک کردنەوەی حیزبایەتی لە ئێراندا



حەسەن شێخانی

ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی پووشپەڕ «گەڵاڵەی چۆنیەتیی دروست کردن و چالاکیی حیزب و گرووپە سیاسییەکان» کە لە لایەن کۆمیسیۆنی شۆراکان و کاروباری نێوخۆیی وڵات درابوو بە مەجلیس، بە گشتی پەسەند کرا، بەڵام نوێنەرانی مەجلیس لە ڕەوتی تاوتوێ کردنی ئەم گەڵاڵەیەدا لە ٢٩ی هەمان مانگ بە زۆرینەی دەنگ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە ئەم گەڵاڵەیە بۆ ماوەی ٣ مانگ ڕابگیرێ بۆ ئەوەی کە کۆمیسیۆنی شۆراکان وەک کۆمیسیۆنی سەرەکی کار بۆ لابردنی کەموکوڕییەکانی بکا.

گەڵاڵەی چۆنیەتی دروست کردن و چالاکیی حیزب و گرووپە سیاسییەکان ٢٢ ماددە لە خۆدەگرێ و لە بارەی پێناسەی حیزب، چۆنیەتی دامەزرانی حیزب، ماف و بەرپرسایەتییەکانی حیزبەکان، ماددەگەلێک دێنێتە ئاراوە.

لەم وتارەدا هەوڵدەدەم هەڵوێستەیەک لەسەر چەند خاڵی گرینگی ئەم گەڵاڵەیە بکەم.

لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە،کاربەدستانی ڕێژیم دیدێکی ئەرێنییان بە نیسبەت دیاردەی حیزب و حیزبایەتی لە ئێران دا نەبووە و بە گشتی بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی و هۆکاریی دووبەرەکی و نانەوەی پشێویی و ئاڵۆزییان هەژمار کردووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو خوێندنەوەی ئەوان لە حکوومەتی ئیسلامی و کۆماری ئیسلامی بنجگرتوو لەسەر ویلایەتی فەقیە، دەیانکرد زۆر لە گەڵ پێکهاتە و سیستمی حیزبی نەدەهاتەوە. بەم هۆیەیە کە ئێمە لەگەڵ دیاردەی باڵ و باڵبەندیی سیاسی لە ئێران دا بەرەوڕووین نە لە گەڵ سیستمی حیزبی بە مانا باو و ڕۆژئاواییەکەی.

ئەگەر ئەم گەڵاڵەیە دوای ٣ مانگی دیکە لە مەجلیس دا بێتەوە ئاراو تاوتوێ بکرێ و وەک خۆی یان بە گۆڕانکارییەوە، پەسەند بکرێ، دەبێتە دووەمین یاسای حیزبەکان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا. بە گومانی خۆیان ئەم گەڵاڵەیان بۆ بەرۆژ کردنی یاسای حیزبەکان لە ساڵی ١٣٦٠ دا و، بۆ ئەوەی کە یاسایەکی گونجاو لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو، بوونی هەبێ، ئامادە و پێشکەش بە مەجلیس کردووە! وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکرێ ئەم گەڵاڵەیە کۆت وبەندی زۆر لەبەردەم دامەزران و چالاکیی حیزبەکان دادەنێ و زیاتر لەوەی کە بوون و چالاکیی حیزبەکان یاسامەند بکا دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پێکهاتنیان دا.

گەڵاڵەی چونیەتیی دامەزران و چالاکیی حیزب و گرووپە سیاسییەکان لە فەسڵی یەکەم، ماددەی یەکەم دا حیزب پێناسە دەکا بە چەشنێک کە(لە جیاتی دامەزرێنەران و ئەندامانی حیزبەکان) ستروکتۆری حیزبەکانیش دیاری دەکا و دەکرێ بڵێین کە هەر لێرەوە دانانی بەربەستەکان دەست پێدەکا. لە خاڵی ٥ی ئەم ماددەیەدا دەڵێ: دەستەی دامەزرێنەر،کۆڕی گشتی، شۆرای ناوەندی، سکرتێر و لێکۆڵەر و بەرپرسانی لقی پارێزگاکان بە پێی پێڕەوی نێوخۆ وەک بنچینەکانی حیزب دەژمێردرێن. وەک دەردەکەوێ ستروکتۆری حیزبەکانیشی دیاری کردووە و ئەو مافەی بە ئەندامانی حیزبەکان ڕەوا نەدیوە کە بۆخۆیان پێکهاتەی ڕێکخراوەییان دیاری بکەن.

لە فەسڵی دووەم، ماددەی دووەم دا دەڵێ کە داوای دروست کردنی حیزب دەبێ مەرامنامە(بەرنامە)، پێڕەوی نێوخۆ، ناو و واژۆی ١٥ کەس لە دامەزرێنەرانی حیزب لە خۆ بگرێ. لە مەرامنامەدا بێجگە لە ئامانجی ستراتیژیک و سیاسەت و بەرنامەی گەیشتن بەم ئامانجە و، ڕوانینی گشتی بە نیسبەت پرسە فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەڕێوەبەریی و یاساییەکانی وڵات، دەبێ جیهانبینی، بنەما فیکری و باوەڕییەکانی حیزب باس کرابێ و شی کرابێتەوە. خاڵێکی سەرنجراکیش لە ماددەی ٤ی هەمان فەسڵ دا ئەوەیە کە دامەزرێنەران و ئەندامانی حیزبەکان دەبێ باوەڕ و پابەندیی کردەییان بە نیسبەت یاسای بنەڕەتی و ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە هەبێ. ئەگەر لێرەدا بێجگە لە پابەندیی کردەیی، پابەندیی تیۆریکیش مەبەست بێ، ئەوا هەموو ئەو حیزبانەی کە خاوەنی مەرام و ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامی، بە تایبەت بەو شێوەیەی کە لە یاسای بنەڕەتی دا فۆرموڵە کراوە، نەبن و، بە گشتی هەموو غەیرە شیعەکان لە مافی دامەزران و چالاکیی لیگاڵ بێ بەش دەبن. ئەگەریش مەبەست تەنیا پابەندیی کردەیی بێ(کە پێدەچی ئەم ئەگەرە بەهێزتر بێ) ئەوا دەرەتانی ئازادی و چالاکیی سیاسی نە تەنیا لە چوارچێوەی سیستم دا قەتیس دەکا، بەڵکوو ئەم گەڵاڵەیە شتی وای تێدایە کە لەگەڵ سیستمی «حقوق»ی ئێرانیش نایەتەوە. دەکرێ بڵێین داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵەیە نیگەرانی و ڕەش بینییان بە نیسبەت دامەزران و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان هەبووە و بە خوێندنەوەیەکی بەرتەسک بین، ئەسڵی ٢٦ی یاسای بنەڕەتییان بە ئاییننامەیی کردووە.

فەرمییان لانی کەم لە یەک لە سەر سێی ناوەندی پارێزگاکانی وڵات، پێشکەش کردبێ...

**ب:** حیزبە پارێزگاییەکانیش دەبێ بەڵگەی پێکهێنانی کۆڕی گشتیی دامەزرێنەریان بە ئەمادەیی ئەندامە فەرمییەکانیان لە زیاتر لە نیوەی شارستانەکانی پارێزگایەک و، هەروەها بەڵگەی دامەزراندنی نووسینگەی فەرمییان لە یەک لە سەر سێی شارستانەکانی پارێزگایەک پێشکەش کردبێ. ڕەخنەگران ئەم ماددەیە بە کۆتو بەندێکی زیاد لە پێویست بۆ حیزبەکانی دادەنێن. دەشێ ئەم ماددەیە بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی حیزبی بچوک بچوک دانرابێ؛ هەروەک لەوانەیە لە وڵاتانی دیکەش هەندێک ڕێوشوێن(ی جیاواز) بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی کارگ ئاسای حیزبە بچوکەکان دانرابن.

بە پێی ماددەی ٨، ئەگەر دوو یان چەند حیزب بیانەوێ یەکتر بگرن، دەبێ ڕایبگەیەنن هەر کام لەوانە دوای ناسینەوە لە لایەن ژێدەرەکانی بڕیاردەر، دەبێتە هۆی سزادان و لێسەندنەوەی مۆڵەتی چالاکی. بۆ نموونە دوای پێشێل کردنی بنەماکانی دینی ئیسلام و پرۆپاگەندە و چالاکی لە دژی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان و، هەر شتێک کە زیان بە ئازادی، سەربەخۆیی، تەواوییەتی ئەرزی و یەکیەتیی نەتەوەیی، بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی بگەیەنێ، دێتە سەر ئەوەی کە هەر هەوڵێک بۆ دروست کردن و قووڵ کردنەوەی ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی نەتەوە بە کەڵک وەرگرتن لە بەستێنی جۆراوجۆری کولتووری، ئایینزایی و و ڕەگەزی و هەروەها بانگهێشت کردن بۆ بەشداری لە ڕێپێوانی نایاسایی و...حیزب و گرووپە سیاسییەکان ڕووبەڕووی سزا دەکاتەوە و دواجار مۆڵەتی چالاکییان بەتاڵ دەکاتەوە. ئەم خاڵانە هەم زۆرن و هەمیش شی‌کردنەوە و خوێندنەوەی



**ئەم گەڵاڵەیە کۆت وبەندی زۆر لەبەردەم دامەزران و چالاکیی حیزبەکان دادەنێ و زیاتر لەوەی کە بوون و چالاکیی حیزبەکان یاسامەند بکا دەبێتە کۆسپ لە بەردەم پێکهاتنیان دا**

هەر لەم ماددەیەدا ئەو کەسانەی کە پێشینەی سزای قورسیان هەیە، ناتوانن دامەزرێنەر یان ئەندامی حیزب بن. ئەمەش بە گوتەی مافناسان، واتە دوو جار سزا دان بە گوناحێک، کە لە هیچ سیستمێکی مافپارێز دا شتی وا نابینرێ.

لە ماددەی ٥، بەندی ج دا ئەندامانی کاریگەری حیزبە هەڵوەشاوەکان لە لایەن دادگاوە، لە مافی دامەزرانی حیزب یان ئەندامەتی لەودا بێ بەش دەکا. دیارە لە تێبینی ٣ ماددەی ١٩ دا دەڵێ ئەگەر حیزبێک هەڵوەشێتەوە یان ئیجازەی چالاکیی بەتاڵ بکرێتەوە، ئەندامانی کاریگەری ئەو حیزبە ناتوانن هیچ چالاکییەکی ڕێکخراوەیی تا ٥ ساڵ بکەن. بەم پێیە بۆ نموونە ئەندامانی کاریگەری «بەرەی بەشداریی ئێرانی ئیسلامی» و «ڕێکخراویی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی» ناتوانن تا ٥ ساڵ چالاکیی ڕێکخراوەیی بکەن. قسەی ڕەخنەگران ئەوەیە کە ئەم ماددانە ڕێک بۆ بێ بەش کردنی ئەندامانی ڕێکخراوگەلێکی دیاریکراو لە چالاکیی ڕێکخراوەیی، دانراون. پڕئاشکرایە کە ئەگەر ئەم کەسانە لە مافی دامەزران و ئەندامەتی لە حیزب دا بێ بەش بن، سرووشتییە! کە زۆر کەسی سەر بە ڕێژیمی پاشایەتی و ئەندامانی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم و بە گوتەی خۆیان دژی شۆڕش، لە مافی دامەزران و ئەندامەتیی حیزب بێ بەش بکرێن. ئەگەر ئەم ماددەیە پەسەند بکرێ، پێدەچی زۆر کەس بەم تۆمەتانە لە دامەزران و ئەندامەتیی حیزب بێ بەش بکرێن. هەر بە پێی بەندی ت ئەم ماددەیە، کەسانی بەنێوبانگ بە(یان بە بیانووی) گەندەڵی و قاچاخچێتی و بەدکاری، بە پێیی ئەو زانیاریانەی لە ناوەندگەلی پێوەندیدار وەردەگیرێن، لەم مافە بێ بەشن.

**ماددەی ٦ دەڵێ دواجار ئیجازەی چالاکیی بەو حیزبە نەتەوەیی یان پارێزگاییانە دەدرێ کە:**

**ئەلف:** حیزبە نەتەوەییەکان بەڵگەی پێکهێنانی کۆڕی گشتیی دامەزرێنەر بە ئامادەیی لانی کەم ٣٠٠ کەس لە ئەندامانی ڕەسمی لە زیاتر لە نیوەی پارێزگاکانی وڵات و، هەروەها بەڵگەی دامەزرانی نووسینگەی و مەرامنامە و پێڕەوی نێوخۆ و بەڵگەی پێویست بۆ تاوتوێ کردن بدەن بە کۆمیسیۆنی حیزبەکان و،کۆمیسیۆنیش ئەرکدارە کە بۆ پێدانی مۆڵەتی حیزب هەنگاو هەڵێنێتەوە.

بە پێی ماددەی ٩، هەموو حیزبەکان دەبێ هەر گۆڕانکارییەک لە مەرامنامە، پێڕەوی نێوخۆ، شۆرای ناوەندی، سکرتێر و لێکۆڵەر بە ئاگاداری کۆمیسیۆنی حیزبەکانی بگەیەنن و هەروەها سورەتجەلەسەی پێکهێنانی کۆنگرەکانی خۆیان بەو کۆمیسیۆنە پێشکەش بکەن.لە تێبینی ٢ی ئەم ماددەیەدا هاتووە کە لە دوای پێکهێنانی یەکەمین کۆڕی گشتیی دامەزرێنەر، ئەگەر یەک لە سەر سێی ئەندامانی شۆڕای ناوەندی یان نیوەی ئەندامانی کۆڕی گشتی داوا بکەن، کۆمیسیۆن دەبێ نوێنەرێک بۆ چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی شۆڕای ناوەندی دا دیاری بکا. بە پێی ماددەی ١٤، هەموو حیزبە سیاسییەکان ئەرکدارن کە داهات و دەرکەوتی خۆیان ساڵانە بە کۆمیسیۆن ڕابگەیەنن بۆ ئەوەی کۆمیسیۆن گونجان یان نەگونجانی لەگەڵ یاساکانی وڵات تاوتوێ بکا. ئەمانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە کە لە گەڵاڵەکەدا هاتووە، هەرچەند لەوانەیە هەندێک قازانجیان هەبێ(بۆ نموونە لە فەسڵی ٢، ماددەی ٢ دا هاتووە کە پێڕەوی نێوخۆ دەبێ چۆنییەتی هەڵوەشانەوە و چارەنووسی دارایی حیزب دوای هەڵوەشانەوەی ڕوون کردبێتەوە، کە ئەمە و هەروەها ڕاپۆرتی داهات و دەرکەوتی ساڵانە کە بە کۆمیسیۆن دەدرێ، لەوانەیە ڕێ لە هەندێک شتی خراپ بگرێ)، بەڵام کۆمیسیۆن دەکاتە چاوەدێرێکی خاوەن بڕیار و دەسەڵات بەدەست، کە ورد و درشتی کاروبارەکانی حیزبەکان بە ئاگاداری و لە ژێر چاوەدێری وی دا بن. تەنانەت ئەگەر حیزبەکان بیانەوێ لە وەختی هەڵبژاردن دا لە سەر کاندید یان کاندیداگەلێک لەگەڵ یەکتر بەرە پێک بێنن، دەبێ بە ئاگاداری کۆمیسیۆنی حیزبەکان ئەم کارە ئەنجام بدەن.

لەفەسڵی ٣، ماددەی ١٣، بەندی ط دا هاتووە پێکهێنانی ڕێپێوان و میتینگ دەبێ بە ئاگاداری و مۆڵەتی وەزارەتی نێوخۆ، پارێزگاری و فەرمانداری ...بێ.

لە ماددەی ١٨ دا کۆمەڵێک خاڵی زۆری ڕیز کردووە کە ئەنجام دانی جیاواز هەڵدەگرن. بۆیە بە پشت بەستن بەم خاڵانە و لە ژێر تیشکی ئەو شیکردنەوانەی کە ژێدەرەکانی پێوەندیدار دەیکەن، حیزب و گرووپە سیاسییەکان ڕووبەڕووی بەرتەسک بوونەوە، سزا و هەڵوەشانەوە دەبن.

هەم ئەو ماددە و خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا دەکرێ زیاتریان قسە لە سەر بکرێ و هەمیش ماددە و خاڵی دیکەشی تێدان کە باس هەڵگرن، بەڵام لێرەدا بەوەندە قەناعەت دەکەین. تەنیا ئەوە دەڵێین کە ئەم گەڵاڵەیە بە بەراورد لەگەڵ یاسای چالاکیی حیزب، ئەنجوومەنە سیاسی و سینفی و ئەنجوومەنە ئیسلامی و کەمایەتییە دینییە ناسراوەکان و گرووپە سیاسییەکانی پەسەند کراوی ١٣٦٠/٦/٧، کۆت و بەندی زیاتر لە خۆدەگرێ و دامەزران و چالاکیی حیزبە سیاسییەکان زۆر بەرتەسکتر دەکاتەوە. بۆ نموونە یاسای حیزبەکانی ساڵی ١٣٦٠ پابەندیی بە ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیە ناکاتە مەرجی دامەزران و ئەندامەتیی لە حیزب دا،ئەوەندە دانابەزێتە سەر کاروباری نێوخۆیی حیزبەکان و،وەکوو ئەم گەڵاڵەیە تازەیە ستروکتۆری حیزبەکانیش دیاری ناکا و ئەم پرسانە بە حیزبەکان دەسپێرێ.واتە دەکرێ بڵێین کە یاسای پێشوو لەم گەڵاڵەیە پێشکەوتووترە و قەیدوبەند و بەربەستی کەمتر بۆ حیزبەکان دادەنێ.

***پەراوێز:***

*کۆمیسیۆنی حیزبەکان کە دانی مۆڵەتی درووست کردنی حیزب و چاوەدێری بەسەر چالاکیی حیزبەکان و ئەنجوومەنی کەمایەتییە دینییەکان و ... لە دەسەڵاتەکانییەتی، بەم شێوەیە لە وەزارەتی نێوخۆ پێک دێ:*

*١-نوێنەری داواکاری گشتی وڵات ٢-نوێنەری سەرۆکی دەسەڵاتی قەزایی ٣-دوو نوێنەر لە نێوان سکرتێری حیزبە نەتەوەییەکان و نوێنەرێک لە نێوان حیزبە پارێزگاییەکان کە ئیجازەی چالاکییان هەیە ٤-بریکاری سیاسیی وەزارەتی نێوخۆ ٥-نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات ٦-دوو نوێنەر بە هەڵبژاردنی مەجلیس لە نێوان نوێنەرانی خوازیار دا،کە بریکاری سیاسیی وەزیری نێوخۆ سەرۆکیەتی.*

درێژەی:

## پێکهەڵکردن و تۆلێرانسی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین

هزرانەوە دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیان بەدەستەوە بێ؛ ئەم وڵاتە پلەی یەکەمی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا هەبێ.

ئەو ڕاپۆرتانەی ساڵانە لەسەر زەوتی ئازادییەکان و کردەوە نامرۆیی و دژە ڕەوشتییەکان بڵاو دەبنەوە، ناوی ئێران و کردەوەکانی لە سەرووی زۆربەیاندا دەدرەوشێتەوە. ئەمساڵیش بە گوێرەی نوێترین ڕاپۆرتەکان، ڕاپۆرتی پێشێلی مافی کەمینە ئایینیو ڕاپۆرتنێرانی بێ‌سنوور؛ ئێران پێشەنگی وڵاتانی ئەو مافانەیە کە سەرەتاییترین مافی مرۆڤن. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئازادی ئایینی باس لەوە دەکا پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران تەنیا بوارەکانی بزربوون، هەڵسوکەوتە نامرۆییەکان، زوڵم و زۆری، سووکایەتی پێ‌کردن، یان سزاکانی دەسەڵاتی قەزایی وەک پەڕاندنی ئەندامانی لەش، یان لێدانی قامچی و دەیان ئازار و ئەزێت و زیندانی تاکەکەسی و مردنە گوماناوییەکانی نێو چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ناگرێتەوە، بەڵکو ڕەش‌بگیری سەربەخۆیی هێزە ئەمنییەکان، بەبێ ئەوەی زیندانی بتوانی پێوەندی بە دەرەوەی زیندان هەبێ، نەبوونی دادگەی سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵات و محاکمەی نادادپەروەرانە، بوونی کۆمەڵێک زیندانی سیاسی، دەسبەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسان، بەزاندنی هەرێمی تایبەتی و تاکەکەسی و پشکنینی ماڵ و حاڵی هاووڵاتییان، سنووردارکردنی ئازادییەکانی بیروڕا و ئازادی ئاکادمیک و بەرتەسک کردنەوەی کۆبوونەوە و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئایینیەکان بەشێکی باس نەکراوی پێشێلی مافی مرۆڤن لەو وڵاتە. ئەو وڵاتەی کە لە ژێر ئەنجامی ئەم هەمووە کارەسات و پێشێلکارییانە ڕوو بە دنیای دەرەوە فرمێسک بۆ هەژاران و چەوساوەکان هەڵدەوەرێنێ و ڕووخساری شەیتانی باندی ویلایەت فەقیهی بە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ نیشان دەدا. سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە دەرەوە سیاسەتێکی دڵۆڤانانەو دیمۆکراسیخوازانەیەو تەنانەت زۆر جار لە دەمی یەکەم کەسی دەسەڵاتەوە مافی چارەی خۆنووسین و گشتپرسی بۆ کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە دەبیستری، کەچی مافی چارەی خۆنووسین بۆ چل میلیۆن کەس لە دراوسێیەتی خۆی‌دا، پێدەچی لە ئایات و ئەحادیسی بەردەستی خامنەیی‌دا دژایەتی دەگەڵ کراوبێ.

هەر لە پێوەندی دەگەڵ پێشێلی ئازادییەکاندا، ڕاپۆرتنێرانی بێ سنوور ڕایگەیاند ئێران پێشەنگە لە زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان و وێبنووسان‌داو هەنووکە ١٠ ژنی نووسەر لە زیندانەکانی ئێران دان، کە تاوانیان تەنیا نووسین و دەربڕینی بیروڕایە.

گیرانو دەسبەرکردنی کەسانی سەر بە ئایینەکانی دیکە وەک بەهایی، سووکایەتی کردن بە هاونیشتمانانی یارسان، دەسبەسەرو ئەشکەنجەی شوێنکەوتوانی ئایینی مەسیحی، هەڵاواردنو کار نەسپاردن بە سوننی مەزهەبەکان، بەشێکی ساکاری ئایدیۆلۆژی مەترسیداری کۆماری ئیسلامین کە تەشەنەی ئەستاندوە بۆ هێزە پاشکۆکانیشی لە ناوچەکەداو، هەروەها هەڵخڕاندنی دژکردەوەی توندوتیژی لایەنی بەرانبەر بۆ ئەوەی لەم کارانەدا دەست لە سیستمی کۆماری ئیسلامی بستێنێ.

کردەوەکانی داعش لە مووسڵ لەسەر دەرکردنی ئایین و ئایینزاکانی جگە لە سوننی، نیشاندەری ماکی قووڵی ئەم برینەن بە جەستەی تۆلێرانسی مرۆڤەوە. ئەگەر هەنگاوەکان بەمجۆرە بە خێرایی بەرەو دابڕان و لێکترازانی موزائیکی کۆمەڵگەکان بڕۆن، دوور نییە ئەم ناوچەیە کە پەنگخواردووی زوڵم و زۆری مێژووە لە سایەی سەری دەسەڵاتە تا ئێسک دیکتاتۆر و کۆنەپارێزەکانی وەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بتەقێتەوەو دیسان گەورەترین کارەساتەکان تۆمار بکا.

# حیزبی توودەی ئێران‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران‌دا

**بەشی دووەم**

**د. کامران ئەمین ئاوە**
**و: سیروان موساپوور**

بنەما فکرییەکانی حیزبی توودەی ئێران لە هەڵسووکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێزە نەیارەکانی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران لە دەرەوەڕا گەڕانەوە و ئەم حیزبە چالاکیی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە. لەڕاستیدا حیزبی توودەی ئێران کە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ زەربەی توند و قورسی لەباری ڕێکخستنەوە وێکەوتبوو، توانی بۆ یەکەم جار دوای زیاتر لە دوو دەیە دووری لە وڵات چالاکیی ئاشکرا دەست پێبکاتەوە.

سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران کاریگەرییەکی هەستپێکراو و حاشاهەڵنەگری لەسەر ڕووداوەکانی دوای ڕاپەڕین و چارەنووسی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە و چەپی ئێران هەبوو. ڕێبازی زاڵ بەسەر حیزبی توودە دوای شۆڕش و پێوەرەکانی بۆ هەڵبژاردنی هاوپەیمانەکانی، کۆنترین حیزبی چەپ و ئازادیخوازی ئێران لە پەنا یەکێک لە سەرەڕۆترین ڕێژیمەکانی سەدەناوەڕاستی و لە بەرامبەر بەشێکی گەورە لە هێزە چەپ و ئازادیخوازەکانی ئێران دانا. بەپێی وتەکانی ئیرەج ئەسکەندەری لە نامەیەک کە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی شوورەوی نووسیبوو: « گۆڕینی ڕێباز و ڕێنوێنییەکانی پلێنۆمی شازدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی لەبارەی یەککگرتن لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە دێموکراتیکەکان بە کردەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە و دژمنایەتیی هەرچی زیاتر و قووڵتر لەنێوان حیزبی ئێمە و گشت حیزبە نیشتمانپەروەر و دێموکراتەکانی وەک موجاهیدینی خەلق، حیزبی دێموکراتی کوردستان، لایەنگرانی مووسەددیق (جبهه ملی) و ئەوانی دیکە جێی گرتۆتەوە.[1] هەرئەمە گۆڕانکاریی لە ڕێکخستن و ڕێکوپێکیی هێزە دیار و شاراوە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران و لێکدابڕان و لاوازبوونی هێزە چەپ و دێموکراتەکان و، بەهێزبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە.

بەرگریی حیزبی توودەی ئێران لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئیسلامی بۆ نموونە حیزبە کوردستانییەکان، بە سەرنجدان بە بەڵگە بڵاوکراوەکان و هەڵوێستە فەرمییەکانی حیزب لەو قۆناغەدا بەم شێوەیە دەکرێ بەم شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

- شۆڕشی ئێران بە وتەی لئۆنید برژنێڤ [2] شۆڕشێکی ئاڵۆز و ناڕوون بوو کە یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی سیمای دژە ئیمپریالیست بوونی ئەو ڕێژیمە بوو. لە سەردەمی شەڕی سارددا بۆ حیزبگەلێکی وەک حیزبی توودەی ئێران بەربەرەکانی دوو سیستەمی سۆسیالیستیی جیهانی بە ناوەندێتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی سۆسیالیستی و سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی بە ناوەندێتیی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا [3] بابەتێکی سەرەکی قۆناغێکی مێژوویی، دیاریکەری ڕێڕەوی گشتی خەباتیان و پێوەری هەڵسەنگاندنی هێزە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران و جیهانە. حیزبی توودەی ئێران بە زەقکردنەوەی هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لەوەی هەڵقوڵاوی واقعییەتەکانی ئەودەم بن دروستکراوی خۆی بوون، سیاسەتی یەکێتی و ڕەخنەگرتن لە کۆماری ئیسلامی، بە پشت بەستن بە یەککگرتن و دەربڕینی ڕەخنەکان لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا و بە شێوازێک کە ئەولەوییەتی یەککگرتوویی لەبەرچاو بگرێ، گرتەپێش.[4] ئەم جۆرە سیاسەتە بە تێپەڕینی کات و بەپێی ڕیزبەندیی هێزە سیاسییەکان، حیزبی توودەی ئێرانی لە ڕیزی بەرگریکارانی سەرسەختی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دانا کە بە شێوەیەکی کوێرکوێرانە پێڕەویی و پشتیوانی لە سیاسەتی پاوانخوازانە و بەرتەسک کردنەوەی ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانی کۆڕ و کۆبوونەوەی تاقمە ئایینیە بیرتەسکەکان دەکرد و تەئییدی دەکردن [5] سیاسەتێک کە سەرەنجام بە هێرشی هێزەکانی ئیسلام و دەستبەسەرکردنی ڕێبەرانی دیار و کادر و ئەندامەکانی، کۆتایی بە چالاکیی نیمچە ئازادی ئەم حیزبە لە ئێراندا هێنا.

-لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێرانەوە « شۆڕشی ئێران بە جێگرتن لە زنجیرەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەتەوەییە نوێیەکانی گەلانی جیهانی سێیەم، بە بەشێک لە پرۆسەیەکی شۆڕشی جیهانیی ئەژمار دەکرێ کە لە سێ بەشی وڵاتانی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی کرێکاریی گەشەکردووی سەرمایەداری و بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی دنیای بەرەوگەشەی (جیهانی سێیەم) پێک هاتبوو. ئامانجی هەرسێک بەش خەبات بەدژی سەرمایەداریی گەورەی جیهانی (ئیمپریالیزم) بە مەبەستی جێگیربووی سیستەمێکی نوێ لەسەر بنەمای دادپەروەریی ئابووری و ئاشتی دەناسێنرا. شۆڕشگێڕبوون (واتە خوازیاری پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی بوون) و دژە ئیمپریالیست بوون (واتە خەباتکردن بەدژی سەرمایەداریی گەورەی جیهانی) لێک دەدرایەوە و ئەمە ماهییەتی هاوبەشی هەر سێ بەشەکە بوو. ئەم شۆڕشانە دەبووایە دوو بابەتی پتەوکردنی سەربەخۆیی سیاسی و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووریی و ڕزگاریی لە وابەستەبوونیان چارەسەر دەکرد.[6] بە سەرنجدان بەم تیۆرییە بەکردەوە بابەتەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەک دێموکراسی، ئازادیی چاپەمەنیی و حیزبەکان، مەسەلەی نەتەوەیی و ... وەپاش گوێ دەدران و دەچوونە ژێر کاریگەریی پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی ڕاوەستاو لەسەر دادپەروەریی ئابووریی و دژە ئیمپریالیست بوونی کۆماری ئیسلامی. ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە یەکەمینیان لەگەڵ ماهییەتی چینایەتی



صفحه ۲ ـ ستون چهارم

دبیر اول حزب توده ایران:

دادگاههای انقلاب ایران را سربلند کرد

نام آیت‌الله خمینی در تاریخ انقلابهای جهان خواهد ماند

حزب توده‌ایران برای حل مشکلات بیکاری پیشنهاد های خود را به دولت میدهد

نورالدین کیانوری

صفحه ۳ـ ستون سوم

کۆماری ئیسلامی یەکتری نەدەخوێندەوە و گشت سیستەمی ئابووریی وڵات لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریی دەپارێزرا. لەلایەکی ترەوە «دژە ئیمپریالیست بوون»یش، نە وڵاتی لە درێژەدانی ڕێگەی گەشەی سەرمایەداری دوور کردەوە و نە گەیاندە خۆبژیویی ئابووری. بێجگە لەمەش دژە ئیمپریالیست بوون لە زاتی خۆیدا نەیدەتوانی پێوەرێکی عەقڵانی بۆ شۆڕشگێڕبوون و دێموکراتیک بوونی هێزێک یان حاکمییەتێکی سیاسی بێ. چارەنووسی شۆڕشی ئێران لەژێر دەسەڵاتدارێتیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و چارەنووسی وڵاتانێکی وەک سووریە، ئێراق و لیبی و ... سەلمێنەری ئەم ڕاستییە نموونەگەلی بەرچاوی ئەم تیۆرییە مایەپووچ و شکست هێنراوانە بووە و دەبێ.

— حیزبی توودەی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەخنانەی کە لەم حیزبە لەپێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی میلیی مووسەددیق، سیاسەتی بەنەتەوەیی بوونی نەوت و پشتیوانی نەکردن لە بۆژوازیی نەتەوەیی لە بەرامبەر شادا و بۆرژوازیی کۆمپرادۆر و ... دەکرا، بە زەقکردنەوەی تایبەتمەندییە درۆیینەکانی « شۆڕشگێڕی، جەماوەری و دژە ئیمپریالیستی ڕووحانییەتی خەباتکار» و دانانی خومەینی لە پلەی «ڕێبەریی دێموکراسی شۆڕشگێڕی»[7] بەدوای وەدەسهێنانی متمانە لەنێو هێزەکانی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە بەدەسهێنانی کات بۆ کۆکردنەوەی هێز لەنێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و زیندووکردنەوەی ڕێکخراو و ڕێکخستنەکانی خۆی بوو. لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێران « ڕێبازی ئیمام خومەینی لە پلەی یەکەمدا دژە ئیمپریالیستی بووە، دوای دوکتۆر موسەددیق ئیمام خومەینی ڕێبەرێکی خاوەن ئیعتباری دیکە بوو کە ئەمجارە لەنێو ڕووحانییەتی شیعە ڕاست ببۆوە[8] بە باوەڕی حیزبی توودەی ئێران توێژە مامناوەنجییەکانی شار و دێ هێزە سەرەکیەکانی بزوێنەری شۆڕشی ئێرانیان پێک هێنابوو و ڕوانگەی یەکتاپەرستیی ئایدۆلۆژیای ڕێبەری دێموکراسی ئینقلابی واتە ئیمام خومەینی پێک هێنابوو. به وتەی ئیحسان تەبەری «حیزبی توودەی ئێران بە هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی ڕوانگەی یەکتاپەرستانە، دەنگی ئەرێنی بە کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەڕەتی پەسندکراوی مەجلیسی خیبرەگان دا، چونکە بەپێی تەجارەتی بێحیسابی خۆیان وایاندەزانی کۆمۆنیستەکان تەنیا بە تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی خۆیان دەتوانن بۆ تەواوی کۆمەڵگەکە ڕۆڵی ڕچەشکێنی و ڕێکەرەوەیی ببینن.[9] لە ڕاستای ئەم بیرکردنەوە و سیاسەتە هەڵانەدا، حیزبی توودەی ئێران لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا بوو بە ڕێکخراوی پاساودەری کردەوە و بڕیارەکانی دژە دێموکراتیکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی.

— حیزبی توودەی ئێران بە سەرنجدان بە خستنەڕووی «تیۆریی سەرەکی و ناسەرەکی» و بە سەرەکی دانانی «خەبات بەدژی ئیمپیریالیزم و دەستوپێوەندەکانی بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی سەربەخۆی دێموکراتیک، بەرگری لە شۆڕش و دەوڵەتەکەی»، بە کردەوە مەسەلەی دێموکراسی، ئازادیی و مافە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێرانی بە شوێنکەوتووی مەسەلەی سەرەکی واتە سەرکەوتنی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی دادەنا. لە ڕوانگەی حیزبی توودەی ئێران لە بەرامبەر ئەم کارە سەرکییە، کارەکانی دیکە لاوەکی بوون و نەدەبوایە لە کاروبارە ناسەرەکی و لاوەکییەکاندا نوقم بین و شتی سەرەکی فیدای لاوەکی بکرێ.

— حیزبی توودەی ئێران بە بەپێوەردانانی بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و ئیمام خومەینی وەک سنووری پیرۆزی شۆڕشگێڕی و دژە شۆڕشگیربوون بە کردەوە مۆری «ستوونی پێنجەمی ئەمریکا»، دژە شۆڕش»، گروهەکی چەپ نەما»، «تووری پووچەڵ و « جیرەخۆرانی بەعس و ناتۆ» لە تەواوی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدا و ئەمە لەحاڵێکدا بوو کە کۆماری ئیسلامی هەرگیز بەهایەکی بەم حیزبە نەدابوو. ئەم کردەوانە بوونە گۆشەگیربوون و دوورکەوتنەوەی حیزبی توودەی ئێران لە هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئێران. بە وتەی ئیرەج ئەسکەندەری «حیزبی توودە بە پشیتوانی بێ شەرت و مەرج و یەکلایەنەی خۆی نەیتوانی تەنانەت زەڕڕەیەک متمانە، نیازپاکی و لێک تێگەیشتنی کەسانی ناو ڕێبەرایەتی ئێران ڕابکێشێ...جێبەجێکردنی ڕێکوپێکی ئەم ڕێبازە تا ئەو جێگەیە بەرەوپێش چوو کە «حیزبی چینی کرێکار» لەڕاستیدا بوو بە پاشکۆی سیاسەتە دواکەوتووە ئاینییەکان و چالاکیی جەماوەری و بەتایبەت کار لەنێو کرێکارانیشدا لەچوارچێوەی چالاکییە سینفییەکاندا کورت بۆوە.[10] حیزبی توودەی ئێران لە بەرگری لە کۆماری ئیسلامی و هێرش بۆسەر هێزە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی وەپێش دەوڵەتی دەسەڵاتداریش کەوتەوە، کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەتایبەت خەڵکی کورد لەخۆی بەجێهێشت و ناوبانگی خەمهێنەری پاشکۆی کۆنەپەرستیی مەزهەبی بۆ خۆی دروست کرد.[11]

*١. نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر ١٩٨١.*

*٢. لئونید ایلیچ برژنف (١٩٨٢ ـ ١٩٠٦)، دبیرکل حزب کمونیست اتحاد شوروی (١٩٨٢ ـ ١٩٦٤).*

*٣. دوران تاریخی ما و سمت عمده مبارزه، احسان گبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص ٥، مجموعه مقالات ١٣٥٨.*

*٤. درباره به اصگلاح خنجر از پشت، احسان گبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص٧٧، مجموعه مقالات، ١٣٥٨.*

*٥. نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر ١٩٨١.*

*٦. برخی مسائل نقری مربوگ به انقلاب ایران، احسان گبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص ٢٧٣ ـ ٢٧٢، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب توده ایران.*

*٧. تەبەری لەم پێوەندییەدا دەنووسێ: لە وڵاتی ئێمە شۆڕشێک ڕووی داوە شۆڕشێکە نەتەوەیی و دێموکراتیک. شۆڕشێکە لەژێر ڕێبەرایەتیەکی دێموکراسی شۆڕشگێڕیدا هاتۆتە کایەوە و بایەخێکی بنەڕەتی هەیە کە ئیمە لەگەڵ ئەو زاراوەیە ئاشنا بین، چونکە بە هەڵە دێموکراسیی شۆڕشگێڕیی لەگەڵ وردەبورژوازی بە هاوسەنگ دادەنرێن. لەحاڵێکدا کە مەسەلەکە وانیە... هێزی سەرەکی بزوێنەری شۆڕشی ئێران توێژە مامناوەنجییەکانی شار و دێ بوون کە نوێنەری سیاسییان دێموکراسیی شۆڕشگێڕییە... سەردەمێک بوو کە حیزبی ئێمە بابەتی «بورژوازیی نەتەوەیی» کە لە بزووتنەوەی بەنەتەوەیی کردنی نەوتدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، نەدەناسی و ئەمڕۆکە کەسانێک بابەتی گرنگی «دێموکراسی شۆڕشگێڕیی» کە لە شۆڕشی ئەمدواییانەدا ڕۆڵێکی گرتگی هەبوو، ناناسن و ئەمە بنەمای زانستیی هەڵەکانە. (برخی مسائل نقری مربوط به انقلاب ایران، احسان گبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص ٢٧٥ ـ ٢٧٤، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب توده ایران.*

*٨. خط مشی سیاسی است نه نیرنگ، نه مانور. احسان طبری، برخی مسائل حاد انقلاب، ص ٣٧، مجموعه مقالات ١٣٥٨.*

*٩. برخی مسائل نقری مربوط به انقلاب ایران، احسان طبری نوشتەهای فلسفی و اجتماعی، جلد دوم، ص٢٧٨، چاپ دوم ١٣٥٨ انتشارات حزب توده ایران.*

*١٠. نامە ایرج اسکندری بە کمیتە مرکزی حزب کمونیست شوروی اکتبر ١٩٨١.*

*١١. همانجا*

**درێژەی هەیە**

# سیاسەت و میدیا



ڕێبوار مەعروفزادە

ئێمە لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاریدا دەژین واتە تاکەکانو گرووپەکان بە پێوەری ئەو زانیارییانەی کە هەیانە، تواناو دەسەڵاتیان هەڵدەسەنگێندرێ. ئابووریزانێک پێویستە مانای نرخی هەڵاوسان بزانێو هەروەها بزانێ ڕێگای گەشەی ئابووری، پێشگرتن لە بێکاری، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و ... چییە. ئاندازیارێکی بیناسازی پێویستە لە دیزاینی جۆراوجۆری بینا، پێوەندی نێوان فۆرم (Form) لەگەڵ کارکردی (Function) یەک بیناو زۆر چەمکی پێوەندیدار بە بیناسازی تێبگا. ئەمڕۆ سەردەمی سەرریژبوونی زانیارییە هەر بۆیە لە هەر بوارێکدا ئەوەندە کتێب و پرسیاری بێ وڵام هەیە کە هیچ ڕێگەیەک بۆ مرۆڤ جێگە لە دابەشکردنی کارو پسپۆرگەرایی نەماوەتەوە. ئەمڕۆ خەڵک زیاتر لە هەر سەردەمێک لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنت، کاناڵە ماهوارەییەکان، ڕۆژنامە، کتێب، سایت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بە زانیاری دەگا. لە وڵاتانی دیکتاتۆر، بە هۆی سانسۆرو هەروەها نەبوونی ئازادی چاپەمەنیو ڕاگەیاندن، خەڵک بەشێوەیەکی ئازاد دەستیان بە زانیاری ناگا. دەوڵەتان لە وڵاتانێک وەک چین، کۆماری ئیسلامی ئێران، کۆریای باکوور و ... هێزێکی ماددیو مرۆیی زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی دەستکاری زانیارییەکان بکەن. لە لایەکی دیکەوە خەڵک لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانێ نارەزایەتی خۆی دەرببڕێ، خۆپێشاندان ڕێکبخا یان ستەم، نایەکسانی، گەندەڵی سیاسیو ماڵی لەقاو بدا. لە جیهانی ئەمڕۆدا سیاسەتکردن بە مانای هەوڵ بۆ دەسەڵات بە بێ هەبوونی میدیا، واتە بە بێ بەشداری لە ڕاگواستنی زانیاری، وەک ئەوە وایە یاری تۆپێن بکەی بە بێ ئەوەی تۆپت هەبێ.

### پێناسەی میدیا

میدیا لە ساکارترین پێناسەدا ئامرازی گەیاندنی پەیامە. ئەو ئامرازە دەکرێ وەک کەرەسەیەکی تاکەکەسی بەکاربێ بۆ نموونە ئەو کاتەی کەسێک کتێبێک دەنووسێ لە نووسین بۆ گەیاندنی بیرو ڕوانینی خۆی کەڵک وەردەگرێ. لە لایەکی دیکەوە میدیا دەکرێ بەرهەمی کاری گرووپی بێ وەک ئەو فیلمەی دەیان کەس هەر لە ئەکتەرەکانەوە هەتا کامێراوان، مۆنتێر، دەرهێنەرو ... تێیدا ڕۆڵ دەگێرن. کتێب، ڕۆمان، ڕۆژنامە و .. زۆرتر لە دەق بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان کەڵک وەردەگرێ. لە حاڵێکدا کە تەلەڤیزیۆن هاوکات لە دەنگ، وێنەو دەق کەڵک وەردەگرن تا پەیامی خۆی بدا. نووسراو دەتوانێ خەڵک بەرەو تێرامان بەرێ هەر وەک وێنەو دەنگ دەتوانێ ئەو کارە بکا. بەڵام تەلەڤیزیون واتە میدیای بینراو کە دەق، دەنگو نووسراو پێکەوە بەکاردێنێ، خێراییو پانتاییەکی زۆرتری هەیە. بە هەزاران کەسو بگرە هێندێک جار بە میلیۆن کەس هاوکات تەماشای پرۆگرامێکی تەلەڤیزیۆنی دەکەن، بەڵام ئەو خێراییو هاوبەشییە بەرفراوانە لە خوێندنەوەی کتێبێک زۆر ئەستەمە کە ڕوو بدا. ڕۆڵی میدیا تەنیا لە گەیاندنی زانیاری کورت نابێتەوە بەڵکوو خاوەنانی میدیا هەوڵ دەدەن لێکدانەوەی تایبەت لە ڕووداوێک جێ بگرێ. بە واتایەکی دیکە ڕۆڵی میدیا لە ڕاگواستنی زانیاری درێژ دەبێتەوە بۆ ئاراستەبەخشی بە ڕوانینو بیرکردنەوەی خەڵک.

### میدیای داخراو

میدیای داخراو ئەو میدیایەیە کە لە بازنە و ڕوانینێکی دیاریکراو، ئیدئۆلۆژیکو چوارچێوەداردا خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری دەکا. لەو میدیایەدا دەموچاوێکی هەمیشەیی دەبینرێ، بۆ نموونە لە وڵاتانی دیکتاتۆر، ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنەکان بەردەوام وێنەی کەسێک یان کەسانێکی دیاریکراو نیشان دەدەن. لە ڕۆژنامەی بەشێک لە حیزبەکانیش‌دا بەردەوام وێنەی سکرتێر دووبارە دەبێتەوە و وا نیشان دەدرێ کە ئەو گرینگترین کەسی ئەو جیهانەیە.

سیاسەتی میدیایی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە شەڕی ئیسرائیل-فەلەستین نموونەیەکی باشە لە میدیای داخراو چونکە کاتێک شەڕی ئیسرائیلو فەلەستین دەست پێدەکا، زۆربەی کاناڵو میدیاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەچنە خزمەت شەر دژی ئیسرائیلو پشتگیری لە فەلەستین. ئەوان لێکدانەوەیەکی یەکلایەنە لە شەڕی ئیسرائیل-فەلەستین پێشکەش دەکەن کە لەودا ئیسرائیل شەیتانە و وێنەی فەلەستینیش ژن و منداڵێکی بەستەزمانن کە لە خوێن شەلال بوون.

### میدیای کراوە

میدیای کراوە ئەو میدیایە کە بەردەنگ پێشوەخت نازانێ چ لێکدانەوەیەک، چ ڕۆخسارێک و چ ڕووداوێک نومایش دەکرێ. میدیای کراوە میدیایەکە کە مەجاڵی زیاتر دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی خەڵکانێک بە بیروبۆچوونی جیاواز دەرفەتی دەرکەتن پەیدا بکەن. هەر بۆیە میدیای کراوە زیاتر هاوتەریبیو هاوسەنگی هەیە لەگەڵ واقیع، لەگەڵ ئەو ویستو کێشەو گرفتانەی خەڵک لەگەڵی ڕووبەرون. سیاسەت لە وڵاتانی تۆتالیتێرو دیکتاتۆر نایهەوێ میدیای کراوە هەبێ بۆ ئەوەی واقیعێکی پڕستەم و چەوساندنەوە ئاوەژوو نیشان بدا یان هەر بە تەواوەتی بیشارێتەوە. دیارە لاچوونی دیکتاتۆرییەتیش بە مانای ئەوە نایە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئازادی چاپەمەنیو ڕاگەیاندن پەرە دەستێنێو میدیای کراوە و ئازاد بەدی دێ. میدیا بە تایبەت تەلەڤیزیۆن پێویستی بە پشتوانەی ماددی و ئابووری هەیە. لە شوینێکدا کە بازاری ئازاد هەیە سیاسەتمەردانو بە تایبەتی سەرمایەداران بۆ دامەزراندن، کونترۆڵو کاریگەری دانان لە سەر میدیا لەگەڵ یەکتر ململانێ دەکەن. میدیایەکی بەهێز پێویستی بە کارمەندێکی زۆرو ئیمکاناتێکی پێشکەوتوو هەیە. بۆ نموونە میدیایەکی بەهێز لە کوردستان پێویستی بەوەی هەیە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هەواڵنێر هەبێ، هەروەها لە زۆربەی پێتەختو شارەکانی وڵاتانی ناوچەکە ڕاپۆرتێر و هەواڵنێری هەبێ. میدیایەکی بەهێز پێویستی بە چەندین ستۆدیوی پێشکەوتوو، کارمەندانێکی پسپۆر کە چەندین زمان بزانن، تەرخانکردنی سەرمایە بۆ دەعوەتکردنی خەڵکی پڕئاوازە و ... هەیە. هەر بۆیە هەرچەند میدیا دواتر دەتوانێ خۆی داهاتی هەبێ بەتایبەتی لە ڕێگەی ڕیکلام بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان بەڵام دامەزرانی میدیایەکی کاریگەر بە بێ پشتگیری سەرمایەدارنو تا ڕادەیە سیاسییەکان کاریکی دژوارو ئەستەمە. بەو پێیە میدیا دەکرێ هاوکات ڕادەیەک لە کراوەبوونی تێدا بەدی بکرێ، بەڵام پارێزگاری لە بەرژەوەندیو سیاسەتەکانی کەسانێکی بەهێز لە بواری سیاسیو ئابووریش بکا.




### دەمارگرژی (Bias) لە میدیادا

گەشەی تەکنیک ئەو توانایەی بە میدیا داوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگری لە ڕوانگە و سیاسەتێک بکا بە بێ ئەوەی خەڵکو بەردەنگەکەی هەستی پێبکا. زۆر تەلەڤیزیۆنو ڕۆژنامەی بەناوبانگ لە دنیادا هەن کە بە شێوەیەکی فەرمی یان ڕاستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتی حیزبێک یان وڵاتێک ناکەن بەڵام بەکردەوەو بە شیوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵ بۆ هەمان سیاسەت دەدەن. لێرەدا پێمخۆشە نموونەیەک لە ڕووبەرگی گۆڤاری تایم بێنمە کە ئەو گۆڤارە یەکێک لە بەناوبانگترین گۆڤارەکانی جیهان. ئەو ڕووبەرگە وێنەی کچێک نیشان دەدا کە لووتی بڕدراوە و لە سەری بە زمانی ئینگلیسی ڕستەیەک نووسراوە بۆ ئەوەی پشتگیری لە ڕوانگە و سیاسەتێکی تایبەت بکا.

لە وێنەکەدا نووسراوە "چ شتێک ڕوو دەدا ئەگەر ئێمە لە ئەفغانستان بڕوین." لێرەدا بەردەنگێکی وریا دەبێ بپرسێ لەو ڕستەیدا "ئێمە" کێیە؟ بێ گۆمان بەردەنگی ئەو وێنەیە و ئەو ڕستەیە خەڵکی ئینگلیسی زمان بەگشتی و هاووڵاتیانی ئەمریکا بەتایبەتین. "ئێمە" لە پەیامەکەدا ئەمریکاییەکان، خودی گۆڤاری تایم و هاوپەیمانانی ئەوانن کە لە ئەفغانستان شەڕ دەکەن. "ئەوان"یش ئەوانەن کە لووتی کچ و مرۆڤ دەبرن، ئەوانەن کە لە دژی سەربازانی ئەمریکا لە ئەفغانستان شەڕ دەکەن. گۆڤاری تایم لە ڕێگەی ئەو ڕووبەرگەوە بەشیوەیەکی زۆر زیرەکانە هەوڵ دەدا بیرۆرای گشتی لە ئەمریکا هان بدا بۆ ئەوەی پشتگیری شەر لە ئەفغانستان بکەن. ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی ئەفغان بە هۆی فرۆکە بێ سەرنشینەکان ئەمریکا کوژران. هەروەها دیتمان ئەو شەڕەی بە بێ ڕەزامەندی شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا، بە بیانوی ئەوەی ئوسامە بن لادەن لە ئەفغانستان خۆی حەشار داوە، هەزاران ئەمریکی و ئەفغانی کوژران و دواجار بن لادەنیش لە پاکستان کوژرا. یەکێک لە گرفتەکانی سەرەکی میدیا لە جیهانی ئەمرۆدا دەمارگرژبوونو لێکدانەوەی یەک لایەنە لە ڕووداوەکانە. لەو وێنەیەی کە گۆڤاری تایم سەبارەت بە شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان داینایوە، بە بەردەنگەی ناڵێ بۆ خەڵکانێک لە دژی ئەو شەرەن، ئەو بە شێوەیەکی یەکلایەنە هەوڵ بۆ ڕەوایی دان بەو شەڕە و درێژەکێشانی دەدا. خەڵکی ئاساییش ئەو دەرفەتەیان نیە، یان هۆشیار نین تاکوو لەسەر کێشەی ئەفغانستان کتێب بخوێننەوە یان برۆن لەگەڵ دژبەرانی ئەو شەڕە قسە بکەن. بەگشتی خەڵک لەسەر زۆر ڕووداوو کێشەی نێوخۆیی، ناوچەییو جیهانی متمانە بە میدیا دەکاو لە دەلاقەی میدیاوە سەیری جیهان دەکا.

### میدیای زەرد

لە نێو بڵاوکراوەکان‌دا بەو دەستە لە گۆڤار، ڕۆژنامە و ... کە مەبەستیان ئەوەیە سەرنجی بەردەنگی زیاتر ڕابکێشنو بەلایەنەوە زۆر گرینگ نیە کە خاوەنی نێوئاخنو پەیامیکی بەهێز بن، بڵاوکراوەی زەرد دەگوترێ. بەڵام لە ئێستادا زۆر کاناڵی ڕاگەیاندنیش هەموو هەوڵیان ئەوەیە لە هەر ڕێگەیەکەوە بێ بەردەنگی زیاتر دەستەبەر بکەن، هەر بۆیە دەکرێ قسە لەسەر میدیای زەرد بکەین. ئەو جۆرە میدیانە لە تێکنیکی جۆراوجۆر کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی سەرنجی بەردەنگ ڕابکێشن. بۆ نموونە تایتێلێک دادەنێن کە بەڵای خوێنەرەوە زۆر دەگمەن بێ یان وێنەی سێکسی ژن دادەنێن. ماوەیەک لەمەوپێش تەرمی کچێکی 15 ساڵ بەناوی دنیا لە ناحیەی کەلەکچی پارێزگای دهۆک لە ڕێکەوتی 24/5/2014 دۆزرایەوە. بۆ ماوەی دوو هەفتەیەک کوشتنی دنیا و وێنەی ئەو لە هەموو گۆڤار و کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی باشووری کوردستان دەردەکەوت. ئێستا کە چەند مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەری، دنیا نەک تایتڵ نییە بەڵکوو لە پەراوێزی گۆڤارەکان و لە هەواڵێکی کورتیشدا بەدواداچوون بۆ کەیسەکەی ناکرێ. لێردەایە کە هێندێک کاریگەری نەرێنیو ترسناکی میدیا لەسەر کۆمەڵگە دەردەکەوێ. ئەو کاریگەرییە ترسناکە ئەوەیە کە میدیا وا بکا کۆمەڵگەیەکی میدیایی دروست بێ. واتە خەڵک زۆرتر بینەر بێ هەتا ڕۆڵگێر، ئەخلاق و هەڵویستی مرۆڤدۆستانە وەک شتی کاتی و ژێستێکی میدیایی لەقەڵەم بدرێ.

میدیای زەرد کاریگەری لەسەر سیاسەتو چۆنییەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیش کردوە. خەڵک ئەمرۆکە زیاتر گرینگی بە تایبەتمەندی کەسێتی (Personality) کاندیدەکان دەدەن هەتا بەرنامەکانیان. ئەمرۆکە خەڵک زیاتر گرینگی بەوە دەدەن کە کاندیدێک چۆن قسە دەکا، ئاخۆ وەک خۆی و لەگەڵ خەڵک وێنەی سەرنج ڕاکێشی هەیە؟ ئایا ئەو کاندیدە گەنجە یان لە تەندروستی پێویست بەهرەمەندە؟

### میدیای کوردی

لێرەدا نامهەوێ باسی ئەوە بکەم کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کەی چاپ کرا، یا کورد لە کەیەوە ڕادیۆی هەیە یان یەکەم تەلەڤیزیۆن کوردی کەی دامەزرا. میدیای کوردی بە پێی ئەو دەستەبەندییانەی لە سەرەوە کردم میدیایەکی داخراو، کراوە. زەرد یان تێکهەلکێشێک لەو تایبەتمەندییانەی هەبێ. بەڵام هەموو کورد لە یەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە ڕوویان لە کوردستانو بەردەنگیان تەنیا خەڵکی کوردستانە. میدیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو توانایەی نەبووە و ڕەنگە لە بەرنامەشی‌دا نەبووبێ کە کاریگەری لەسەر نەتەوەی فارس دابنێ. بە واتایەکی دیکە ئەوانەی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات تەماشا دەکەن یان ئەندامانی حیزبەکانن یان خەڵکی کوردن. تەنانەت لە باشووری کوردستان کە سەرمایەی ماددی پێویست هەیە تاکوو ئێستا کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی عەرەبی، تورکی یان ئینگلیسی نییە کە یارمەتی دیپلۆماسی کورد بکا. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا کاناڵی ئەلجەزیرە توانیوێتی بەردەنگ لە دەرەوەی جیهانی عەرەبیو بەتایبەتی لە نێو ئەمریکا و ئورووپا پەیدا بکا.

ڕەنگە لە کۆمەڵگەی میدیایی دا چیدیکە نەکرێ ئەو دروشمەی شۆڕشی خوێندکاری 1968 بەرز بکەینەوە کە "با تەلەڤیزیۆنەکان بکوژێنینەوە و چاومان بکەینەوە" بەڵام دەکرێ ئاوای بگۆڕین کە "با چاومان بکەینەوە ئەو کاتەی تەماشای تەلەڤیزیۆن دەکەین."

**گەشەی تەکنیک ئەو توانایەی بە میدیا داوە کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لایەنگری لە ڕوانگە و سیاسەتێک بکا بە بێ ئەوەی خەڵکو بەردەنگەکەی هەستی پێبکا. زۆر تەلەڤیزیۆنو ڕۆژنامەی بەناوبانگ لە دنیادا هەن کە بە شێوەیەکی فەرمی یان ڕاستەوخۆ پشتگیری لە سیاسەتی حیزبێک یان وڵاتێک ناکەن بەڵام بەکردەوەو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوڵ بۆ هەمان سیاسەت دەدەن**

سەرچاوەکان:

1. "لە جەنگی وێنە و واقیعدا" سێ نموونە، بەختیار عەلی
2. کورێکی بەختیار عەلی لەسەر میدیا https://www.youtube.com/watch?v=51myVhMGqBQ
3. قدرتهای جهان مطبوعات، مارتین واکر
4. تەلەڤیزیۆنە کوردییەکان و رۆلیان لە پێشخستنی کۆمەڵگە، سەباح مەجید
5. وردەکاری مارەکردن و کوشتنی دنیا، سایتی هاوڵاتی

کوردستان
ژمارە: ٦٣٧
١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٣
٦ی ئاگۆستی ٢٠١٤

# ئەحمەدی شاملوو، شاعیرێکی دەروەست و هەڵکەوتوو



عەلی لەیلاخ

هۆکاری جیاوازیی هێندێک لە شاعیران کە ناسراوترو بەرچاوتر دەمێننەوە رەنگە چەندین خاڵی گرینگ بێت کە یەک لەوان گەیشتنی شاعیرە بە فورم وزمانی تایبەت بە خۆی وهەبوونی مانیفێستی تایبەت لە روانگەو بیری شاعیرانە. هەروەها بەرفراوانی هزرو ئەندیشەی شێعری لە خاڵە هەر گرنگەکانی سەرکەوتنی شاعیرێکە بە نیسبەت هاو پیشەکانی خۆی.

بە دوای شۆرشی ئەدەبیی «نیما یوشیج»ی داهێنەر، لە ژێر کاریگەری شاعیرانی تورک ورۆژئاوایی کە بەرەبەرە بە باوکی شێعری نوێی فارسی ناسرا لە قوتابخانە تازەکەی»نیما»چەندین شاعیری مەزن لە شێعری نوێدا سەرکەوتن کەسانێک وەکوو(اخوان ثالث، فروغ، سهراب، منوچهرآتشی و احمدشاملو)کە دوایی هەرکام لەمانە لەسەر رەچەڵەکی بیرۆکەی «نیما» شێوە شێعری تایبەت بە خۆیانیان تاقی کردەوە کە دەتوانین لەم بارەوە ئەحمەدی شاملوو بە سەرکەوتووترینیان ناو بەرین.

شاملوو کە بۆ خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات لە تەمەنی مێرمنداڵی کاتێک لەسەر بانی ماڵی خۆیان گوێی لە دەنگی پیانۆ ژەنینی کچە ئەرمەنی دراوسێ گرتووە، ریتم و نەوای دەنگی ئەوسازە لە مێشکیدا دەمنێتەوەو لەمەو بەدواش بە شارەزایی لەسەر شێعری رۆژئاوایی بەتایبەت شێعری فەرانسەو ئامریکای لاتین بە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆر دەتوانێ مانیفێستی شێعری خۆی لە باری قەوارەو ریتم و کێشی جیاوازوتایبەت بناسێنێت کە بەرەبەرە بە شێوە شێعری ئازاد(شعر سپید)ناسرا وئێستاش هەر درێژەی هەیە. دەتوانین بڵێین ئەحمەدی شاملوو بوو بە داهێنەرێکی دیکە لە ئەدەبی فارسیدا. خاڵێکی بەرچاو لە شێوە شێعری شاملوو گەڕانەوە بەرەولای زمانی کۆنی فارسی و کەڵک وەرگرتن لە زمانێکی فاخروپاراو بۆ زمانی شێعری بوو.

بەڵام جیاواز لەم خاڵانە، ئەوەی کە شاملووی بردە نێو کومەڵانی خەڵکو ئێستاشی لەگەڵ بێ کۆمەڵگەی ئەدەبو هونەر رێزی لێدەگرن، پێداگریوراستگۆییو هونەری باڵای شاملوو بوو کە ئاستی دەروەست بوونی بە کۆمەڵگە وای لێکرد کە لە چەند سیستمی حاکم بەسەر ئێراندا تووشی سزاو زیندان ببێت. چونکە بڕوای بەمە بوو کە هونەرمەندی ڕاستەقینە وەکوو رووناکبیرێکی سەربەخۆ هەمیشە دەبێ پشت لە دەسەڵاتو رووی لە خەڵک بێ و ببێتە دەنگی حەزو ویستی کۆمەڵگا.

شاملوو ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی بیرۆکەی چەپی ئەوکات تاڕادەیەک دەبێتە شاعیرێکی حیزبی، بەڵام هیچکات هونەروشێعرییەتی شێعر فیدای ناوەڕۆک ناکات وبە ریکخستنی هاوتەرازی هونەرو دەروەست بوون (تعهد) لە ئەدەبیات بە شاعیری حەماسەو ئەوین ناوبانگی جیهانی دەردەکات.

بە چاو خشاندنێک بەسەر مێژووی ئەدەبیاتی شۆرشگێرانەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بە ناوبانگ ترین شاعیرانی جیهان سەر بەم ژانرە هونەرییەن. چۆنکە ئەوەندە ئاستی جوانی هونەرەکەیان بەرزو ئینسانییە تەنانەت لە ریگەی وەرگێرانیشەوە گەلانی دیکە چیژی لێوەردەگرن وخۆشیان دەوێت. لە ئەدەبیاتوشێعری شۆرشگیرانە دا سنووورە دەسکردەکان لاواز وبێ رەنگنو عیشقو ئازادیو ئاواتگەلی ئینسانی گشتیو جیهانییە. دژایەتی لە گەڵ هەرچەشنە چەوساندنەوەیەکو، بەرخۆدانو بانگەوازکردن بۆ پێکهێنانی جیهانێکی شیاوو بێ کارەسات! هەروەها بەرفروانیی ئەوینو یەکسانی وبرایەتی لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی شۆرشگێرانەیە کە هەر ئەم تایبەتمەندییانە بۆتە هۆی مانەوەی شاعیرانێک وەکوو(نازم حیکمەت، شیرکۆ بێ کەسو ئەحمدی شاملووو گارسیا لۆرکا...)

ئەحمەدی شاملووش لە رێزی ئەو شاعیرانەدایە بۆیە لە نێو گەلانی دیکەش بە تایبەت گەلی کورد شاعێرێکی ناسراوو خۆشەویستە. هەڵوێست گرتنی شاعیرانە بەرامبەر بە رووداوە ناخۆشەکانی جیهانو دووربوون لە دۆگماتیزمی شووڤێنیستییو، ڕەخنەگرێکی بۆێرو دەروەست بوونی بە هونەرو مرۆڤ، وای کرد کە وەرگێرەکان بەتایبەت وەرگێرانی کورد شێعرەکانی بگوازنەوە بۆسەر زمانی کوردی، بۆ نموونە کۆمەڵە شێعری «تا شکۆفەی سووری کراسێک» کە یەکەمجار لە لایەن کاک ناسری حیسامی کرایە کوردی و دواتر هونەرمەند ناسری رەزازی لەسەر دوو شێعری ئەم بەرهەمە گورانی و ئاوازی تومارکرد. هەروەها شاملوو لە باری ئینسانیشەوە داهاتی «کۆری شێعر خویندنەوەیەکی لە وڵاتی نەمسا(ئوتریش) تەرخان کرد بە لێقەوماوەکانی کارەساتی هەڵەبجە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە لە پاراوێز خستنی شاملوو هەروەها سانسۆری دەنگو رەنگی ناوبراو لە میدیاکانی خۆی هەوڵی ئەوەی دا کە ئەوشاعیرە مەزنو دەروەستە لە بیر بباتەوە بەڵام ئەوەی کە دەڵێن هونەر لەسایەی رەشی دیکتاتۆری گەشە دەکات قسەیەکی بەتەواوی ڕاستە بەتایبەت لە بارەی شاملوو.

جیگای خۆیەتی کە لەساڵیادی کۆچی دوایی ئەم شاعیرە واتە (٢ی گەلاوێژی١٣٧٩)، بەڕێزەوە یادی بکەینەوە.

...

**سەرچاوە:**
**«یک هفته باشاملو» مهدی اخوان لنگرودی،**
**مجموعه اشعار شاملو ، ماڵپەری ناسرحیسامی...**



### دوو کۆپلە شێعری شاملوو لە: وەرگێڕانی ناسر حێسامی

لە دەستە گەرمەکانی تۆ
کە منداڵی ئاوەڵدوانەی نێو باوەشمن
چیها قسەم پێیە بیکەم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە میهرەبانیی بێدریغی گیانی تۆ
مەسیحی دایک، ئەی خۆرەتاو!
بەسازێکی بێکۆتایی کە هەر تۆ بی
ئەمن نەغمە لەسەر نەغمە سروود ئەڵیم
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

لە کۆلکەزێڕینەی مانگی گوڵانی تۆ
کە لەم باخی خەزانەدا سەراپەردەی خۆی هەڵداوە
چەندین و چەند نەقش ونیگار دەکێشمەوە
کەهەر ڕەنگەی لە ڕەنگێکی تر گەڕابێ
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ

کانیاوێک لە نێو دڵدا و
ئاوهەڵدێرێک لە نێو دەستدا
خۆرەتاوێک لە نیگادا و
فریشتەیەک لە کراسدا،
لە ئینسانێک کە هەر خۆتی
هەزار چیرۆک دەگێڕمەوە
ئەگەر غەمی نان لێم گەڕێ.

دێن بۆن بە دەمتەوە دەکەن
نەکا ڕۆژێک وتبێتت خۆشم دەوێی.
دێن بۆن بە دڵتەوە دەکەن
ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم.
خۆشەویستی
لە دارتەلی قەراخ ڕێگەی بەربەستکراو شەتەک دەدەن
دەیدەنەبەر قەمچی و شەللاق
دەبێ ودمی خۆشەویستی لە کەلێن و لە پەسیوی ماڵ
پەستێون،
بیشارنەوە.

لەکۆڵانی بەربەستراوی ساردوسڕدا
ئاوردووە شیعر و سروود
ئاگری پێ دەکەنەوە
باسی سەرە بیرکردنەوە
ڕۆژگارێکی سەیرەگوڵم.
ئەوەی شەوان دەرگا دەکوتێ
هاتووە چرا بکنکێنێ
دەبێ تیشکی ڕووناکایی لە کەلێن و لە پەسیوی ماڵ پەستێون،
بیشارنەوە.

وا قەسابان
سەر ڕێگەکانیان گرتووە
تیغ و چەقۆی خوێناوییان بەدەستەوە
ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم.
توێ توێ بزە لە برینی لێو دادەتاشن
گۆرانی لەبرینی گەروو
دەبێ شەوق و شادمانی لە کەلێن و لە پەسیوی ماڵ پەستێون،
بیشارنەوە.

دێن قەناری
بە ئاگری یاس و سوێسن دەبرژێنن
ڕۆژگارێکی سەیرەگوڵم.
ئیبلیسی سەرکەوتووی سەرخۆش
لەسەر سفرەی شینی ئێمە شایی دەکا
دەبێ خودا لە کەلێن و لە پەسیوی ماڵ پەستێون،
بیشارنەوە.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 637 6 august 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## کۆچی دوایی ڕەشەی قاچاغچی، ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕەشید فەلاحی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕەشەی قاچاغچیو لە باشوور بە ڕەشید سابڵاغی دەناسرا، لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە پێوەندیی لەگەڵ یەکیەتیی لاوانی ئەو کات کردو پاشان بوو بە پێشمەرگەو لە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان بوو بە ئەندامی نهێنیی حیزبی دێموکرات. ناوبراو ساڵی ١٣٢٧ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانیو عەزیز یووسفی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی مەهابادو ورمیدا گیران.

ڕەشید فەلاحی پاش ئازادکرانیشی کۆڵی نەداو لە دژی کۆدێتای ٢٨ی گەلاوێژ دژی موسەدیق هەستایەوەو بۆ جارێکی دیکەش لە زیندان کرایەوەو ساڵی ١٣٣٨ کە ساواکی سەردەمی شا پەلاماری تۆڕە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی دا، ئەویش یەکێک لەم کەسانە بوو کە لە زیندان کرایەوە پاش دەربازبوونیان خوالێخۆشبوو ڕووی لە باشووری کوردستان کردو لەوێش پێوەندیی بە حیزبی دێموکرات کردەوەو زۆر جاران پێداویستیی مەقەڕەکانی پێشمەرگەی دابین دەکرد.

ڕەشید سابڵاغی پیاوێکی خەباتکار، دڵفراوان و ئازا بوو، ناوبراو لە کۆنگرەی ٢ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ئەندامی چاودێریی بەرز هەڵبژێردرا.

خوالێخۆشبوو هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی وەفاداری حیزب دەزانی، لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا بە بنەماڵەوە ڕوویان لە وڵاتی نۆرویژ کردو لەم وڵاتە گیرسانەوە، بەڵام بەداخەوە دوای نەخۆشییەکی چەند مانگە، ئێوارەی ڕۆژی ٩ی گەلاوێژ لە نەخۆشخانەی شاری درامێنی نۆرویژ بە یەکجاری ماڵاوایی لە بنەماڵەو حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

## بەڕێوەچوونی کۆڕێک بۆ د. محەممەد ڕاوەندی لە ژێر ناوی «شیکردنەوەیەکی عیرفانی لە بەیتێکی شیعری نالیدا»





کۆمسیۆنی پەروەردەو بارهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ د.محەممەد ڕەوەندی لە سەر شیکردنەوەی شێعرێکی نالی پێک هێنا.

لەو کۆڕە ئەدەبییەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ گەلاوێژ بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، د.محەممەد ڕەوەندی شارەزا لە ئەدەبیات و زمانی کوردی باسەکەی کە شیکاریی بەیتە شێعرێکی نالی بوو پێشکێش کرد.

لە سەرەتای ئەو کۆڕەدا کاک کەماڵی کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە گرینگیو ڕۆڵی ئەدەبیاتو شیعر لە خەباتی گەلانی جیهان، بە تایبەتی گەلی کورددا کردو لە ناساندنی دۆکتور محەمەد راوەندیدا گوتی کە بەڕێزیان خەڵکی شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو لە ژێر فشاری هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمدا بە ناچار شارو وڵاتی خۆی بە جێ هێشتوەو ڕووی لە باشووری کوردستان کردوە.

دوکتۆر محەمەد راوەندی لە بەشی یەکەمی سمینارەکەیدا وێڕای دەربڕینی ڕێزو پێزانینی خۆی بۆ مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدارو ئەدیبی پایەبەرزی گەلی کورد، ناوبراوی وەک مامۆستا بۆ خۆیو هەموو گەلی کورد ناوبرد. دوکتۆر راوەندی لە بەشی یەکەمی باسەکەیدا گرینگیو رولّی ئەدەبیاتی لە شۆڕشی نەتەوەی کورددا هەڵسەنگاندو گوتی ئەگەرچی بزووتنەوەی سیاسیی کورد کەمتر لە دو سەدەیە دەستی پێکردوە، بەڵام ئەم شۆڕشە درێژەی شۆڕشێک بوو کە شاعیرانو نووسەرانی کورد وەک نالیو ئەحمەدی خانی دەستیان پێکردو ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەو شۆڕشەو ئەو وڵاتە کە ئێستا دەیبینین.

دوکتۆر راوەندی لە درێژەدا گوتی گەلی کورد لەم سەردەمەدا بوونی نەتەوەیی خۆی ئیسبات کردوەو لەم قۆناغەدا دەبێ لە هەوڵی داهێنانیو دووبارە نووسینەوەی بەرهەمەکان و مێژووی خۆیدا بێ. دوکتۆر محەمەد راوەندی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە خستنە بەرباسی چەمکی پێشمەرگە گوتی نەقشو دەوری پێشمەرگە گەلێ پیرۆزەو دیسانیش ئەم چەمکە هەر درێژەدەری کارو بەرهەمی شاعیرانو نووسەرە گەورەکان بووە. ناوبراو پێی وابوو ئەگەر مێژووی ئەدەبیو ناوی ئەو شاعیر و نووسەرانە بسڕینەوە ناونیشانێکیش بۆ چەمکی پێشمەرگە نامێنێتەوە.

لە درێژەدا کۆرگێڕ بە وردی پرژایە سەر باسی عیرفانو تەسەوف و گوتی پەیامی عیرفان ئەوەیە کە ئینسان بوون لە سەرووی هەموو ئایین، رەگەز، میلییەتو هەموو شتێکەوەیە. کۆرگێڕ لە بەشی ئاخری قسەکانیدا بە ئاماژە بە فەلسەفەی سوقراتو ئەفلاتوون و شیکردنەوەی بیردۆزی ناودارانی فەلسەفە لە پێوەندی لە گەڵ باسەکەیدا و هەروەها چەمکی پێشمەرگە، گوتی پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە وازی لە هەموو هەست و سۆز و داخوازی تاکەکەسی خۆی هێناوەو بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەلەکەی هەوڵ دەدا کە ئەمە لە خۆیدا کارێکی عیرفانییە.

شایانی باسە لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشداربووان بە پێشنیارو تێبینییەکانیان بەشدارییان لە باسەکەدا کرد کە دواتر لەلایەن کۆرگێڕەوە وەڵامی سەرنجو بۆچوونەکان درایەوە.

## ناڕەزایەتیی پارێزەرانی قوربانیانی شیناوێ لەسەر بڕیاری بیمە



حوسێن ئەحمەدی نیاز، یەکێک لە پارێزەرانی قوتابیانی شیناوێ دەڵێ بە هۆی کچ بوونی قوربانیانی ڕووداوەکەی شیناوێ بیمە تەنیا نیوەی دییەکەیان پێ دەدا.

پاش نزیک بە ٢ ساڵ لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی قوتابخانەی کچانەی شیناوێ پیرانشار، کە تێیدا ٢٨ کەس لە کچانی ئەم قوتابخانەیە سووتانو دوو کەسیان بە ناوەکانی سەیران یەگانەو سارینا ڕەسوڵزادە بەهۆی قوڵیی برینەکانیان گیانیان لە دەست دا، ئێستا بیمە ڕایگەیاندوە بەهۆی مێینەبوونی قوربانیانی ئەو ڕووداوە نیوەی پیاوێکیان دییە پێ دەدرێ.

حوسێن ئەحمەدی نیاز، پارێزەری ئەم پەروەندەیە لەگەڵ عوسمان موزەییەن وێڕای ئاماژە بەمەی کە ١٢ کەس لەم کچانە ئێستاشی لەگەڵ بێ چارەسەری پزیشکییان بۆ دەکرێو پێویستییان بە داو دەرمان هەیە، بڕیارە بیمەیان بدرێتێ، بەڵام بیمەی ئێران ڕایگەیاندوە بەهۆی ئەوەی ئەوان کچن، نیوەی پیاوێک دییەیان دەکەوێ.

حوسێن ئەحمەدی نیاز جەختی کردەوە ناوبراو لەگەڵ عوسمان موزەییەن، دوو پارێزەری قوتابیانی شیناوا بەهۆی نیوەبوونی دییەی ئەم قوتابیانە بە شێوەی قانوونی ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕنو داکۆکی لە مافی ئەو کچە سووتاوانە دەکەن.

## بەر لە ماڵاوایی

## به بۆنەی ١٠٠ ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە

### ( ئاماژە بە دوو شەڕو دوو ئاکامی تاڵ بۆ کورد)

بێژان

ڕۆژی ٤ی ئاگۆست ١٠٠ ساڵ بەسەر دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیدا تێپەڕی. لە ٤ی ئاگۆستی ١٩١٤ (١٣ی گەلاوێژ)دا ئەڵمان هێرشی کردە سەر بێلژیک و داگیری کرد. بیانووی شەڕەکە تیرۆری وەلیعەهدی ئوتریش و خێزانی لەلایەن لاوێکی سێربییەوە بوو، بەڵام لە ڕاستیدا هۆیەکەی ململانێی هێزەگەورەکانی ئوڕووپا لەسەر نفووزو قازانجە ئابوورییەکانیان لە نێوان خۆیانو لە سەرانسەری جیهاندا بوو؛ ئوتریش لەسەر ئەم تیرۆرە شەڕی لە دژی سێربستان ڕاگەیاند. ڕووسیەی تەزار کە بە دوای نفووز لە ناوچەی باڵکاندا بوو، پشتیوانیی لە سێربستان کرد. ئەڵمانیش کە لەگەڵ ئوتریش ـ مەجارستان پەیمانیان بەستبوو و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێک هێنابوو، پشتیوانیی لە ئوتریش کرد. لە لایەکی دیکەش ئەڵمان سەبارەت بەوەی کێشەی سنووریی لەگەڵ فەڕانسەدا هەبوو لە دژی فەرانسە شەڕی ڕاگەیاندو بریتانیاش پشتیوانیی لە فەرانسەو ڕووسیە کردو بەرەی هاوپەیمانیان پێک هێنا. بەم جۆرە شەڕێک لە ئوڕووپا لە نێوان بەرەی یەکگرتوو بە ڕێبەرایەتیی ئەڵمان لە لایەک و بەرەی هاوپەیمان پێکهاتوو لە ڕووسیە، فەرانسە بریتانیا لە لایەکی دیکەوە هەڵگیرساو زۆر ناوچەی دیکەی جیهانیشی گرتەوەو ٤ ساڵ درێژەی کێشا. لەم شەڕەدا ئیمپراتۆریی عوسمانی پاڵی وە ئەڵماندا. ژاپۆن، ئیتالیا، پوتۆگال، یوونانو ئەمریکا لەگەڵ بەرەی هاوپەیمان کەوتن. جگە لە زیانە ماڵییەکان، نزیکەی ١٦ میلیۆن ئینسان لەم شەڕەدا کوژران.

لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەبارەت بەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بە کردەوە چووە نێو شەڕەکەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کوردستان هەبوو، چونکە بەشی زۆری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو. لەم شەڕەدا ئیمپڕاتۆریی عوسمانی لێک هەڵوەشا. چەندین وڵات لە ئاکامی ئەم لێکهەڵوەشانەوەیەدا سەبەخۆییان وەرگرت. بەڵام بەرژەوەندیی وڵاتانی بەهێز لە لایەکو نەبوونی وشیاریی سیاسی کورد لە لایەکی دیکەوە دەرفەتێکی مێژوویی کە بۆ کورد هاتە پێش لەدەست چوو. بە هۆی کێشەی فەرانسە و برتیانیا لەسەر بەدەستەوە گرتنی عێراق و لە ئاکامدا زەقبوونەوەی مەسەلەی کورد، لە ساڵی ١٩١٨دا پەیمانی «سیڤەر» لە نێوان وڵاتانی براوەی شەڕدا مۆر کرا کە لە خاڵەکانی ٦٢، ٦٣ و ٦٤دا سەرەڕای هێندێک کەموکووڕیو ناڕوونی، مافی خودموختارییو تەنانەت مافی سەربەخۆییش بۆ کورد پێشبینی کرابوو. پاش ئەوەی دەوڵەتی کۆماریی تورکیە دامەزرا لە ساڵی ١٩٢٣دا پەیمانی لۆزان بەسرا،بەڵام لەو پەیمانەدا باسێک لە کوردو مافەکانی نەکرا.

لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانیدا زۆر وڵات بە سەبەخۆیی گەیشتن، چەند ئیمپراتۆری ڕووخانو ڕێژیمی کۆماریان هاتە جێ. بەڵام بۆ کورد دابەشبوونێکی دووبارەی دوای دابەشبوونی لە نێوان سەفەویو عوسمانی لە ساڵی ١٥١٤دا لێ کەوتەوە. ساڵی ٢٠١٤ی زایینی سەدەمین ساڵی شەڕی شوومی یەکەمی جیهانیو پێنجسەدەمین ساڵی شەڕی شوومی چاڵدێرانە کە هەردووکیان دابەشبوونی کوردستانیان بە دواوە بوو.

لە سیاسەتدا زۆر جار هەوڵ دەدرێ مەحاڵەکان بکرێن بە مومکینو مومکینەکان بکرێن با واقیع، زۆر نەتەوە بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتوون، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد پێچەوانەی ئەمە بووە؛ زۆر دەرفەت لەدەست چوونو تا سنووری مەحاڵ رویشتوون. کورد ئەو هێزەی نەبوو لەبەرامبەر دەوڵەتی سەفەوی دا ڕاوەستێو مافی خۆی بەدەست بێنێ، لە بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانییشدا هەر بەم جۆرە بوو، بەڵام شەڕی ئەم دووانە ئەو ئیمکانەی بە کورد دابوو کەڵکی لێوەرگرێو سەربەخۆ بێ. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییش لانی کەم لە کوردستانی بندەستی عوسمانیدا ئەو دەفەتە هەڵکەوتەوە، بەڵام لەدەست چوو.

گیروگرفتی سەرەکیی ئیمپراتۆری عوسمانی لە شەڕی یەکەمدا، ئەوە بوو کە سنووری ئەم ئیمپراتۆرییە نەتەوەو ئایینی جۆراوجۆری دەگرتەوە، لە جیاتی بەشدارکردنو وەسەریەکخستنی هێزو توانای هەموویان بۆ بە هێزبوونی ئیمپراتۆری، ئەمانە لە مافو دەسەڵات بێبەش کرابوونو خرابوونە پەراوێزەوەو لە ڕاستیدا وەک بێگانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا. کاتێک ئیپمراتۆری کەوتە شەڕو مەترسییەوە، ئەمانە نەک هەر بەشێک لە هێزی ئیمپراتۆری نەبوون تا بەرگریی لێ بکەن، بەڵکوو کاتێک هەستیان بە لاوازیی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ئیمپراتۆری کرد، کەوتنە فکری خۆ دەرباز کردن.

ئەم ئەزموونە زۆر جار لە مێژوودا دیتراوەو دوای لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانییش ڕووی داوەتەوە. کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان لە ئێران دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەمانە دەرسن بۆ داهاتووش؛ لە داهاتوودا هەر کات حکوومەتی ناوەندی بە هەر هۆیەک کەوتە بەر مەترسییەوە کورد نەک هەر دیفاعی لێناکا، بەڵکوو یارمەتی بە ڕووخانو نەمانیشی دەکا. چونکە جگە لە سەرکوتو بێبەشی هیچی دیکەی لەم دەسەڵاتە نەدیوە و هەقیەتی بە دوای سیستمێکی سیاسیدا بگەڕێ کە مافەکانی تێدا دەستەبەر بن، یان بە دوای چارەنووسی خۆی دا بگەڕێ بۆ ئەوەی ژێرچۆکو بندەست نەبێتەوە.

لە کاتێکدا کە باس لە ١٠٠ ساڵەی شەڕی یەکەمی جیهانی و ئاکامەکانی دەکەین و ٥٠٠ەمین ساڵی دابەشبوونی کوردستانە، ئایا بارودۆخی سووریەو عێڕاقو ئەو کرانەوەیەی لە تورکیە بە ڕووی کوردوە هەیە، بڵێی دەرفەتێکی دیکەیان خستبێتەوە پێش کورد لەم سێ پارچەیەی کوردستاندا؟